


# ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

**سەرنووسەر:** ک. د. ئازاد

**کاناڵی تێلگرامی:** @Le_Daweni_Arbebawe

**جۆزەردانی ٢٧٢١**

| ناو: نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هەنەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بانە.ک.د.ئازاد | کام ژین؛ شاعیری هەست ناسکی گەلی هەژار و چینی چەوساوە | ٢ |
| کرماشان. تاهیر وەیسی (کۆچەر) | عەلی ئەشرەف دەرویشیان قەڵەمە ئازاگەی تاق وەسان | ٣ |
| دیواندەرە. سورەییا ڕەحیمی ـ سەقز. پشکۆیاسینی | شێعر | ٧ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان | مامۆستا ئەحمەدی قازی ؛ وێژەر و وەرگێڕی بلیمەت، ڕووناکبیر و | ٨ |
| سنە. ئیرەج عیبادی ـ بۆکان. ئاسۆ ـ مەریوان. بەیان حسەینی | شێعر | ١٠ |
| ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی) | شێعر | ١١ |
| سەردەشت. حەسەن ڕەوش( پارێزەر)ـ سنە. نەسرین کەریمی | وتارێک لەسەر گلکۆی شێخ ئەحمەدی کۆر | ١٢ |
| غەفور کەسنەزانی، ژاکاو | شێعر | ١۴ |
| بانە. قادر خدر زادە | یادی مامۆستا هێمن ـ نۆکەری ترخێنە | ١۵ |
| سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور | ئەفسانە ( Fable) | ١۶ |
| مەهاباد.کەسەر پیرزادە ـ ئارمردە. ڕامین فەرەجی . پەرۆش مەریوان | شێعر | ١٨ |
| جوانرۆ. ڕووناک سەمەدیـ سەقز.فەرانەک کەریم ئابادی ـ سەقز. فەریدەکاکی | شێعر | ١٩ |
| هەولێر. سەعدوڵلا نووری ـ مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی | شێعر | ٢٠ |
| مەهاباد. سمایل شاهۆیی ـ مەریوان. عوسمان شێرزاد ـ مەریوان . ڕانا | شێعر | ٢١ |
| سەردەشت.خەمبار ـ بۆکان. ڕێ زان | شێعر | ٢٢ |
| ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی ـ سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور | شێعر | ٢٣ |
| سنە. پژمان حەبیبی | ڕۆژی سنە | ٢۴ |
| سەقز. میکائیل حەسەنی . سنە. سەباح شیانی . بانە. ڕەشپۆش | شێعر | ٢۵ |
| جەعفەرمەعرووف سەردەشت. مەتین ـ سەقز. میلاد خرمتایی | شێعر | ٢۶ |
| سەردەشت. م. عەلیزادە. هێرش ـ بانە. غەفوور ساڵحی | شێعر | ٢٧ |
| سنە، نەسرین کەریمی | مەهارەتی ( کارامەیی) ژیان | ٢٨ |
| ئەمین گەردیگلانی | تەرجەمەی پەریی نێو ئاوێنەکە ـ جەماڵ میرسادقی | ٣٠ |
| موحیب مەهابادی ـ هیدایەت ئازەری (خەمبار) | شێعر | ٣٣ |
| سنە. پ.ڕ.سایدا | خەونەکانی ڕابردوو | ٣۴ |
| گلاوێژ بیگ نیا"خاتوونی خۆرـ مریەم یەتیمی | شێعر | ٣۶ |
| لەیلاخ . فەردین حوسێن پەناهی زوێرـ سۆهراب مورادنیا سیاوکام | شێعر | ٣٧ |
| بۆکان.عەنبار. نامۆعەنبار | نامەی گورگی برسی بۆ بەرانی قەڵەو | ٣٨ |
| هادی خودایی . بۆکان | شێعری پیرەهەڵۆ | ۴٠ |
| بانە. سەهەند حەسەن پوور (ئاڤان) ـ پەروین نازری ، بۆکان | شێعر | ۴١ |
| بۆکان. برایانی قورەیشی" سەید محەممەد ئەمین و سەید یاسین " | کاریکاتۆر | ۴٢ |
| بروجرد. سەعید فەلاحی (زانا کوردستانی)ـ مەریوان. جەماڵ مەریوانی | شێعر | ۴٣ |
| بانە.ئاودێر ـ بانە،ک.د.ئازاد | شێعر | ۴۴ |
| ڕوانسەر. محێدین ئەمجەدی ـ ڕوانسەر. ئەسعەد زۆهرابی | شێعر منداڵان . شێعر | ۴۵ |
| دێهلۆڕان. زەینەبێ فەرزی ـ بانە.شەیدا ئەحمەدی | شێعر گویش کورمانجی پلە ی ـ شێعر | ۴۶ |
| بانە. پەری خدری ـ بانە. کەوسەر خودا پەرەست | تەرجەمەی شێعری پابلو نرودا ـ شێعر | ۴٧ |
| مەریوان. خاڵۆ ڕەووف | کۆڕی پەیڤکاتۆر و ...,پەیڤکاتۆر | ۴٨ |
| مەریوان. سەرکەوت کۆنەپۆشی ـ مەریوان. پەرۆش مەریوان | پەیڤکاتۆر. بەرهەمی قەڵەمەکانی مەریوان | ۴٩ |
| مەریوان. هەوار هووشارـ مەریوان. محەمەد محەمەد خەیاڵ | پەیڤکاتۆر. بەرهەمی قەڵەمەکانی مەریوان | ۵٠ |
| مەریوان. ئازاد بادڕووزە . مادێح کۆنەپۆشی . لوقمان پووررۆستەمی | پەیڤکاتۆر. بەرهەمی قەڵەمەکانی مەریوان | ۵١ |
| مەریوان. بەیان دانیکەشی ـ روانسر. ئیبراهیم فەرەجی | پەیڤکاتۆر. بەرهەمی قەڵەمەکانی مەریوان ـ شێعر | ۵٢ |
| مەریوان. عەباس ئەحمەدی | کاریکاتۆریست و کارتونیستی مەریوانی | ۵٣ |
| دێهلۆڕان. نامدار جابری | شێعر | ۵۴ |
| بانە. باوکی نیشتمان | شێعری منداڵان | ۵۵ |
| بۆکان .مەولوود خوانچەزەرد ـ هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | شێعر ، شێعری منداڵان | ۵۶ |
| بانە. ک.د.ئازاد | چیرۆکی شنـــە | ۵٧ |
| بانە. ئاودێر | کامژین: ژیانی شاعیری و کۆچی ناوەختی | ۶٢ |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

# کام ژین، شاعیری هەست ناسکی گەلی هەژار و چینی چەوساوە



خوالێخۆشبوو ئیسماعیل کەریمی" کام ژین"

بانە. ک.د.ئازاد

کام ژین پیچەوانەی ناوەکەی کام یان تام وچێژی لە ژیان نەکرد.
ڕۆژگاری پڕ لە کێشە و چەرمەسەری ڕابوارد و لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانیشی دا بە کامی ژیانی نەگەیشت!

کاتێ بۆ یەکەم جار هات بۆ کۆڕەکانی ئەنجومەن، زاماری دەستی ڕۆژگار بوو. ورد و خاش بە تانەی کەسانی بە ناو شاعیر و خۆ بە زل زان، کە شێعرو ئەدەبیاتیان پاوانێکی دەستی خۆیان وچەند کەسی بێ خەم و بێ دەرد دەزانی و بڕوایان وابوو؛ دەستەنگ و هەژاران بۆیان نییە لێی بدوێن. بۆیان نییە و نابێ ئەو هەستەیان ببێ و پێ بخەنە ئەو بەستێنە!

زۆر کەس، بە ناو شاعیر و ئەدیب، کام ژینیان، لە بەر ژیانی کولەمەرگی کە بووی، دابوو بەر پلاری تەوس و توانج.

بەلام لە کۆڕەکانی ئەنجومەن ئەدەبیی بانە دا، کام ژین، بووژایەوە و بڕوا بەخۆیی تێیدا گەشەی ستاند.

لە ئەنجومەن دا هەر لە بەرپرسی ئەنجومەن تا شاعیرانی لاو ڕێزیان بۆ دادەنا و بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ خوێندنەوەی شێعرەکانی ڕادەداشت!

کام ژین لە خوێندنەوەی شێعر دا زۆر شارەزا بوو و دەنگی لە گەڵ زیل و بەمی وشەکان دا سمفۆنیایەکی تایبەت بە خۆی هەبوو. هەر ئەوەش بەردەنگی زۆری بۆ دروست کردبوو.

زۆر جار کە لە گۆڤاری "لە داوێنی ئاربەباوە" شێعری چاپ دەبوو، هەوەڵ کەس بوو کە لەو پەڕی خۆشحاڵیەوە تەلەفوونی دەکرد و دەست خۆشی لێ دەکردین.

لە شەوە شێعرەکان دا و لە کۆڕەکانی ئەنجومەن دا ئەو هەل و مەرجەی بۆ ڕەخسابوو تا خۆی دەرخات و بە شێعرەکانی کۆڕەکە گەرمتر کات.

لە لای ئێمە، ئارام دەبۆوە و زۆر جاران دەیوت: ئەگەر ئێوە نەبان من شێعرم وەلا دەنا و ....

دڵ دانەوە و بەرز نرخاندنی شێعرەکانی لە لایەن شاعیرانی ئەنجومەنی ئەدەبی، ورە و ئاستی شێعر وتن و بڕوا بەخۆیی کام ژینی تا ڕادەیەکی زۆر بەرز کربوو.

کام ژین فێری کردین:

- قەدری یەکتر زیاتر بزانین و ڕێزی هەموو ئەوانە بگرین کە بە خەمی ئەدەبی نیشتمانەوەن
- فێری کردین ژیان ئەو نرخ و بایەخەی نییە کە دڵی دۆستانمان بڕەنجێنین
- فێری کردین مەرگ زۆر ئاسانتر لەوەیە کە عومرێکە لێی ترساوین

کام ژین بیری لە پاشەڕۆژێکی گەشتر دەکردەوە بەلام لە بەر بێ دەسەڵاتی زۆر جار بە مەحاڵی دەزانی.
ئەوەندە ناوچاوانی ڕژد و خاپینۆک و تاڵی ژیانی دیبوو کە باوەڕی بە دواڕۆژی خۆش لە دەست دابوو!
بەو حاڵەش بە خەمی ئەدەبی گەلەکەیەوە بوو و لە پێناوی نیشتمان و ئەدەبی گەل و هۆزی قەڵەمی کارا دابوو دەڵێی مامۆستا هە ژار، لە هەموومان زیاتر ژیانی لە چەشنی ژیانی کام ژینی بە سەر هاتبوو کە فەرمووی:

چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی
نەزان پەرەستی بۆ نان کوشتمی
هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە
ئەی مردن لە کوێی؟ ژیان کوشتمی


لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە، بە ڕەحمەت و گەورەیی خۆی، ڕووحی بەرزی بە بەهەشتی بەرین شاد کات. گەر لەم دونیا چارەنووسی نائارامی و چەوسانەوە بوو، لەو دونیا، ئاسوودەیی و حەسانەوەی بە نەسیب بێت.

"ئامین یا ڕەببەلعالەمین"



## " عەلی ئەشرەف دەرویشیان " قەڵەمە ئازاگەی تاق وەسان


کرماشان. تاهیر وەیسی (کۆچەر)



ناوی عەلی بیە و ناسنامەی دەرویشیان ـ چیرۆک نووس و ڕۆمان نووس وچالاک ئەدەبی کە وەڕووژی٣ی مانگی گەلاویژ ساڵ١٣٢٠ هەتاوی وە گەڕەک ئابشوران شار کرماشان وە داڵگ پەیدا بوە.وە داخ گرانیگەوە عەلی ئەشرەف وە ماڵە هەژار هاتیە سەر دنیا وهەروە دوانزە ساڵان و تەمەن مێرمنداڵی مەجبوربیە بچوودە کرێکاری ونەهامەتی ڕۆژگار بکێشیدە وکووڵ ئەوە تۆنست وەگەرد هەژاری وچەرمەسەری ڕۆژگار بسازێ وبچودە مەکتەب و خوەنین سەرەتایی دەس پێ بکەی. عەلی ئەشرەف تۆنست پۆل ناوەندی و کۆتایی تا پلەی دوازدە وە مەدرەسەیل کرماشان بخوەنیدن و دوای ئەوە بچودە زانستگا و وەساڵ ١٣٣٧ هەتاوی وەشێواز مامۆستایگ وەدەوەر کرماشان و گێلان غەڕب ئیش مامۆستایی بکەی. ئی چالاک ئەدەبیە وەساڵ ١٣٤٥ هەتاوی دیسان دەس کردەوە خوەنین وە زانستگای تەیران. تاوە بوارکارناسی ئەدەبیات فارسی سەرکەفت وئینجە وەبوار کارناسی پلەبان دەروونناسی تۆنس درێژە وەخوەنین و زانست بیەی . عەلی ئەشرەف وە ساڵ ١٣٥٢ی هەتاوی گەرد شانازدارابیان هاوسەرگیری کردو بنەماڵەی ژیانێگ تازە دارشتن ئی چالاک و زانای ئەدەبیاتە تۆنست وەگەرد جەلاڵ ئاڵ ئەحمەد و سیمین دانشوەر و ئەمیر حوسەین عالەم پوڕ ئاشنا بوودو بزانێ خوەیشی هەست وتوانای نۆسین درێدن. فرە نەورد تا عەلی ئەشرەف بزانێ لە بوار نۆسین کورتە چیرۆک و ڕۆمان تۆنێ ناوێگ وە ئەدەبیاتی فارسی و کوردی ئەڕا خوەی دەس پا بکەی فرەێگ وە چیرۆکەگان ک عەلی ئەشرەف نۆساس باس ژیان لادیی و هەژاری و نەهامەتی مەردمێگ بی کە خوەی وەناویان زنەی کردو وە ڕۆژ مانگ و ساڵەیلێ کە وە ناو ئەو مەردەمە ئیش مامۆستایی کردیا و قوتابیەیل پاپەتی وهەژاردۆنیاـ هەئی شتەیلە بی ک بینە هیما وئلهام نۆسین وداڕشتن چیرۆک و ڕۆمان دەرویسیان یەکم چیرۆک خوەی وەناو زندان دێزڵ ئاوای کرماشان نۆسا هەڵبەت ئەو چیرۆکە نەچیە ژێر چاپ وتۆنست بڵاوی بکەیدەو ئاماژە کردن وە قوتابیەیل و هەژاری و چەرمەسەری کە مەردم کرماشان و گوندوشاوچگەیل دەرەی تۆشی هاتۆک یەکێ وە گرینگترین بیرو باوەڕەگان دەرویشیان بیەک وە ناو کتاوەگانی وەفراوانیەوە هاتیەـ ئەۆ وەساڵەیل وەرجە ئینقلاب تۆنست فرەیگ وەرگێڕان وفەرهەنگ لۆغەت کوردی پێشکەش بکەیە کتاوخانەی کوردی. ئەمما وە ئەوساڵەیلە ک کوردی نۆسانن ئەڕا نۆسەرەیل کێشەو گرفت دروس کردیا نەتۆنست چۆنۆسەرێگ کورد پەرە وکارەگانی بیەی و بێ چار چیەو سەر فارسی نۆسانن و وە فارسی دەس باڵآیگ پەیدا کرد وبیە ئەندام کانون نۆسەرەیل ئێران و بیژەرئی کانونە یەکێ وە دوسەیل دەرویشیان سەمەد بهرەنگی بی کە وەماڵ جەلاڵ ئاڵ ئەحمەد وەگردی ئاشنابی و دۆای مردنی ئەزمی جەزم کرد. تا ڕێی بهرەنگی درێژە بیەی هەروەی بوونەوە وەساڵ پەنجاتاپەنجا وهەفت هەتاوی سێ جار دەس وەسربی وخستنەی زندان ئەوەڵ جار وەکرماشان وەدەسدرێژی کۆمار پەهلەوی حەفت مانگ کەفتە زندان دوای ئازاد بوونی وە زندان کرماشان چیە تەیران و دوو مانگ وە پی نەچی دوو جارە گرتنەی وە خستنەیە زندان ئەمما ئی جارە هەم وە زانستگا و هەم مامۆسایی قوتابخانە خستنەی وەقەدەغەی کردن وە نۆسانئیش وەداخ گرانێگەو دوای ئی گشتە بەدبەختی ودەروەدەری و زندنانە ئەرا سێیم جار وەساڵ ١٣٥٣ هەتاوی حوکم پازدە ساڵ زندان سەپاننە سەری وە ئی ساڵ سیە تا ١٣٥٧ ک ئنقلاب کریا قوزندان بی دۆوای ئینقلابیش ک تەوژم کۆمار ئسلامی وسانسورو ئازاروئەزیەتیان ئەڕا نۆسەرەیل دی دوارە دەس کردە ڕەخنە گرتن ووسان لەوەرانوەرئی تەوژمە وەساڵ ١٣٩٠ کتاوەیل دەرویشیان وە نمایشگای بەینل مللەلی تەیران جەمەوبی و خوەنینی قەدەغە کریا. وەساڵ ١٣٩٠ وە ئیلا دەرویشیان چاپ وبڵاو کردن بەرهەمەگانی بردە دەروەی وڵات وهەندەران تا ڕاحەتتر بتوەنی وە چالاکیەگانی درێژە بیەی.

❖ **شانازدارابیان هاوژین نەمر عەلی ئەشرەف دەرویشیان ئۆشێ**


مامۆستا عەلی ئەشرەف دەرویشیان خاڵۆزای من بوە . من هەوە چواردە ساڵانە وئەو کاتەی کە هۆچ باسی وە دڵداری و خوەشەویستی بەین من وعەلی ئەشرەف نەۆ وەجەریان زندنی بۆنی وکێشە وگرفتەگانی بیم. من ساڵ ١٣٥٢





هەتاوی بیمە هاوژین ماموستا وحەفت مانگ دوای زەماوەنمان ماموستا ئەڕاسیێەم جار کەفتە زندان و حوکم  پانزە ساڵ ئەڕای برین ئەو ساڵەیلە ئەڕا ئیمە فرە سەخت وسەرچی ساڵەیلێگ سیە وە ڕێ زندان ماڵ باوگم عەلی




ئەشرف فرە وەی بابتە نارەحەت بۆ هاهۆرم چەن جارقەپێم وەت: شانازم زنەی تونیش خراوکردمە ومەدۆنت بیمەبچو من بیلە جێ و ژیان تازەی ئەڕا خوە دبنەیەک زانستیام چەنی نارەحەتە وئەڕای سەختە کە تازە عەروسێ وڵ کردیەو وەزندان بێ دەسەڵات گرفتار بۆە ساڵ پەنجا وددوک ماموستا ئەڕا سێیەم جار کەفتە زندان ئیمە تا مدت فرەیگ وەلێ بێ خەوەر بۆمن تاعاقبەت خەوەردار بۆمن ها زندان ئوین تەیران ئەڕانەوەڵ جار ک چیمە ملاقاتی تۆنستم دەسی بگرم هەڵبەت زندان ئوین چۆ ئەلان نەۆ ها هۆرم چادر فرەیگ هەڵداۆن وناو چادرەگە وەمیلەی ئاسن کردۆنە دو بەش دودانە ئەفسەریش وە پشسەرچاویاریمان کردیان وەختێ ئەڕا جار دۆم چیمە ملاقاتی تارەسیمە لای دەسی هاوردە ئی دیم میلەگان و برێگ کاغەز وە ئەنازەی پاکەت سیگارێگ ناناوەدەسم. من فرە ترسیام وزو وەرجە ئەوەیکە یەساوڵەگان چشتێگ بۆنن کاغزەگان پیجمانمە دەزماڵەگەی نا دەسمو وەزندان هاوردمەی دەیشت وەختێ ڕەسیمە ماڵ وسەیلیان کردم دیم چیرک وەرز نان بیو چیروک ڕەنگینەو هاوڕێ وەگەرد گۆرانییەگان باوگم و ڕۆژنامە دیواریەگەی مەدرەسەی ئێمە قو ناوی بێ.





وشەگان فرە بوچگ نوساو تا کاغزکەمتر بوەی وەماڵ ئامێر چاپ دەسێگ داشتیم هاوردمەیو دەس کردمە تایپ کردن فرەیگ نەورد تایپ]یان کردمو دامەیانە چاپەمەنی شەوگیر.دوای یەی مانگ کتاو کریا ودانەی پێم ڕۆژمالاّقات ڕەسیو چیم ئەڕا زندان چادرەگان جەمەوکردوینوو کردونەی ئوتاق ملاقات ولە جێ میلە شیشە ناونە بەینمان. عەلی ئەشرەف هاتوو هەوە پشت شیشەگە کتاوەگە وەپێ نیشان دام ئەقەرە خوەشاڵ بی ک ئەلانیش ڕوخسار خوەشالیەوە یادم  نەچیە کتاوگەی خوەیو چەن کتاو تریش کە خوەی تواستو ئەڕای بارم دامە دەفتەر زندان تا بیەنەی پێ.




عەلی ئەشرەف دوای ٣ ساڵ و٧ مانگ وەزندان رزگار بی. ئەمما دی نیەتونست بچوە مەدرەسە و  وانە ئەڕا مناڵەیل بۆشێ دی نیەتونست پیشەی ماموستایی دەرێژە بیەی وەناچار کەفتە گوشەی ماڵ ودەس کردە نۆسانن تا ئینقلاّب کریا و دوای ئینقلابیش ئژن ماموستایی نەیانە پێی ودواره بێ مەعاش وبێکار کەفتە و گوشەی ماڵ ڕۆژگار سەختی داشتیم تا ساڵ ٥٨ هەتاوی ئەوەڵ مناڵمان هاتە دنیا .ئەو ساڵەیلە ک سەرهەڵدان کوردستان و شەڕ حزبەیل کوردی دەس وەپێ کردوی





چەن جاریش تومەت هاوکاری وەگەرد حزبەیل کوردی دانە ماموستا وخستنەیە ژێر چاوەدێر. ماموستا وەختێ دونیا نیەتونێ وەدەیشت کارێ بکەیو پلێ دراێ فرە ئەڕای سەخت بی چون مناڵ دوم وسییەممانیش هاتوە دنیا وخەرج وبەرجمان فرەوە بو هەرچەن جار خوەم دڵداری دیام و وەتیام م وە دەیشت کارەکەم وەتونیش وەماڵ بنوسە ئەو وەختە خوەم ماموستای قوتابخانە بیمو وە دەوڵەت مانگانە مەعاش




گردیام هەرۆژک وە مەدرەسە هاتیامە و ئەڕا ماڵ  ئەوەڵ پێش هاتەگان ئەو رووژە ئەڕای ماموستا تاریف کردیام جوورێگ وەتیا ئنگار خوەم هامە ناو مەدرەسە و قوتابیەیل  وەختێ ئی پێش هاتەیلە ئەڕام تاریف کەی ئەگە تماشای کتاوەگانی بکەین فرەیگ وە چیرەگەکان ماموستا هەر وەو پێش هاتەیل ڕۆژانە ک م تاریفیان کردیام ئلهام گردیە ونۆساسەیان.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە




من وعەلی ئەشرەف چل وس ساڵ گەردیەک زنەی کردیم ئەو پیا هوچ وەخت وە ئەنقەس کارێ نەکرد ک من بتوویەم یا ناڕەحەت بووم ئەو قەره خوەش ڕەفتار ومهرەبان بی ک ئی ئەخلاقیه وە ناو خزم وبێگانه مەسەڵ بی. نەتەنیا وەگەرد من ومناڵەگان وەگەرد کەسانێگیش ک هاتیان ئەڕا لای و نوسینێگ هاوردیان ک ماموستا بیروڕایخوەی وەسەری بیەی خوەش  وڕەفیقانه بی وەسبرو




حەوسەڵه جواو گشت دیادەو  هەمیشه ڕوخساری گەشاوەو بزەیگ وەبان لێوی بی وەداخەوه ک ئه دەساڵ ئاخر عومریه وە ناساقی قناخوشی تێپەڕبی هەرچەن نەخۆشینیش نەتونست ئەو ڕو خوەشی و قسه خوەشیه وە ماموستا جیاوەکەی ڕاسه من وە پەرەستاری  کردن وکارناوماڵ تەنیا بیم و ئەڕام سەخت بی وەلی مردن عەلی ئەشرەف فرەی فراوانێگ ئەڕام سەختربی بریا بمەنیادو وە دڵ و گیان پەرەستاری بکردیام ئەمما ئەجەڵ وەپێ موڵەت نەیاو وە چوار خەزەڵوەر ساڵ نەوەدوشەش هەتاوی ڕۆح پاکی تەسلیم حەق کردوو چیه ماڵ هەرمان خوەی. ڕوحی شاد وبەهەشت بەرین میلکانی بوو.

❖ کتاو ناسیو چالاکیەگان عەلی ئەشرەف دەرویشیان

ڕۆمان

ساڵەیل هەوری وتاق زندان تەماشا

کۆمەڵه چیروک

ڕوژ ئەوەڵ زنەوبین وەنیاشتن تا داشتن شەوگیر هەرمان ئابشوران یارمەممەد




کاروان زمختی شەو دووگیانه هاو دەنگ گورانییەگان باوگم  وەرز نان چیروکەیل داخ


وەرگێڕ:

کورته چیروکەیل نوسەرەیل کوردهاوچەرخ ـ  تەیران ١٣٨٤

ئەدەبیات مناڵان ومێرمنداڵان

ڕۆژنامه دیواریەگەی مەدرەسەی ئێمه ـ  شەوگیر ، تەیران١٣٥٧

کەی تیەیدەو کاکه گیان ـ  کرماشان ١٣٥٧




ئاگروەکتاوخانەی مناڵەیل ـ  تەیران١٣٥٧

گوڵ تڵاو کڵاش قرمزـ تەیران ١٣٥٧


هەرو سیەی هەزارچەو ـ  تەیران١٣٥٧

ڕنگینەـ چیروک ئەڕامناڵەیل ـ  تەیران١٣٥٣

کتاومناڵو مێرمنداڵان ـ تەیران ١٣٥٩

بەرهەمەیل ترەگ

کتاو بیستون ـ تەیران١٣٥٧




چۆبی و ئەڕاچەـ  وتار و ڕەخنه و وتووێژـ  تەیران ١٣٨١

چۆبی و ئەڕاچەـ  وتار و ڕەخنه و وتووێژـ  تەیران ١٣٨٨

چیروکەیل خوەشەویست م ـ تەیران ١٣٨٠


دانەوپەیمانەـ تەیران ١٣٩٠

فەرهەنگ ئەفسانەیل ئیرانی ـ تەیران ١٣٧٧


فەرهەنگ ئەفسانەیل  مەردم ئێران ـ  تەیران١٣٧٨

بیرەوەریەگان سەفەرخان ـ  وتووێژ ئەلی ئەشرەف دەرویشیان وەگەرد سەفەر قەهرەمانیان زندانی وەناو زندانەیل شای پاڵەوی ـ  تەیران،١٣٧٨، چاپ هەفتم،١٣٩٠

ئەفسانه ومەتەڵەیل کوردی





نمایش وبازەیل ڕەسەنی ئیرانی ـ تەیران ١٣٨٦
شەڕ وە ڕوانگەی منالاًـ چیروک ـ شێعرـ کوکردنەوە ـ ڕەخنەوچاوەدێری ـ تەیران ١٣٩۴
فەرهەنگ کوردی کرماشانی ـ کوردی وەفارسی ـ تەیران، ١٣٧۵
فەرهەنگ کوردی کرماشانی ـ کوردی وەفارسی ـ تەیران، ١٣٨٢
کومەڵە وتارـ تەیران، ١٣۵٧
سەمەد هەرمانەوبی ـ تەیران،١٣۵٢
سەمەد هەرمانەوبی ـ تەیران،١٣۵۶
یادێگ وە سەمەد بهڕەنگی ـ تەیران، ١٣٧٩
یادێگ وە سەمەد بهڕەنگی ـ تەیران، ١٣٩۵
بەرهەم ک چاپ نەونە
عەقیدە و ڕەسمەیل مەردم کرماشان هەمیشە دالگ(ڕومان)




❖ خەڵات وشانازیەگان ماموستا

کتاو وەرز نان وە ساڵ ١٣۵٧ هەتاوی وهاوچەرخ وەگەرد سەر هەڵدان مەردم ئێران وەرانوەرشای پاڵەوی وەزندان و ژێر تەوژم یەساوڵەیلئوین نوسریا.
هەوەی بوونەبە دیاری کتاو هەڵبژاردەی منالاًن ئیران دانە پێ.
هوە ناو ساڵەیلە دیاری ئەدەبی هوشەنگ گوڵشیری وە دەهەمین ساڵەوگەڕ خوەی پێشکەش ماموستا دەرویشیان کرد ئەڕای چالاکی و قەڵەم خاوێنینگ ک ماموستا داشتو خوەی ئالودەی چڵکاوخوەری دەسەڵات ئەو سەردەنە نەکرد.
وەساڵ ١٣٨۶ هەتاوی وە هەشتمین ساڵەوگەڕی دیاری ئەدەبی مێهرەگان ئی دیاری تایبەتە ئەڕا یەی عومر نوسانن . بێ حەسانەوەی پێشکەش ماموستا کریا.




شوڕای چاوەدێر ماف مرۆڤ وە ساڵ ٢٠٠٧ زایینی ماموستا عەلی ئەشرەف دەرویشیان وە ناو هەفت نوسەر ئیرانی دیارەد کرد ک دیاری ماف مرۆڤ هلمەن پێشکەشیان کەدن. ئی دیاریە دەنە نوسەرەیل ک وە ژێر تەوژم وئازار وئەزیەت دەسەڵات وکاروەدەسەیل حکومەتیان بینە.
دیسان وە هەفتمین جەسنوارەی فەرهەنگی باشوور کوردستانیش وە سەرماوەز ١٣٩٢ هەتاوی دیاری یەکەم خوەی وەناو دیاری هەردی پێشکەش ماموستا کردن.

## گوڵم



دیواندەرە. سورەییا ڕەحیمی

داری جوانیم بێ‌لق وپۆ دوور لە تۆ ژاکا گوڵم
دڵ کە بەرگەی ژان و ئۆفی ئەم خەمە ناکا گوڵم

کپ کراوە پەنجەرەی هەورم لە هەر چوار لاکەوە
نەختێ باران کوا ببارێ ئەو دڵەم تەڕ کا گوڵم!؟

خەم دەکێڵێ دێوی حاکم ڕۆژ و شەو شێواوە لێم
بۆیە ژینم بۆسەیە و ژان تاکوو چاو کار کا گوڵم

دار نەمامی شێعرەکانم بل مەلانی دوورەلان
با بژاکێ و هەر وشک بێ سەر لە نێو خاکا گوڵم

وا خەزاڵێ دوور لە لاسم هەڵبڕاوم گیانەکەم
بۆ دەبێ هەڵکەم بەتەنیا تا تەمەن ڕاکا گوڵم؟؟

ئای لە بەختم چەن سیایە و چەشنی داری بێ‌بەرم
دڵ وەکوو هەورێ نەزۆکە کەی دەبێ داکا گوڵم

من تەواری نیشتمانم ژینی بێ ئۆقرەم لە بۆ؟
بێ ببینە تیری عەشقت چۆن دڵی پێکا گوڵم

دیلی زریانی خەفەت بوو دوور لە تۆ بێستانی دڵ
بای شەماڵی پڕ لە موژدە خۆزگە بێ هەڵکا گوڵم

هێندە مەستی ئەم هەوارەم خۆر لە ئاسۆم دەرکەوێ
دەنگی فەرهادی ئەوینم هاتە گوێ هاکا گوڵم

## هێشووە ئەستێرە



سەقز. پشکۆیاسینی

خۆرەتاو فێرە هەور هەر بەری چاوانی گرێ
نییە بڕوایی بە خۆی، بۆیە گزینگی دەمرێ

دیوتە بی چۆن سەری شۆرە بە خەمی خیزەڵ و خاک
هاکە بۆ ژانی خەڵک بێت و زمانێ بگرێ

نارەوێ تازە لە دڵ ئەم خەمە کۆنەی گەلەکەم
فێری سەرکۆنەیە گوڵ بۆیە کە بەرگە دەگرێ

چەندە ئاوێنەیی چەم ڕۆندکی زێڕینی وەری
کوا کە ئاسمانی نیگا هێشووە ئەستێرە گرێ

قاقڕستانە وڵات ئاگری دۆزەخ دەگرێ
لە تریێ چاویڕەشا ئێستە دەبا دڵ، لەترێ

هێند لە خۆباییە با، وەرزی خەزانی تەمەنی
نایەڵێ لاپەڕی باشە، چی لە دەست بێ و بکرێ

گوڵ پتر حەزیە لە بیستن شنەبای ڕازی ئەوین
کەچی پیخۆشە کە بولبول لە ڕکەی خەم بخرێ

سوورە پشکۆژی ئەوین، بێ بە فیدای عەهد و وەفا
پەڕپەڕۆک خۆشە لە ڕێی ژوانگەیی شەمدا بمرێ

## " مامۆستا ئەحمەدی قازی" ویژەر و وەرگێڕی بلیمەت، ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوانی پێشەنگ

مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، زمانناس و توێژەر

مامۆستا ئەحمەدی قازی لەو کەسایەتییە فرەڕەهەند و و فرەدەنگ و فرەتوێژانەی گۆڕەپانی ئەدەب و کەلتووری کوردەوارییە کە لە لایەک وێژەر و وێژاوەر و وتاردەرەێکی کەمهاوتایە و لە لایەکی ترەوە چالاکوانێکی هەڵسووڕاو و پێشەنگی گۆڕەپانی ڕۆژنامەوانیی کوردییە و لە لایەکی ترەوە چالاکوانێکی چاکخوازی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە و هەروەها لە لایەکی تریشەوە بەرگریکار و داکۆکیکەرێکی بێهاوتای مافی ڕەوای فێرکاری بە زمانی زگماکییە و جیا لە هەمووی ئەوانە زمانزان و زمانناسێکی پەیجۆر و مشوورخۆری نۆژەنکردنەوە و دارشتنەوە و بیناکردنەوەی سەردەمیانەی"خانوولەی



کۆنگرەی "فرزانگان کرد"، سنە ، ڕەزبەری ١٣٧٥
لە ڕاستەوە :
١ـ دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان ٢ـ نەمر مامۆستا ئەحمەد قازی٣ـ مامۆستا محەممەد ئەحمەدیان


زمان "وەک هیم و دارەڕا و هێما و هەوێنی شوناسی کەلتووری و نەتەوەییە و سەرەڕای تەواوی ئەوانەش چیرۆکنووس و تەنزنووس و شاعیر و مێژوونووسە و ،لە هەمووانیش بەرچاوتر و دیارتر و بەرهەستتر، وەرگێڕێکی خاوەنشێواز و پەنجەڕەنگین و بلیمەت و پێشرەو و پێشەنگ و داهێنەرە .

هەر بە پێی ئەو فرەرەهەندبوونەیەوە، سروشتییە کە مامۆستا ئەحمەدی قازی سەرەڕای سەرجەم ئەو ناسناوانە بەڕاستی هەڵگر و شیاوی ناسناوی "ڕووناکبیر"یش بێ چون بە پێی پێناسەی "بابەک ئەحمەدی" لە پەڕتووکی"کار روشنفکری"دا سەرەکیترین ئیشی ڕووناکبیر بریتییە لە "بەرفروان کردنەوەی پانتایی و جەغزی ئاسۆی گوتار و دیسکۆڕسی سەرەکیی خۆی و، هەروەها شتەکدان و پێکەوەلکاندنی ئاسۆی گوتارەکان و دیسکۆڕسەکانی تر بە ئاسۆی گوتار و دیسکۆڕسی سەرەکیی خۆی"؛ دەی گەر لەو کلاوڕۆژنەوە سەیری ئیش و چالاکی و بەرهەم و ئاسەواری بەپێزی مامۆستا ئەحمەدی قازی بکەین دەبینین کە ئەو کەسایەتییە پایەبەرزە ئاسۆی گوتار و دیسکۆڕسی سەرەکیی خۆی کە گوتار و دیسکۆرسی " زمانەوانی_ڕیتۆریک" ـە، زۆر وەستایانە و مامۆستایانە، بەرفراوان و بەربڵاوی کردووەتەوە و شەتەکی داوە و لکاندوویەتی بە ئاسۆی گوتار و دیسکۆڕسی "مێژوویی" و، گوتار و دیسکۆڕسی "مافخوازی" و، گوتار و دیسکۆڕسی "چاکخوازیی ڕامیاری_کۆمەڵایەتی" و، تەنانەت شەتەکی داوە و لکاندوویەتی بە گوتار و دیسکۆڕسی"ڕۆژنامەوانی پێشرەو و پێشەنگ"ـەوە . هێما و ڕەمزی هەرمانی و نەمری ئەو کەسایەتییە فرەدەنگ و فرەڕەهەندانەش هەر لەو ڕاستەقینەیە دایە و بەس ؛ ڕووناکبیرانی فرەڕەهەندی گەلویست و شوناسخواز و پێشرەو و پێشەنگ نامرن و زیندوون و ناو و یاد و بیرەوەرییان لە زەین و بیر و بیرگەی بەرەکانی داهاتوو و جەمبوورەی جەماوەردا بە درێژایی مێژوو زیندوو دەمێنێتەوە و تۆزی فەرامۆشییان لێ نانیشێت .

جێی خۆیەتی ئالێرەدا باس لە بیرەوەرییەکی سەرەنجڕاکێش خۆم بکەم لە بابەت بەرزیی پلەی کەسایەتیی مامۆستا ئەحمەد قازی : لە قۆناغی دوکتۆڕای زمانەوانی دا مامۆستایەکی زانا و دڵسۆز و وردبینم هەبوو بە ناوی" پرۆفسۆر محەممەد فەرڕوخپێی" کە قوتابیی چامسکی بوو و لە پەنجاکان دا لە ئامریکا دوکتۆرای زمانەوانی وەرگرتبوو و لە بواری "ئیتیمۆلۆژی" دا مامۆستایەکی کەموێنە بوو ؛ من کە قوتابی ئەو بووم و دیارە بە پرسۆکییەوە ساڵی لەدایکبوون و ساڵی وەرگرتنی لیسانسی زمانی ئینگلیسییەکەیم پرسی و لە وڵام دا گوتی لە دایکبووی ١٣١٥ی هەتاویم و ساڵی ١٣٣٨لیسانسی زمانی ئینگلیسیم لە "دانشسرای عالی " لە تاران وەرگرتووە

. ئینجا وەبیرم هاتەوە کە ڕێک ڕێک ساڵی  لە دایکبوون و ساڵی وەرگرتنی لیسانسی مامۆستا ئەحمەدی قازی ش هەر ئە ڕێکەوتەیە، بۆیە لێم پرسی کە بڵێی جەنابت هاوپۆل و هاوڕێی چاخی خوێندکاریی مامۆستایەکی هاوشاری من نەبووبی بە ناوی مامۆستا ئەحمەد قازی . دیتم بە سەرسوڕمان و گەشە و نەشەیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە گوتی:" ئەحمەدی قازی؟ !بەڕێ وەڵڵا ئەحمەدی قازی هاوپۆل و هاوکلاسیم بووە و لە هەمووی هاوڕشتەیی و هاوپۆلییەکانی ئەوکاتی ئێمە وریاتر و وشیارتر و زیرەکتر بوو و خوێندکاری پلە هەوەڵ و "شاگرد اول"ی پۆلەکەمان بوو، بەڵام ئێمە ترسەنۆک بووین و ئەو چاونەترس بوو و چالاکێکی چاونەترسی خوێندکاری و ڕامیاری بوو و گیرا و کەوتە بەندیخانە و دوای وەدەرنانی لە ئیشی فەرمانبەری، لە "کانون ملی زبان ایران " لە تاران سەرقاڵی وانەوتنەوە بوو و چەندین بەرهەمی بەپێز و بەهێزیشی لە ئەدەبیاتی ئینگلیسییەوە لە کۆتایی سییەکان و چلەکان و پەنجاکان وەرگێرا و لە لایەن پەخشانگە ناودارەکانی ئێران بڵاوبووە و دوایەش ئیدی ئاگاداری هەواڵی نەبووم تا ئێستا کە تۆ باسی ئەوت هێنایە گۆڕێ.ڕاستی چۆنە؟ چ دەکا؟ " منیش کە بە تەواوی هەستەوە گوێبیستی ئەو باس و بیرەوەرییانە بووم و لە ناکاو ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەی مامۆستاکەی ئێستای خۆم و هاوڕێ و هاوکلاسی دێرینی مامۆستا ئەحمەدی قازی بووم گوتم:"بەداخەوە جۆزەدانی ئەوساڵ(١٣٩٤) دڵە گەورەکەی مامۆستا ئەحمەدی قازی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە ژیان و نیشتمان کرد"؛ خوێندکارە هاوپۆلەکانم کە بە منەوە ٨کەس بووین، دوابەدوای هاتنەخواری ئەسرینی بەکوڵ لە گۆنای مامۆستاکەمان بە هۆی ئەو هەواڵەوە، ئێمەش بەکۆمەڵ وەگریان کەوتین و بە تێکڕایی فاتیحایەکمان بۆ ڕۆحی بەرزی ئەو مامۆستا پایەبەرز و نەمرە خوێند . ڕۆحی مامۆستا قازی شاد و ڕێبازی پڕ ڕێبوار بێ .

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## شەهید

بۆکان. ئاسۆ

تۆ گوڵ ئەستێرەی شەوێکی تاروبێ سووی ئەی شەهید
تۆ لەبۆ ڕاوی گزینگێ خێڵی نوورچووی ئەی شەهید
چون لەئەستێرەی گەلاوێژ زۆرترت نوور دا بەشەو
خێڵی شەو قرمژنی لێکردی و شەهید بووی ئەی شەهید
ئەوکەسەی هەڵبێ لەبەر دوژمن شەهید نابێ بەڵێ
هەڵنەهاتی.چونکە ئەستێرەی هەڵاتووی ئەی شەهید
تاقمێ خوێنی شەهیدیان چەشنی پووڵ لا باختەیە
بۆقومارت کرد مەگەر؟ئەڵڵا لە ئەو ڕووی ئەی شەهید
تۆهەمیشە حازری،یانی شەهید قەت نامرێت
خوێنی تۆ هەر قوڵ ئەدا وەک ئاوی ڕندووی ئەی شەهید
ژینی تۆ بەوکورتیەپڕ بوو لەشانازی و شەرەف
گەرچی دوژمن لای وەهابوو ماجەراجووی ئەی شەهید
هێندە بەرتەنگ وبچووک بوو تۆپی ئەم خۆڵەت لەچاو
پشتی پێت لێداوبەجێت هێشتین و دەرچووی ئەی شەهید
کاتێ زانیت ژینی ژێر دەستی چەنێ ڕەنجاوەرە
خۆت ڕەهاکرد،کێ دەڵێ لەم ژینە ماندووی؟ ئەی شەهید
فەرقی بۆئاسۆ نییە نێوت محەممەد یا عەلی
هێندە بەولیباسەوە جوانی کە نووستووی ئەی شەهید




## دژوارییەکانی کات

ئیرەج عیبادی. هاواری گەشی سنە

کات دەنووسم و نایننووسم
تۆ دەنووسم و ناتنووسم
ئەوین دەنووسم و نایننووسم
ڕزگاری دەنووسم ونایتە نووسین
وە هێزی قەڵەم بەرگەی ئەو وشە ی ڕووناکە ناگرێ
شەهید دەنووسم و
هاوار شێعرەکانم پڕ دەکا
ژیان دەنووسم و
خەفەت هەموو ڕستەکانم دەخوێنێ
چیتان کرد
ئەی دژوارییەکانی ڕێگە و خەبات و ئاوات؟
زەمان و زەوین و کۆڵ نەداوەکان
نفرین لە پێناسەی دیوارەکانی ناپیاوان دەکەن
نا
بۆ درۆ و پوختە نەناسان
نا بۆ بێ دەنگی ئاوێنە ...

من ڕێبواری ڕێگای کپ و بێ سەرەنجام،
بێ پەساپۆرت،
بێ هاوسەفەر،
جانتاکەم پڕ لە تەنیایی و
مێشکم پڕە لە ڕابردووی
بێ ناونیشان و دەربەدەر،
هەموو جەستەم لە خەیاڵت هەڵکشاوە،
ئاسۆی چاوت لێڵ و دوورە،
نە پێی ئەگەم،
نە ئەتوانم بێمە دواوە


مەریوان. بەیان حسەینی



# زاڕووکییەم خوازم

ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی)

پێشکش وە زێدەگەم مێهران ئوو ئەو زاڕووەێلە ک جوور خوەم، زاڕوویەێلەیان، دە نامەدسان شەڕێ ک هن برێ لە ئایم گەپەێلەسە نە هن زاڕووەێلە، قوربانی کریا

ئەو دەنگە بێزانم
لەی رەنگە بێزارم
خوەم زاڕووم، هێمان
تا کەی خوەم ئەوشارم؟
. . . . . . .
تەق، تووق، وە ئی دەنگە
شادی لەمان گرتن
رەش، رەش، وە ئی رەنگە
زاڕووکیم کوشتن
. . . . .
بڕ بڕ وە بومب و مین
لەگڵ وە خومپارە
ئەو بڕ کوشریان و
ئی بڕ هەر ئاوارە
. . . . .
باوگم وە بێ نیشان
بێ شوون و نوون و قەور
گوم بی دە نام جەنگ
جوور، خوەر دە پشت ئەور
. . . . . .
وەرد. برێ زاڕوو
مامە، وە شوون جەنگ
میراتییەی، ئاخین
داخینێگە بێ‌دەنگ
....... . .
ئەر جەنگێگە هەمجا
هەر وەی ئەڕا ئیمەس
ئەر سوڵحێگە، هەمجا
هەر خوەێ ئەڕا ئیوەس
. . . . . .
دویکە، وتن : "ئمڕوو"
ئمڕوو، دروو بی، گشت
ئمڕوو وتن: تا "سوو"
"تاسوو" دروو بی، گشت
.........

ئەو جەنگە بێزانم
ئی سوڵحە بێزانم
نامە لە ویرم برد
ئی "دووخە"، خوەم زانم
. . . . . . . .
هەرچەن کە جەنگە خەفت
باوڕ بکەن، هەمجا
ناوماڵی سەرد و سڕ
سەختە وە بێ بابا
. . . . . .
چشت فرەیگە؟! مەر؟!
باوگم لەتان خوازم
خوەی ئەر نەتوانستن
قەورەێ لەتان خوازم
. . . . . . . .
هام وازییەێلەێ خوەم
ماڵەێ خوەمان خوازم
ئەو هاملفەێلە گشت
کووچەی خومان خوازم
. . . . . . . . . .
دارە، هەرەزانە
ساڕووکییەم، خوازم
دڵتەنگ خوەم بیمە
زاڕووکییەم خوازم

اقتباسی آزاد از شعر
*از جنگ بیزارم گولەی خیالی؛
یحیی علوی فرد

*فەرهەنگوک وە کوردی فەیلی ئیلامی:

– زاڕووکی، زاڕووی: کودکی
– دۆ، دی، دوو، دووکەڵ: دود
– ساڕووکی، ساڕووی: سایەسار، سایە
– هام وازی: هم بازی
– هام لف: هم سن و سال
– قەور، گووڕ: قبر
– بێ شوون و نوون: مفقودالاثر
– لەتان، لیتان، دەتان، ژەتان، ئەژەتون: از شما
– هەمجا: باز هم
– ئەر: اگر
– مەر: مگر
– سوو: فردا
– دووخە، دەوخە، بار و دوخ: بحران و گرفتاری
– ئمجا: بعدا، بعد
– تا سوو: تا فردا
– تاسوو: نذر و آرزومندی و گدایی، به شکرانەی برآوردە شدن حاجات
– بڕ: عدە، بعضی
– میراتی: میراث
– دویکە: دیروز
– یەک بڕ، یەی بڕ: عدەای
– هێمان: هنوز
– خوەم ئەوشارم، خوەمەو بشارم، هەشار بکەم: خودم را پنهان بکنم
– شەڕانچی: جنگ افروز، شرخر
– بێزانم: متنفر شدم و رها کردم
– زاڕوو، زاڕووک، مناڵ، منداڵ: کودک
– زاڕووکی، زاڕووی، منداڵی، مناڵی: کودکی
– هەرەزان، تاو، تاوە: تاب

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

# وتارێک لەسەر گڵکۆی شێخ ئەحمەدی کۆر



سەردەشت. حەسەن ڕەوش( پارێزەر)



بەناوی خوای خوڵقێنەر و داهێنەر، خوای ئاسمان و زەوی، خوای مرۆڤ و زیندەوەر، خوای زانا و ئەدیب و وێژەر، خوای هونەر و هۆنەر.
بەشداربوانی کۆڕی سەردانی گڵکۆی زانا و بلیمەتی مەیدانی ئەدەب، شێخ ئەحمەدی کۆر، وێڕای بەخێر هێنانی ئێوەی مامۆستا و هۆگری وێژە و ئەدەب، وتارێکی تایبەت بەو کۆڕە پێشکەش بە ئێوەی هێژا و خۆشەویست دەکەم.



ئازیزانم!
ئەدەبی نووسراوی جیهان لە سەرەتا تا ئێستا و بە هەموو چاخەکانیەوە، بەرهەمی بیر و مێشکی شاعیران و وێژەرانی هەموو نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوییە.
تێکڕای ئەو ئەدەبە نووسراوە لە ئاستێکدا نییە، ئنجا لەڕووی کۆنی و تازەییش وەک یەکتر نین، ئەدەبی هەزار ساڵە بەرەوسەر و ئەدەبی



نووسراوی چەند سەدەییش دیتەبەرچاو، بەڵام ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێ ئەوەیە هەموو گەلان لەو ئەدەبە نووسراوە هاوبەشن، هەرچەند پشکەکانیش وەک یەکتر نین و هێندێک نەتەوە پشکیان زیاترە.
بەڵام ئایا حەماسە خوڵقێنەرانی بواری ئەدەب باری ژیان و گوزەرانیان، کەرەستە و ئامرازی فێربوونیان، قوتابخانە و زانستگە و پشتیوانی حکوومەت و خەڵکیان لە یەک ئاستدا  لە پشت بووە؟
ئایا هەموویان خاوەن خاک و خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆبوون؟
ئایا هەموویان فێرگە و پەراوێ بە زمانی خۆیان هەبووە؟
نا، جیاوازی لە نێوان هەڵکەوتوانی بواری ئەدەب یەکجار زۆر بووە.
زۆربەی ناودارانی ئەدەبی کوردی بەبێ هاوکاری دەسەڵات، بەبێ هاوکاری خەڵک، بەبێ کەرەستە و زانستگە، بەهەژاری، بەنەخۆشی و ناخۆشی، بەشوانکارەیی، بە ئاشەوانی بە مەلایەتی لە گوندی دوور و دوورەشار ژیانیان بەسەر بردووە بەڵام بازی خەیاڵیان لەهەموو کەلێن و قوژبنی ماڵی هەژار و هەموو وتاغی دەسەڵاتدار و پاوانخوازان گەڕاوە و چاک و خراپیان هێناوەتە گۆڕ، ئنجا خەڵکیان کردۆتە سەرپشکی هەڵبژاردنی ڕێگەی بەختەوەری.
 جگە لە وەش دەیان بەرهەمی نووسراویان پێشکەش بە ماڵی ئەدەبی کوردی کردووە، کە سەرچاوەی لەبڕان نەهاتووی ئۆگرانی زمان و وێژەی کوردین.
من لێرە باسی شێعرەکان و هەڵسەنگاندنی دڵنووسەکانی شێخ ئەحمەدی کۆر ناکەم.
بەڵام باری ژیانی شێخ ئەحمەد لەگەڵ شاعیرانی تر زۆر جیاوازە.
تۆ بڵێی شێخ ئەحمەدی کۆر دەرگەی زانستەگەی ئەورووپی و ئەمریکی بەڕوودا کرابێتەوە؟
خۆ ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەو بلیمەتە لە چوارده ساڵی ڕا دونیای جوان و ڕەنگاوڕەنگی لەبەر چاوان ون بووە و تا کۆتای ژیانی وەک کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت ژیاوە.
دە جا ئافراندن و نووسینی بەرهەم بەو حاڵە دەبێ چەندە دژوار بووبێ؟
ئاخۆ وەک ئێستا نەبووە بۆ تاکی حافز  ڕێنووسی (بریل)هەبووبێ.
یان کتێبی دەنگ و کەرەستەی زەبت و بڵاوکردنەوە لە ئارادا بووبێ.
بۆیە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو هەموو پشکانەی کە شێخ ئەحمەدی کۆر لێیان بێبەش بووە و هیچکامیان لەبەردەم پێشکەوتن و فێر بوونی ئەو هۆنەرە پایەبەرزە کاریگەر نەبوون، دەکرێ بڵێین شێخ ئەحمەدی کۆر هەڵکەوتوویەکی دیاری مەیدانی ئەدەبی کوردی بووە.
ڕاستە ئێمە هاتووینە سەرگڵکۆی شێخ ئەحمەدی ناودار، بەڵام کەم نین ئەوانەی دەبێ یادیان زیندوو بکرێتەوە، دڵنووسەکانیان بخرێتە بەرچاوی ئۆگرانی زمان و وێژەی کوردی.

من لێرە تەنها ئاماژە بە چەند زانا و شاعیری شاری سەردەشت دەکەم کە بەو هەموو گەورەییەوە، ناویان لەناو ناوداران کەم دیارە، یان کەمتر باسیان دەکرێ.

١. عەلامەی بێتووشی کە بەپێی پەڕاوی نووسراو ١١٣٠ ی کۆچی مانگی لەدایک بووە و خاوەنی ١٨ شوێنەواری ئەدەبی و زانستییە

٢. مەلا مەحەممەدی سنجوەیی ناسراو بە ئیبنولحاجی سنجوەیی کە مامۆستای عەلامەی بێتووشی بووە.

٣. مەلا یووسفی ئەسەم کە خەڵکی سەردەشت، بە مەلا وسووی دەیناسن.

دلایل المسایل و منقول الاکراد دوو بەرهەمی نووسراوی ئەو زانایەن.

جگە لە وانەش لە تێکڕای شارەکانی کوردستان زانای گەورە و شاعیری لەبیرکراو زۆرن.

هیوادارم مامۆستایان و زانایانی بواری ئەدەب بە لە کەودان و پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و لەڕووی بەڵگە، ئاسەوارە نووسراوەکانیان بخەنە بەرچاوی خەڵک تا یادیان لە یاداندا بمێنێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم من ئەو ئاشقە سەرشێتە نیم ئەشقی یاری خۆم چاوی کوێر کردبم و جگە لە جوانی یاری خۆم، هیچ جوانییەکی تر نەبینم.

ڕێز لە ئەدەبی هەموو گەلێک دەگرم و هەموویان لە جێگەی خۆیان بە بەرز دەنرخێنم.

بەڕێزانم لە مەیدانی ئەدەبدا هیندییەکان شانازی بە تاگۆر دەکەن، ڕووسەکان بە تۆلێستۆی، ئینگلیزییەکان بە شکسپێری، فەڕانسەوییەکان بە ئاناتۆل فرانسی، ئەمریکییەکان بەجان ئیشتاین بەکی و... منیش شانازی بە هێمن، هەژار، بێکەس، نالی و گۆران و دەیانی وەک ئەوانەوە دەکەم، هەروەها لەسەر ئەو گلکۆیەش شانازی بە شێخ ئەحمەدی کۆڕەوە دەکەم.

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ هاتن ئامادەبوونتان، هیوادارم ژیانتان پڕبێت لە خزمەت و ماندوویی نەناسی لە پێناو زمان و وێژەی کوردی.

## نموونەیەک لە شێعری ئەحمەدی کۆڕ: (١٨٥٦ — ١٧٧١)

**ئامادە کردنی: نەسرین کەریمی. سنە**

ئەلا ئەی عاشقی دڵساف، کەلام كَاللُّؤْلُؤ الْمَكْنُون
لە ئەوساف و لە مەدحی یار، بەیان کە شیعری خۆشمەزموون
بەیان کە شیعری پڕلەززەت، لە مەدحی یاری نوورجەبهەت
مەکە تەرک تاکوو ماوی قەت، لە ڕوبعی ساکین و مەسکوون
ئەتۆی شادی دڵی غەمگین، زەوالی عەقڵ و عومر و دین
وەها شۆخ و وەها شیرین، حەبیبی میسلی تۆ کەی بوون
وەکوو تۆ نین و نابن کەس، دڵی مەحرووقی چون قەقنەس
لە ئاهـ و ناڵە ناکەم بەس، غەریقی بەحرم و جەیحوون
غەریقی مەوج و گێژاوم، گرفتارم هەتا ماوم
بە ناری عیشق سووتاوم، دڵ و جان و جگەر پڕخوون
دڵ و جان مایەیی دەردە، بە ئاهـ و ناڵەیی سەردە
وەکوو پەروانە بێپەردە، دەسووتێ شوبهەتی زەیتوون
ڕوویی تۆ ماهی شەوگارە، لەبت لەعلێ شەکەبارە
لە من هێند دوور و بێزارە، میسالی بێکەسی مەتعوون
لەبەر تۆ ساکینی نارم، مەلوول و مات و خەمبارم
بێبار و خویش و غەمخوارم، لە کوللی مەخلووقات بیروون
بە ئاوی دیدەکەم قوڕ بێ، هەتا پڕتابش و گڕ بێ
لە ئاهـ و ناڵە دڵ پڕ بێ، لە دەستم عەیشی دنیا چوون
لە دەست ئەو دڵبەری جانی، بووم یەکجار فەنا و فانی
غەم و ئەندووهـ و هیجرانی، دڵی عاشق دەکا مەحزوون

لە ڕووی تۆ مانگ و ڕۆژ تارن، لەبت لەعلی شەکەربارن
لە من چەند دوور و بێزارن، میسالی ئەحمەدی مەفتوون
میسالی ئەحمەدی دڵبەر، لە شەرق و غەرب و بەحر و بەڕ
تۆ عالەم بووی بە خێر و شەڕ، بە ئەمری قادری بێچوون
ببینم سوورەتی یارێ، کەناری باغ و گوڵزارێ
بەعەینی شوبهی بەهارێ، وەنەوشە و سوێسن و بەیبوون
وەنەوشە و سونبول و وەردن، دەوای چەندین غەم و دەردن
میسالی کەعبە لێم فەردن، تەواف کەم، ئەز بلا عُیُون
ئەلا ئەی شافیعی موزنیب، حەبیبی مەشریق و مەغریب
خەلاسم کەی شەهی یەسریب، لە دەستی ئەژدەری مەلعوون
بەهەشتی حەوت و هەشت ئاگر، قەدیم و قەییوم و قادر
لە ڕووی مەخلووقی کرد زاهیر، بە ئەنجوم زینەتی کردوون
لەقایی خالیقی مەخلووق، لەبۆ عوششاقی دڵمەحرووق
بینای کرد سەدهەزار مەعشووق، لە قەتڵی عاشقان مەئزوون
هەموو قەتتال و عاشقکوش، بە ئەبرۆی قەوسی پرجونبوش
موژەی چون تیری دەرگەردش، بە ڕوخ چون لالەیی هاموون



# قەسیدەیێکی سوواو

غەفور کەسنەزانی، ژاکاو

سینەکەت بەفری کلاوەی (چلچەمە)ی کوردانەیە
کوڵم و لاجانگت لە نرخا زیوەر و دوڕ دانەیە
مەستە چاوی پڕ خومارت نازی عالەم وا لە لای
بۆ هەڵۆی ڕۆحی هەژاریم داوە یاخۆ دانەیە؟
ماوەیێکە دڵ بە تاسەت دێ و دەچێ لەم شارەدا
مەی نیە سەرخۆشی کردووم سەیری ئەو لێوانەیە
حەللە فرمولی چەتوونی جەبر و شیمی و هەندەسە
موشکیلی من تەور و تووزی شاڵی ئەو شێخانەیە
سۆزی نەرمت چەشنی قاسپەی خاسەکەو دێتە نەزەر
ڕەونەقی جوانی سروشت و سێحری ئەو شاخانەیە
زوڵفی خاوت گۆبەرۆکی دا لە بەژنی (شانشین)
وشکەساڵی وا لە بیر برد. کەودەنیش، فەرزانەیە
باغی سینەت سێوی کرچی کردە دیاری شەوچەلەم
لاوی (سەرشیو ) باخەوان بێ ، کوانێ جێگەی تانەیە؟
چڵ دەهاوێ زامی قووڵی  قەڵپەزەی بەفراوی رووی
تۆسن و بەیدەستە کێژی ئەرمەنە و تاقانەیە
ئاگری ئەشقە لە ناخم هەڵبووە هەی بێ خەبەر!
تا نەڵێن پیری موغانی دەرکی تۆ ئەفسانەیە
سێوەرت باڵی هوما بوو سەردەمێ کەوتە سەرم
(کۆشکەلانی) شاری خۆم بوو، چۆنە وا قۆرخانەیە؟
چەندە بێ ڕەحمی سەبارەت بەم گراویلکە عەزیز
هەر نەبوو هەستت ببینرێت لەم دڵە وێرانەیە
ڕەنگی تۆی هەڵگرد لە جوانی نەوبەهاری سەوزەپۆش
هەرچی دێ بۆن و بەرامەی سوێسنە  و ڕێحانەیە
هێندە زەخمارە دەروونم نابێ باشاری بە هیچ
دێتە سەر ڕێچکەی قەسیدە مانگی بێ خەرمانەیە
ئارەزووی گەورە و گرانم بوو بە کۆڵووی نیوە سووت
سەر ئەچێ دڵ هەر وەکوو ئەو، لەش لە ئەو مەیدانەیە
من لە تاریکی شەوانەیش دێم بەرە و هۆبەی ئەوین
شەو کە شانازی دەکات پێی، زەنگی ئەم کاروانەیە
تاق و تەنیا وام لە چۆڵگەی دەشتی کاتۆری خەما
دێ خەیاڵی تۆ بە مێشکا ڕازی ئەو سامانەیە
(نالی) یە باڵی خەیاڵی لێ دەدات بۆ شارەزوور
بۆ منیش روخساری تۆیە هەستی ئەو دیمانەیە
ئەو دەمەی شێعرێ دەبێتە پردی نێوان ئەمن و تۆ
دێ بە خوڕ فرمێسکی چاوم پڕ بە پڕ پەیمانەیە

خاترەی ژوانت هەوێنە بۆ قەسیدەیێکی سوواو
تۆ کەمەنکێشی دەفەرمووی هەستی ئەم پەروانەیە
پاییزی پیری دەواری نەحسی هەڵداوە لە ڕووم
بەفرەڵووکە گرتی لاجانگ نارەوێ لەو یانەیە
کۆچی تێک ناوە (شەم) و خێڵ وا بەرە و گەرمێن دەچێ
هەر (وەلی) بێچارە لێرە چاوی لەو کوێستانەیە
بەندی چاڵی ژێر چەنەت یوسف لە میسرێکی غەریب
ڕابماڵێ (کید کن) لێی، ، سۆزی ئەو کەنعانەیە
بتگرێ ئاهی بە سۆزم بێتە پەندی شار و دێ
خاتری خاسان لە لای تۆ بارەشی لای ( بانە) یە
شێعر وپەخشان و وشەی تەڕ بوو بە تاجی بەردەست
بێ مورووەت دڵشکاندن لافی ئازادانەیە؟
خامەکەم هەوری بەهارە جەوهەری ناخی ڕژان
تا نەڵێ شاعیر بە شێتی دێتە ئەم مەیخانەیە
گاڵتەجاڕی ئەشقە ئەمڕۆ ئەو کەسەی پاقژ بووە
هۆگری تۆ بوو بە پاکی و ئێستەکەش بێگانەیە
بۆ کوڕۆنات کردە بیانوو، دوورە وازی، هۆی چییە؟
ئاوی زاری کیژی وەک تۆ دوکتۆری ئەو ژانەیە
بۆ نەچێ پەنجەت لە قەلبی سووری بە خوێن ڕەنگەوە
لێی گەڕێ وێڵ گەردە هەر کەس چەشنی من دێوانەیە
حاڵی من بێ تۆ لە حاڵی شێت و پەتیاران دەچێت
تۆ نەبی دونیا لە لای من پاکی گرتووخانەیە
هۆی چییە ناپرسی لێم و دەرکی خۆشیت گاڵەدا
چی بێ تاوانی کە بولبول  مەنعی ئەو بوستانەیە
تیری تیژی ئەو نگایەت دای لە مێشک و هۆش پەڕی
کێش و سەروای لێ شکاندم چەندە بێ ڕەحمانەیە
وەک منی بێ کەس بە بێ کەس سەر بنێیتۆ تا ئەبەد
دوور لە خۆشی و خەندە جارێ قەت بە لاتانا نەیە
مانگی هاوار و نزایە، ڕازی من کۆ کۆ بچێت
بارەگای ئەقدەس بلەرزێ و تووکی من بە دوا نەیە
هێندە دڵپڕ بووم شکاندت شووشەیی ئاوات و حەز
چەشنی خۆم ژاکاوە شێعر و بۆ مەبەست جانانەیە



## یادی مامۆستا هێمن

**بانە. قادر خدر زادە**

ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوە ساڵرۆژی کۆچی دوایی شاعیری مەزنی میللی کورد مامۆستا هێمن موکریانیە پێش باسکردن لە سەر مامۆستا هێمن بە جێیە ئەم ڕستە فارسیە و ەبیر بێنینەوە کە دەڵێ هرآنچه از دل برآید بر دل نشیند. ئەلحەقی شیعری مامۆستا بەڕادەییک کاریگەرن کە هەر کوردێکی خاوەن هەست و نیشتیمان پەروەر بۆێ دەردەکەوێ کە هێمنی مەزن بە حەق شەیداو خولیای نیشتیمان و هاووڵاتیانی بووە. لە نوسراوە کانی دەر دەکەوێ کە بەڕاستی مرۆڤێکی مەزن و دڵ گەورەو خاوەنی ئەخلاقێکی شایستە و لێوان لێو لە ئینسانییەت بوو ە. من بەش بەحاڵی خۆم زۆر بەشانازی دەزانم کە گەلی کورد شاعیرێکی ئاوا هەست ناسک وەکوو پەڕی گوڵ و زوڵاڵ وەک تکەی ئاونگی شەونمی بووە بە ڕاستی دەبێ گۆڕستانی بوداغ سوڵتان بە خۆیەوە شانازی بکات کە جەستەی پیرۆزی شاعیری خەم خۆری گەلی لە ئامێز گرتووە .

کاتێ شیعری هێمنی مەزن دەخوێنیەوە هەست دەکەی کە سروشتی کوردوستان بە دار وبەردیەوە وت و وێژت لە گەڵ دەکەن و لێت نێزیک دەبنەوە

گوێ ڕادێرە بۆم دێرە شیعرانەی ناڵەی جودایی کە دەفەرموێ :

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم /قبیلەکەم باوانەکەم خێزانەکەم/ گەر دەناڵێنم ئەمن پەک کەوتە نیم/ تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکوو دەژیم.

.......................................

ئەختەر ئەی کیژۆڵەی چاو مەست/ ئیلهام بەخشی شیعری پڕ هەست/ شیعرت دەوێ لە منی پیر/ لە منی پیری گۆشە گیر/ شێعرێک وەک خۆناووەی باران/ شێعرێک وەک سرتەی دڵداران/ نرکەی سینگی کرێکار بێ/ ئاڵای شۆڕشی جوتیار بێ ئەم شیعرانە و زۆربەی هۆنراوە بە نرخەکانی نیشانەی نیشتیمان پەروەری و سۆزی خۆشەویستی بۆ خاک و خۆڵی نیشتیمانن کە هەستی شیعری مامۆستای کورد دەهە ژێنێ وە ک چۆن مەولانای ڕۆمی لە دووری شەمسی تەوریزی دەناڵێنێ و شاکاری دیوانی شیعری شەمس دەخوڵقێنی مامۆستای هەست ناسکی سەوداسەری نیشتیمانیش بۆ دووری لە زێد و نیشتیمانی خۆی کوڵی گریانی دێ و ناڵەی دووری و جودایی لە سینگی بێ خەوش و گەورەی دێتەدەرێ. هێمنی مەزن بۆ هەتا هەتایە یادی لە دڵی هەموو نیشتیمان پەروەر یکی کورد دەمێنێتەوە

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شاعیرە هەست ناسک ونیشتیمان پەروەرەی کورد و ڕێگای پڕ لە سەروەری پڕ ڕێڕەو بێ وهەزاران ڕەحمەت لە گۆڕی بێت و بە بەهەشتی بەرین شادبێت ئیشاڵڵا ئامین .

## نۆکەری ترخێنە

**بانە. قادر خدر زادە**

لە گەڵ ڕێز و حوورمەتمان بۆ هەموو ئینسان و گەل و وڵاتێکی دیکە دەمانهەوێ لە سەر ئەو سەرنامەی سەرێ لێدوانێک بدەین هیوادارم سەری موبارەکتان نە هێشێنم، دەڵێن ساڵ و زەمانان کە باو باوی ئاغاو ڕەعیەتی بوو ؛ هەڵبەت ئەوەی کە دەڵێی ئاغا بەو مانایە نیە کە ئاغا حەتمەن خراپ بووەو ڕەعیەت پیاو چاک بووە، بەڵکو ئەوە دابێک بوو کە لەوانەیە ئەگەر من و تۆ ئاغا بووینایە ڕووی سەدانی وەک حەماغای قەجەڕمان سپی وەکردایە کە سەردەمی خۆی چوارده هەزار جووت چاوی پیاوی خەڵکی کرمان بە فەرمانی ئەو دەرهاتن و لە بینایی بێ بە هرە بوون ڕەنگە کورد کاتی خۆی هەر ئەوەی بیستبێ کە دووعایەکی ئەوەیە دەڵێ چاوت دەرهات. بەڵێ کورد دەڵێ قسە قسەی دێنێ با وەگەڕێین بۆ باسی سەرەکیمان

جا وابوو ئاغای مەزبوورە لە گەڵ نۆکەرەکەی بوو کە ترخێنە لە ماڵی ڕەعیە تێک هاتە سەر سفرە بە هەموو تڕ و تویێکڵیکیەوە(شارستانیانە بە هەموو موتەعەللە قات و موخەللە فاتیەوە) ئاغا هەر کەو چێکێو عافەرەمێکی بۆ بەرهەم هێنەرانی ترخێنە هە ر لە سە ر چۆپی تاگاوانی حەواڵە دەفەرموو نۆکەریش بە دوای ئەوی دا فەرموودەکەی کاوێژ دەکردەوە بەڵێ ئەمە وای لێهات تا خەڵک بۆی دەرکەوت کە ئاغا کوشتە وبرشتەی ترخێنەیە و دەچوە هەر ماڵێک لەگەنێک ترخێنە لە بەر دەمی قووت دەکرایەوە ؛ و ئاغا لە ترخێنە بێزراو کەسێک نێوی ترخێنەی بێنایە سزای قورس دەدرا، نۆکەریش وێڕای ئاغا جنێوی بەوە دەدا شێلمەکەی داچاندووە ،بەوەی کە گەنمەکەی کوتاوە و هەتا ئاخری ؛ ئاغا ڕۆژێک ڕوویتێکرد و گوتی ئەرێ سەگباب دەڵێی لە ئەشکەوتێ دام هەرچی من دەیڵێم دەیڵییەوە ؛ نۆکەری بێچارە کوتی ئاغامان بە سەلامەت بێ من نۆکەری ئاغایمە نەک ئی ترخێنەی تۆ چ بفەرمووی هەر ئەوەیە بەخولای؛جا مەبەست لێرە دا ئەوەیە کە تازە ئەو سەر دەمە کۆتایی هاتوە و هەر کەسە بۆخۆی ئاغایەو مافی ئەوەی هەیە کە بە ساردی بڵێ سارد و بە گەرمی بڵێ گەرم و بەخۆشی بڵێ خۆش و بە ناخۆشی بڵێ ناخۆش دەوران دێت و دەچێ و داب و نەریت پەیتا پەیتا دەگۆڕێ و مرۆڤی ژیر ئەوەیە کە لە گەڵ دەوران خۆی نوێ کاتەوەو وەکوو مار پێستی کۆنی فڕێ بدات و جیهان بینی نوێی ببێت



# ئەفسانە ( Fable)

سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور

وێژە پێ بە پێی مرۆڤ ژیانی تێپەرکردەوە و لەگەڵ مرۆڤدا وەک هەمووشتەکانی تر ، گەشەی کردووە. وێژە ڕەنگدانەوەی هەستی مرۆڤە لە بەرانبەر هۆکارە دەرەکی و دەروونییەکان بە شێوەی وتەی تێکەڵ بە خەیاڵ و سۆز کە ئامانجەکەشی بەختەوەری مرۆڤە. وێژە وتەیەکی سەرتر لە قسە و وتەی ئاساییە و ئەم نائاسایی بوونە بۆتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان تۆمار بکرێ و خوێندنەوە و بیستنەکەی چێژی تایبەت ببەخشێ.( زەڕین کووب، ١٣٧٤)

وێژە خاوەنی چەندین جۆری تایبەتە و ئەفسانە یەکێک لە جۆرەکانییەتی. ئەفسانە سەرگوریشتە و ڕووداوێکی خەیاڵییە لە ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر و بوونەوەری بەسامی وەک دێو و هەژدیها و غوول و هەروەها پەری و فریشتە کە ئاوێتەی گەلێک ڕەمز و ڕازە و بە مەبەستی ئامانجی ئاکاری و فێرکاری ئافرێندراون. ئامانجی بەرهەم هێنانی ئەفسانە لە ڕاستیدا سەرقاڵ کردنی مرۆڤە و لە پەنا ئەو سەرقاڵ کردنەش دا ئەخلاق و ئازایەتی و لێبوردوویی و لە خۆبردوویی و مرۆڤ دۆستیس ئاوێتە کراوە. ئەفسانەکان سینگ بە سینگ پارێزراون و لە ڕاستیدا کۆنترین جۆری وێژەن. بێ گومان ڕیشەی ئەفسانە لە ئوستوورەدایە. ژیانی منداڵان پڕ بووە لە چیرۆکی ئەفسانەیی. هەر نەتەوەیەک ویستوویەتی شانازی و کەڕامەت و گەورەیی خۆی ئاوێتەی ئەفسانەکان بکات و لەو ڕێگایەوە بیگەیەنێتە مێشک و دڵ و دەروونی بەرەی داهاتووی خۆی. هەمووی ئەو شتانەی کە گەلێک خۆی پێ ڕادەدا و خۆی پێ دەنوێنێ، دەکرێ لە ئەفسانەکانی ئەو گەلەدا وەیدۆزی.

ئەفسانەکان پڕن لەو جەنگاوەر و پاڵەوان و زانا و هونەرمەندانەی کە گەلێک بەوانەوە خۆی دەناسێنێ. دەکرێ لە ئەفسانەدا بیر و باوەڕ و داب و نەریت و جۆری تێفکرینی هەر نەتەوەیەک دەست نیشان بکەیت!

ئەو شتەی لە ئەفسانەدا زۆر زەق و بەرچاوە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، بوونەوەری جادوویی و شتی سەرسووڕهێنەرە. ماکس لۆتی(Max Loti) لێکۆڵەری سویسی پێی وایە پاڵەوانی ئەفسانەکان ناتوانێ بە تەنیا لەشکان نەهاتوو بێت و تەنیا پشت بە خۆی ببەستێ، بەڵکوو بە یارمەتی جادوو یا خۆ شتی تر سەرکەوتوو دەبێت.

ئەفسانەکان زۆر جار سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ڕازی سەرکەوتن لە یەکگرتوویی دایە. چونکە مرۆڤ ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە تەنیا پەرجۆی سەرکەوتن هێزی گشتی یە.

یەکێک لەو گەوهەرە نایابانەی کە مرۆڤ دایمە بە شوێنی دا گەڕاوەو وەچنگی نەکەوتووە، دادپەروەری بووە. بۆ گەیشتنی بەم گەوهەرە چالاکی نواندووە و خوێنی ڕژاندوە و ژیانی لە سەر داناوە و برسییەتی و چەرمەسەری لەڕێدا چێژتووە. بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە زەق بکاتەوە و وەکوو میراتێکی پربایەخ بە بەرەی داهاتووی بگەیەنێ و بە ئاواتی گەیشتنی بە ڕۆژانی پڕ لە دادپەروەری دامەزراندنی یۆتۆپیا(Utopia) ئەفسانەی خولقاندووە و نیازەکانی مرۆڤی تێدا نیشان داوە.

برۆنۆ بتلهایم لە کتێبی سێحری ئەفسانەکان دا شرۆڤەیەکی دەروون ناسانە لە ئەفسانە دەکات و دەڵێ : چیرۆکی پەرییەکان ئەوە فێری منداڵان دەکات کە ژیان پڕ لە کێشەی بێ ئامانە و ناکرێ مرۆڤ خۆیان لێ گێل بکات. ئەمە کاکڵی بوونی مرۆڤە و کاری شیاو ئەوەیە کە هیچ کات نەدۆڕێین و دڵنیا بین ئەم کێشە بێ ئامانانە دانە دانە وەلا دەچن و لە کۆییدا سەردەکەوین. برۆنۆ لای وایە نووسراوەکانی ئێستا بۆ منداڵان هیچ لەو کێشانە نادوێن و منداڵانیش بۆ ڕاوەستان و بۆ بەردەوام بوون هان نادەن. ئەو پێی وایە کە نووسینەکان دەبێ لایەنی خێر وشەڕی مرۆڤ باس بکەن و هەڵگری ئەو ڕاستییە بن کە مرۆڤ دەتوانێ هەر دوو لایەنی خێر و شەڕی تێدا بێت و لە کۆتایی دا دژ بە شەڕ بێت و بەلای خێردا بشکێتەوە.

**دەکرێ ئەفسانەکان بە چەندین دەستەدا بەش بکەن کە هێندێکیان ئەمانەن:**

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ئا) ئەفسانەی ئایینی - فەلسەفی: بیرمەندان لە دێرزەمانەوە سەر قافڵەی بیری مرۆڤ بوون بۆ بیرکردنەوە لە فەلسەفەی بوون و وڵام دانەوە بە دەیان پرسیاری لەم چەشنە. مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی لە سەر چۆنییەتی پەیدابوونی خۆی بدوێ و وڵامی پرسیارەکانی خۆی بداتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت منداڵان کاتێک هێدی هێدی بە قۆناغی دەرهەست( ئەبستراکت ) دەگەن، ئەم چەشنە پرسیارانە سەرهەڵدەدەن و زەینی منداڵ بە خۆوە خەریک دەکەن. یەکێک لەو ڕێگایانەی کە منداڵان بە وڵامی هێندێک لە پرسیارەکان دەگەیەنێ، ئەفسانەیە. لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ کاتێک نەیتوانی لە ڕێگەی زانستەوە بە وڵام بگات، لە ئەفسانەکاندا بۆ وڵام دەگەڕێ و ئەفسانەی ئایینی - فەلسەفی سەر هەڵدەدات کە بە دڵنیاییەوە لە ڕاستییەکانەوە هەڵدەقوڵێن.

ب) ئەفسانەی نوێ: بۆ ئەوەی کە ئەفسانەکان بۆژۆ نەبن و لەلایەن نووسەران و خوێنەرانەوە پشت گوێ نەخرێن، نووسەرانی ئەم بوارە ئەفسانە کۆنەکانیان گۆڕیوە و لە تام و بۆن و ڕەنگی نوێیان پێچاون و بەرهەمی جوان و جێی سەرنجیان خولقاندووە. ئەم نووسەرانە لە نووسینی ئەفسانەکاندا لە مرۆڤ و بووکەڵە و ئاژەڵ کەڵکیان وەرگرتووە و کاری زۆر سەیر و سەمەرەیان بەم کەسایەتییانە کردووە. جیاوازی بەرچاوی ئەم ئەفسانە نوێیانە لەگەڵ ئەفسانە کۆنەکان ئەوەیە کە نووسەرێکی دیار نوێکەی نووسیوە و ئەفسانە کۆنەکان فۆلکلۆرن و سینە بە سینە پارێزراون.

پ) ئەفسانەی ئوستوورەیی: مرۆڤ بۆ بەیان کردنی پرسی بەدیهاتن و هەستی و چۆنییەتی درووست بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و هەروەها زانیاری وەدەست هێنان لە سەر خوداکان لە زمانێکی ڕەمزاوی هاسان کەڵکی وەرگرتووە کە ئەم جۆرە بەیان کردنە دەچێتە بواری ئەفسانە ئوستوورەییەکانەوە. پاڵەوانی ئەم ئەفسانانە نیمچە خوداگەلێکن مەزنەمرۆڤ کە خاوەنی هێز و توانایی تایبەتن.

ت) ئەفسانەی پاڵەوانی و حەماسی: گەلانی جیهان بۆ باسکردن لە شانازی و پاڵەوانییەتی خۆیان جۆرێک لە ئەفسانەی ئوستوورەییان خوڵقاندووە کە بەردەوام شانازییان پێوە کردووە و خۆیان پێوە هەڵکێشاوە. لەم ئەفسانەیەدا کەسایەتییەکی کەم وێنەیان هێناوەتە مەیدان و زۆر هەستیارانە بە شان و باهۆیاندا هەڵگوتووە و لەم ڕێگەوە ویستوویانە پاڵەوانی ڕاستەقینە درووست بکەن و گەورەیی نەتەوەکەیان بپارێزن. زۆر جار ئەم ئوستوورەیە دەبێتە سەرچاوەی مێژووی گەلێک. دیارە گەلی کوردیش لەم بوارەدا دەوڵەمەندە و ئوستوورەی نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر لەم بابەتەیە.

هەروەها دەتوانین ئەفسانە بە چەندین بەشی تری وەکوو ئەفسانەی دڵداری، سیحراوی، پێکەنینی، ئاژەڵان و ... دا بەش بکەین.

هەموو گەلانی جیهان بۆ نیشان دانی دەسپێکێک بۆ گەورەیی و ئازایەتی خۆیان و هەروەها دەرکەوتنیان وەکوو نەتەوەیەکی کۆن و ناوداری سەرگۆی زەوی ئەفسانە یا خۆ ئوستوورەیەکی سەرنج ڕاکێشیان خوڵقاندووە  بە ئارەزووی دڵ لەو چیرۆکەدا خۆیان نیشان داوە. بەداخەوە لە بەر تۆمار نەکردن و نەنووسرانەوەی ئەفسانە وئوستووره کوردییەکان، بە درێژایی مێژوو شتەکانمان لێ دزراوە و گەلانی تر بە ناوی خۆیانەوە تۆماریان کردووە. پاشانیش کوردی کوڵوڵ لە خێر و بێری هەموو شتەکان چۆتە دەرێ و دەست لە پێ درێژتر لە کاولەوێرانی خۆی خزاوەتەوە و چاوی لە دەمو نووسراوەی نەتەوەسەردەستەکان بریوە و بەوشتە ڕازی بووە کە بۆیان نووسیوە یا خۆخستوویانەتە پاڵی. ئەگینا کەم نەتەوە هەیە بەڕادەی کورد خاوەنی ئەفسانە و ئوستوورە و گۆرانی فۆلکلۆری کەم وێنە بێت. هیوادارم نووسەران و دڵسۆزان ئاوڕێک لەم بابەتە گرینگە بدەنەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- انواع ادبی، حسین رزمجو، مشهد - ١٣٧٠

٢ - عبدالحسین زرین کوب، آشنایی، نقد ادبی، نشر سخن، تهران - ١٣٧٤

٣- مجله کتاب ماه، شهریور ٧٩، شماره ٣٥، مقاله افسانه های عامیانه از دیدگاه زرین کوب




## سێ ئەویندارانەی کۆڕۆنایی

مەهاباد. کەسەر پیرزادە

.١
دنیا لە داوی کۆڕۆنا
من لە داوی تۆدا
جیهان لەدووی ڕزگاری
من لەدووی دیلی!

.٢
کوا کۆڕۆنا
زەفەرم پێدەبات
واکسێنی فایزێرە نیگات!

.٣
تاعوون، وەبا، کۆڕۆنا
گشت نەخۆشییەک
لە گشت دنیایە
هیچ شتێک
دەرقەتی هێزی ماچ نایە!



ئارمردە. ڕامین فەرهجی

لەم کاتە دا خۆشی
بۆتە بەرزەخ
منیش میوانی
ساتێک خەیاڵ
بە سیگاری دەم با
❋❋
ڕەشەبا هات تلاوتل بردمی
هێنامییە لای تۆ
منیش غەریب بووم
بە حەزی خۆت بارت هێنام
گوێم بە قسەی تۆ پشکووت
دەستم بە تۆوە هێزی گرت
قاچم چووە سەر دارە دارە
ئینجا سەر سنگمت
قڵیشاندەوە بە خەفەت
بریندار بووم بە ئازارت
بەڵێ من
دونیاکەمت کردە شووشەوە
جارجار ئەدشڵەقانت
❋❋
گوڵەکەم ئەمجارەیان
خۆر نەیتوانی زیندووت وەکا
زووقم لێی دای
ئیتر فێر بووی
بە ڕووی هیچ کەس پێنەکەنی!!!

## پەڵە



مەریوان. پەرۆش مەریوان

هەوڵ مەدە خەزانم بیت خۆشەویستیت پـەڵەی داوە
ئەو گوڵەی تۆ حەزت لێ بوو بە خوێناوی دڵ ڕوواوە
جێی مەهێڵە کۆرپەی ئەوین نەکا نزوولەی بتگرێ
تەنیا ساتێ لە خۆت پرسە و لەو ژوورەی بـلاک کراوە
ترست بێ لەوەی من نەبم خۆت بمێنی و دڵێکی ڕەش
بێدەنگی بـەسەرتا بارێ بـۆ مۆبایلێکی کوژاوە
ئەوسا ئازاری بێ منی یەخەت پێ ئەگرێ لە ناکاو
ئەچیتە ژوورێ کە هەستی خۆشەویستی تیا کوژاوە
لاپەڕەی هەر شەوێک لادەی وێنەی منی تیا ئەبینی
چەندە سەیرە لەم دێرەدا چاوم فرمێسکی تێزاوە
نازانم بۆ تۆیە یان بۆ ، نـەوتـراوەکـانی دڵم
یا بۆ ئەشقێکی ونبووە گەرای لە دڵما ڕژاوە



**جوانڕۆ. ڕووناک سەمەدی(باران)**

وەکوو ئاوێنــــە ئەنوێــنیێ
تیشکی نیگای خەیاڵاویت
سەدان ساڵە ونە گیانم
بە شوێن ڕۆحی ئەهورایت

**

لەنێو کەمەندی دەستی تۆ
ئەسیرم لە ئەلەستەوە
نەجاتم ناوێ لەم خەونە
لەم دڵتەنگی نیوەی شەوە

**

لە گۆمی مەنگی چاوانتا
هەزار ماسی ڕەش خنکاون
تۆڕ و قولاویان بە دەستەوە
لەسەر ڕێگاما وەستاون

**

تۆ شەپۆلی ئەو زەریایەی
رووباری حەزم لەوێیە
بۆ ئۆقرە ناگری دڵم
دووبارە بەزمی چیت پێیە

********

بە باڵای بەرزی باراندا
شێعری تەڕی زۆرم دیوە
باران
زۆڵفی
خاوی
خوداس
هەر شاعیرێک
پەلکەیەکی لێ چنیوە



**سەقز.فەرانەک کەریم ئابادی (فرمێسک)**

کە کەوتمە نێو کوورەی عەشقت
پەیتا پەیتا توامەوە
تەیمانی دەور دڵم شکاند
دیسان بە عەشق ڕوامەوە
چلچرا بووی من بنە مۆم
بۆیە جار جار
ئەتکەم بە میوانی جوانی شێعرەکان خۆم

**

بڕیار
بڕیار وابوو
دوای قینی من زوو بێتەوە
ڕۆژگارێکی پێی دەوتم
گەر من نەبم،
دەس لە دونیا ئەکاتەوە
سەد مەخابن
هەنووکانە
هەر لە یادیشی نەماوم
یا ماوێکی کز و ماتم
کە چی ئێستاش من بە وەفاو
بە شێعرەوە بۆ لات هاتم



**سەقز. فەریدەکاکــی**

ئەمەوێ لەخەیاڵتدا بژیم
نەوەک
لەخەیاڵمدا نەبی و
خەیاڵت بئالۆزێنێ ...
ئەو هەمووە غەریبیە
نێو نیگاتدا
ئەم ترسێنێ ...!
دڵتەنگیەکانم
چاوەڕێی نەختێک لاواندنن ،
فرمێسکەکانم
ئامێزی تەنیاییان خووساندووە ...
ئەشق،
لە حەسرەتی قومێک باراندا
بە وشکارۆ مەسپێرە ...



## چەپکێ زام !

هەولێر. سەعدوڵلا نووری

هیچکات بەقەد ئەم ڕۆژانە
ـ تەمی ونبوون
لووتکەی هەستی غەریبیمی نەپۆشیوە
ـ ئازار دەستی
ناوەختانەی خۆی نەداوە
لەدەرگای داخراوی نامۆییم و ،
من لەتۆوە تێگەیشتم
ژیان بەرەو کاڵ بوونەوە دەچێ و
مانەوەی ئێرە بۆ من
لە مردنێکی هێواش و
لە کۆچێکی خنکێنەر زێتر نییە !
تۆ لەخەمی ژێرپێکەوتنی جوانی پایزو
ڕژانی گەڵا نەبووی ... حەیف
دەزانم فریودانی ناخە
ئێوارە پیاسەی سەرشەقامی پیری و ،
هەڵگرتنەوەی ژان و
خۆزگە تۆزاوییەکانی شادبوونەوە !
چی دەبوو تۆ
بۆ جارێکیش
برێک گریانی بێ ئەشکت
لێ وەردەگرتم و
بە کەمێک
خەندە شاراوەکانی ڕووت دەگۆڕییەوە؟ !
چیم لە دەست دێ
تەمەن شەمەندەفەرێکی سەرهەڵگرتووەو
کەم دەوەستێ
لەو وێستگانەی
تامی دیتنەوەی خۆشی دەدەن
بێزارکەربوو
ساتەوەختی میوانداری دوا دانیشتن
ئای لەو ئێشە
چاوم هێشتا تینووی بینینی پێکەنین و
گوێچکەم تامەزرۆی بیستنی
شەکرە وشەی سەر لێوت بوو
بێ باکانە
چەپکێ زامی بزربوونت
لەسەر مێزی ڕۆیشتنا بۆمن دانا !!



## کەمەند

مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی

پاشی چەن ساڵان مەلی ئاواتی ونبووم هاتەوە
چاوڕوانی بووم شەو و ڕۆژ بێتەوە و باداتەوە

بۆنی باران گەر بە گیانخۆشە، پشووی وی تێکەڵە
نازی وی هەڵگرتەوە، شەوبا بەخۆیدا هاتەوە

ئەو کەمەندەی بەندی کردم، خۆ لە موو باریکترە
باسی چی دیکەی بکەم تاکوو بە گوێی خۆی گاتەوە

دڵ لە گوێسوانەی ئەوینی ئەو کە هێلانەی دەکرد
هەر لەسەر پێ بوو، نەهاتی بێت و تێکیداتەوە

من هەزار شاری ئەوینم تێپەڕاند لەو عومرەدا
کەس نەبوو جارێ ئەوین بێنێت و لێکیداتەوە

خۆشەویستیم ئاورێ بوو، نووکەدەرزی چەندەیە
هەر ئەوەندەش دانەمرکا، تا بڵێی هەڵداتەوە

چۆلەوارێک بوو جیهانم گەر ئەوی تێدا نەبا
شەوڕەشێ بوو خۆرەتاو نەتوانێ پاکی کاتەوە



## خەم مەخۆ

مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

کۆتری دڵ هەر دێتە سەر سۆ خەم مەخۆ
ڕوون دەبێ چاوت بە ئاسۆ خەم مەخۆ

ڕۆژی تەنگانە بەری تەسکە دەڵێن
تێکدەڕووخێ کۆشکی نامۆ خەم مەخۆ

ڕۆژی ڕوون دەردێ لە ئاسۆ دێتە سەر
ڕادەماڵێ تۆزی تاپۆ خەم مەخۆ

قەت بە مەیلی گەل نەسووڕا چەرخی چەپ
تەفر و توونا تێکدەچی تۆ خەم مەخۆ

گەل ئەگەر چی دەرد و ژانی چەشتووە
دێتەدی ئامانجی شاهۆ خەم مەخۆ



## ئاڵای بیرەوەریەکانت

مەریوان. عوسمان شێرزاد

ئیستایش...
هەموو شەوێ لەشکەری یادەکانت
دەس بە سەر هەرێمی دڵما دەگرن و
ئاڵای بیرەوەریەکانت لە ناخمدا هەڵ ئەدەن
ئیستایش ... منی وێران
هەموو شەوێ لە ژواندا شێتانە
دەس لە ملانی خەمەکانتم و
تاسەی دووریت بە گریان دەشکێنم
ئیستایش ...
شێتانە پێ بەستی ئەوینتم و
لە سەر لووتکەی وەفاداری ڕاوێستاوم
ئیستایش ...
چاوەڕوانی بڕیارێکتم
ئەو کاتانەی کە لەشکەری خەم و
یادەکانت تێ بشکێنی و
تەقە لە پەنجەرەی ژوورکەم بێت و
لەگەڵ نەسیمێکی شەماڵ و
لە گەڵ بۆن و بەرامەی
گوڵانی ئەم بەهارە
بە ئەسپایی
ئاویتەی ژوورەکەم و
تێکڵاوی هەناسەم بێت.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## تەرجەمەی شێعری ک.د.ئازاد بە هەورامی

لە ژێر خاکی
کێو و دەشتی
ئەم نیشتمانە شیرینە
هەزاران شەهید نێژراوە!
بەم بەهارە
هەموو بوونە گوڵی سوور و
سەریان لە خاک دەرهێناوە!

ک.د.ئازاد

چێروو خاکی و
دەشت و کۆو ئی
نیشتمانە شیرینەیە
چنها شەهیدێ نرینێ!
پی وەهارە
گردێ بیێنێ گوڵێ سووری و
سەرە جە خاک بەر ئامێنێ!



مەریوان. ڕانا



سەردەشت.خەمبار

بە فەخرم زانی شەیدا بە تۆ بم
مەست و بێ هۆش و ئاگا لە خۆ بم
وەک ویستم بە سەر هێنام بە لافاو
گیرۆدەی تۆ بوون دل زەین و چاو
سێدارەی خستە گەردنم عەشقت
کردی بە قەستی مردنم عەشت
لە ژێر رەهێڵەی ئازارت مردم
لەتاوی گۆنای گوڵنارت مردم
رەحمت بە حاڵم دا نەهاتەوە
سووتام بە خۆری دو گۆناتەوە
لارەمل لەژێر پرسیاری خەڵک
چەقۆی عەشق تۆ و ئازاری خەڵک
چ لە ئازاری ئەم ئەوینەت کەم
کەنگێ بژاری باخی سینەت کەم
لە بیرمە جاری یەکەم کە هاتم
وامزانی مەزن و میری وەڵاتم
هێندە دڵ خۆش و شادومان بوو دڵ
باڵندەی هەر حەو ئاسمان بوو دڵ
با وەکوو جاران دڵدای یەک بین
هەڵگری دەردو ئازاری یەک بین
ئەوە ئاواتی منی خەمبارە
لەبیرت ناکات دڵی بێچارە
شا گوڵی دەشتی ئەوینم تۆ بووی
ئاواتی دوا رۆ،ژی ژینم تۆ بووی
سەر لە پێناوت دەمردم بەڵام
دەستی دڵداریت نەگردم بەڵام
لاپەرەی سپی و بێ نووسراوە بووم
چاوەڕێی هەل و کات و ماوە بووم
بێ خەت و خەش بوو وەک شێعری تەرم
خوازیاری تۆ بوو دڵی شەو گەرم
کە چی نەهاتی تۆ هەر نەهاتی
نەتدەزانی تۆم لۆتکەی نەجاتی

## بەجێما



بۆکان. ڕێ زان

بیرەوەری ڕۆژانی خۆش، شۆن پەنجەی پێمان بە جێما
دووری ڕێگای باریکە ڕێ، بە تێکرا لێمان بە جێما

ئەستێرو ئاو چاوە ڕێ بوون، عەکسی ژوانی ئێمە بگرن
دەست لە مل و نەرم و نیان، حەوزۆکەی دێمان بە جێما

شەو لە باوەش یادە کانی، ورشەی گەڵا شنەی شەوبا
لە سەر کانی پەناو پەسیو، ماچی سەر ڕێمان بە جێما

کۆڕە لاوانی خوێن گەرم، لە باوەشی ڕە وەز خزان
قارەمانی لێو بزە بوون، وا لە سەر جێمان بە جێما

تاتە بەردی کانی و دەراو، قەڵای ماچ و چپەو سرتە
ترس و خەمی جێ پەنجە مان، باوەڕو ئێمان بە جێما

خاکە لێوەو خەڵەو خەرمان،زەردی گەڵا بەفری نسار
بوونە هاوڕێی ژوانی دڵمان، هەستێکی وێمان بە جێما

گەرچی ڕێ زان چاوە ڕێ بوو، سەرهەڵێنی یاری دێرین
بیرەوەری و خۆشەویستی، وا لە هەرسێمان بەجێما

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## تاسی دڵ

سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور

چاوەکانت گۆمی مەندن جێ مەلەی ماسی دڵم
لێوەکانت لێوی پیاڵەن بۆ نەشە و کاسی دڵم

گەردنت جێ ماڵی ڕۆح و گەردەنەی ئاسۆی هەتاو
تۆ بە ڕوخسار سەد خەزاڵی و عاشقی و لاسی دڵم

تۆ لەرەی سینەت دەبێتە بوومە لەرزەی هەستی من
هەر دوو چاوی پڕ لە نازی تۆ دەکەن باسی دڵم

خەڵکی شاری باش دەزانن چیت لە من ئەستاندووە
گەر لە دەستت کەوتە خواریٚ زڕ زڕا تاسی دڵم

دێم لە سەر سینەت دەچێنم تۆوی ئەشق و دێتە بەر
کەپری شادی چێدەکەم لێی هەر بە قەد قاسی دڵم

ساڵ و مانگ تێیدا دەمێنم بەشکوو ڕێگەت تێیکەوێ
نابی کافر جارێ بێژی چۆنی تۆ خاسی دڵم

غەیری پاکی و ئەشقی بێگەرد جێی نەبێ لەم جەستەیە
مێهرەبانی یاری ڕۆحە و هەر ئەوەی ناسی دڵم

دڵ حەریرە بۆ ئەوین و جارە نیرگز بۆ سەفا
قار و قین و تێکدەری هەر دەیچنێ داسی دڵم

هەر شەماڵی دەشتی حەزم و گاڵە گاڵم دێتە گوێت
پیرکورە حەیرانی ئەشقم بژنەوە گاسی دڵم



ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی"

وەکوو هەورێ کە ئەیبارێ لە سەر من
دو چاوی تو دەهێنن خەم لە بەر من
م سوورانی نەێزوونم کوردی ئیشم:
ژئ ئوو سیفا،
هە تەش هیشتینە ڤەر من

تەرجەمە بە فارسی:
همانند ابری که هی می‌باره بر سر من
دو چشمونت هی غم برای من به ارمغان میارن
من لهجه سورانی را بلد نیستم و با کوردی (پهلەیی ایل کورد کوردەلی) می‌گویم
از آن نگاه، فقط آتش بر نهاد من هیشتەای برِ من

### فەرهەنگۆک وە کوردی فەیلی

تەش، ئاگر: آتش
سیفا، ئیسفا: نگاه
ئیشم، ئێژم: می‌گویم
ئوو: و، حرف پیوند
هیشتینە، هیشتیە: نهادەای، گذاشتەای
ژئ، ئەژ، ژە، لە، دە: از
ڤەر، وەر، لە بەر : برای
نەێزوونم: نمی‌دانم
م: من
هە، هەر: فقط



# ڕۆژی سنە



سنە. پژمان حەبیبی

ڕۆژی ٥ی مانگی گوڵان، لە ڕۆژژمێری ئێراندا بە ناوی "ڕۆژی سنە" ناو نراوە، بە هۆی بڕێک بەڵگە هۆی ناونانی ڕۆژی سنە بۆ درووسبوونی ئەم شارە لە ڕۆژی ٥ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٠١٦ی هەتاوی لە لایەن سولەیمانخانی ئەردەڵانەوە دەگەڕێتەوە، لە مێژوودا نەیارانی کورد و داهۆڵەکانیان زۆر هەوڵیان داوە کە تووی دوو و چەند بەرەکی لە نێوان سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان بچێنن و بە درووسکردن دەیان ناو و ناتۆرەی ناشیرین بۆ سنە و شارەکانی دیکە هەوڵی لێکترازانی کلتوورییان لە نێوان شارەکاندا داوە، سنە جگە لەوەی لانکەی مرۆڤدۆستی، شاعێر، نووسەر، هونەرمەند، میوزیک، پاڵەوانان و... هتد بووە بە دڵنیاییەوە شارێگای ڕوێشتنی هونەر، نوتی میوزیکی تایبەتی کوردی بۆ هەندەران بووە. هونەرمەندان، شاعێران، نووسەرانی سنەی پیرۆز کاریگەری حاشاهەڵنەگریان لە ناساندنی کلتووری پڕبایەخی کوردی بە نەتەوەکانی دیکە لە جیهاندا هەبووە. لە بواری سیاسییەوە سنە پتر لە پێنج سەدە پێتەختی سیاسەتی کوردی بووە، حەز دەکەم لێرەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە نگریسەی نەیارانی گەلەکەمان ناوەڕۆکی وشەی "کوڵینکۆ" بە بیری گەنجانی خۆشەویستی سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان بهێنمەوە:





- بابانەکان لە لایەن عوسمانیەکانەوە نازناوی پاشایان پێدرابوو لە باشووری کوردستانەوە هێرشیان بۆ ئەمارەتی ئەردەڵانەکان کە لە لایەن سەفەوییەکانەوە نازناوی خانیان پێدرابوو، هێنابوو. مەریوان و سەقزیان گرت. سەفەوییەکان بە هانای ئەردەڵانەکانەوە هاتن و شارەکانیان لە دەست بابانەکان گرتەوە، قاسم سوڵتانی هەورامی پاش حەسانەوە لە ماندوویەتی شەڕ و گۆڕانی هەنگامەی شەڕ بە خۆشیی و بەزم، بە سەرداری قزڵباش دەڵێت:



بە هۆی تەعەسوبی دراوسێیەتی، هاومەزهەبی، هاوزمانی و دوور بیرکردنەوە، سوپای ئەردەڵان وازی لە ڕێوشوێنی دۆستایەتی و ئاشنایەتی لە گەڵ دلێرانی بابان نەهێناوە، بەهیچ شێوەیەک بەنیازی جەنگ دەستی شەڕیان لە برای خۆیان نەکردووەتەوە.



عەباسقولی خانی قاجار کە سەردار و بە زیادئوغلی بەناوبانگ بوو بە قسەکانی قاسم سوڵتان ورووژا، لە سەری موسڵمانانی بێگوناحی سنە کەلەمنارێکی دروست کرد و سەری قاسمخانی وەکو بەیداخ بە سەر بەرزایی سەرەکانی ترەوە هەڵواسی ئەو منارە لە ناو خەڵکدا بە "کوڵینکۆ" بەناوبانگ بووە.



## شێعری باران بۆ منالان



سەقز.ئاوایی سەرمووسێ.
میکائیل حەسەنی

خوڕ خوڕ ئەباری باران
گریانە چاوی ئاسمان
فرمێسکی ئاسمان ئاوە
بەلام بارانی ناوە
باران ڕەحمەتی خوایە
هەزار حێکمەتی تیایە
کاتێک باران ئەباری
یەکسەر زەوی بەجاری
ئەبێت ڕازاوەو ڕەنگین
جوان و گەش و دلنشین
پڕئاو ئەبن ڕووباران
دێنە خوار لە کۆساران
کانیاوەکان ئەژیینەو
گشت مرۆڤ ئەگەشێنەو
تێر ئاو ئەبن گیان لەبەر
لە درەندە و پەلەوەر
هاوار ئەکەم خوایەگیان
دانەری تەواو جیهان
باران مان بۆ بارێنە
سروشت مان برازێنە



سنە. سەباح شیانی

ئێژم هەشێ،
چەس پشێ،
ئێژم جاران فرە خوەش بوو!
چۆن؟
ئادیتەباران ئەواری،
من وتۆ ئەچوینە بەر دەلاقەکە تواشای شارمان ئەکرد،
ئاخ ئەیچە بخوا،
خوەشی نەماگە،
تەنانەت ئاسمانیش قارە؟
ئەیێژم هەشێ:
چەس؟
ئێژم تی بەیەکەو سۆزی بووکەبارانێ درۆس کەین!
ئەری وەلی بە چە؟
بە ژاکەتە کۆنەکەی من وا پارەکە ناو تاناکۆرا
دۆزیمانەو!
ئەی ئافەرین وابکەین،
بەشکەم هەوری هەلکات خۆ مردین لە بێ ئاوی،
بروووین، باش،

## شادییەکانم بوون بە خۆزگە...



بانە.ئەییووب ڕەشـپۆش

شادیەکانم بوون بە خۆزگە
داری خۆزگەیش بێ بەرە
گرتوومە بە ڕێگەی ژیان
ڕێگام ' ڕێگای سەفەرە
❀❀
ئاواتەکانی من چی بوون
هەمووی دەبەمە ناو گۆڕ
خۆشیم نەدی لە ژیانم
لە کەم ' کەمو لە زۆر ' زۆر

منیش ڕێی ڕۆیشتن دەزانم
بەلام قەت جێت ناهێلم
ئەی جوانترین مانگی ژیان
لە مێژە لە دوات وێلم
❀❀
ئەگەر مردم بیرت کردم
بە بۆ ساتێکیش وەرە لام
بۆ هاتنی یەک هەنگاوت
تەمەنێکە بە تەمام
❀❀
ئاخرین وشە بگرە گوێ
من تا مردن تۆم ئەوێ
ڕۆژی ڕوون ئاوا مەبە
من بێزارم لە شەوێ



جەعفەر مەعرووف(ژیار)

لەبی ئاڵ، پیالەیی بادە و کەناری ئاوی ڕووبارێک
ئەتو بێتوو منی خولیا لە جێژوانی شەوی تارێک

لە جامی لێوی ئاڵت، وا دەنۆشم جار لەگەڵ جارێ
بە ئەستێرەی دووچاوانت دڵم لێو ڕێژی شەوگارێک

بەئارامی لەسەر ڕووی هەر وەکوو مانگت پەچەت لادە
دڵم گەش بێ بەڕوخسارو، بفەرموو شەکرەگوفتارێک

خورەی ئاو و کەلامی زەمزەمەی عیشق و، لەرەی گوارەت
بە خۆم زانی کە پاشامە و لەدوونیا بوومە سالارێک

نەسیمی دەم بەیانان و خشەی دەست و گەڵای داران
شەکاوەی زوولفی پەخشانت حەسوودی پێی دەبا شارێک

بە بەرزی ئەو قەد و باڵات لە ئاسمانی دڵی خومدا
وەکوو لاولاو دەهاڵێم لێی سەدان جاریش نە هەرجارێک

چ ئورکێسرێکە بەم جۆرە "ژیار" و تۆ و دەمی ڕووبار
شەڕاب و لێو و ڕووی مانگت، قژی لوول و نەوای تارێک

## زامەکانی کۆنە دابێک



سەردەشت. مەتین

کەس و کاری هاوژین و خۆم
سەرکەش و خرۆشان وەک چۆم
بە نەشە و شادی و خۆشحاڵی
ڕفاندیان هاوژینم بە غار
بەرەو خەستەخانەکەی شار
پاش ماوەیەک
یەک یەک،گشتی گەڕانەوە
بە سارد و مۆنی و ژانەوەگ
بابم گووتی:
بووکم چی بوو؟ بڵێن بزانم
گووتم بابە پێویست ناکا ئەوان بڵێن
خۆم دەزانم
گەڕانەوەیان بەم شێوە و
بەم هەموو سەر و لێو لچە
تێگەیشتم، کۆرپەم کچە

## خەم

خەمەکانم بە شیلەی ئازاری دڵی
پڕ ئازارم
سەر هەڵدەدەن و پێ دەگەن
بۆیە لە ئێش و ژانی من
بەس تەنیا خۆیان تێ دەگەن

سەقز. ئاوایی خورمتا. میلاد خرمتایی (م. نامۆ)



هە موو ساڵێ
لە ڕێژنە بارانی بەهار
دڵۆپ دڵۆپ تۆم دێتە یاد
چەن لەگەڵ باران لێک ئەچن
تۆش چەشنی ئەو
لە بەهاری ژینما هاتی
ئاسمانی دڵت تاڵ کردم
بە بای وادە
نەو گوڵی ژینت هەڵ کەندم
هێدی هێدی سووک و بابردەڵەت کردم
تۆش چەشنی ئەو
تاوێک هاتی
خاپوورت کرد و ڕابوردی
نایە تەوە ئەو ڕۆژانەی
تەزی تەرزەی عەشقت بردی...
یادت ڕووبارێکی ئاڵ بوو
دەچوە زەریای خۆشەویستی
لە ناکاوا
خەیاڵی تاڵی ڕۆشتنت
بە لێشاو هات
ڕایماڵی ئاواتەکانم
ئاڵۆزاندی خەونەکانم
تۆش چەشنی ئەو
لە ڕووباری ڕوون بێزاری!
ئەی بارانی ساڵێ نەهات
گەرچی لە دوات شێوا، ڕووخا
کەپری هیوا بەرد و داری
نامۆ چاو لە ڕێگەی تۆیە
جارێکی تر ڕێژنەت بێتەوە هەواری...



سەردەشت. م. عەلیزادە. هێرش

گەردوونی بکوژ دەستی لە ئەوکم ناوە
بەو لاوییە سەد دەرد و خەمی پێم داوە
هاتوومە سەر ئەو باوەڕە دنیا هیچە
بێ ئەو کەسە وا "خوێنی خوێن"ی ناوە

❋❋

من تۆ نەبی بۆ چم دەوێ ئەو گەردوونە
پڕ هاتن و گریاندن و بوون و چوونە
ناتگۆڕمەوە گەر خاکی بەهەشتم وێدەن
با هەر بە خەیاڵیش بی، خەیاڵیش بوونە!

❋❋

تۆ ڕۆی و منیش هەستی پڕی شێعرم مرد
تەرکی غەزەل و شێعری پڕی هەستم کرد
بێگانەیە بۆم پاشی ئەتۆ ئەو شارە
کەس تۆی و ئەتۆش گشت کەسمت بۆ خۆ برد

❋❋

تۆم لا بی ئەگەر، دۆزەخەکەش هەر خۆشە
ئازار و خەفەت پووش و پەلاشی بۆشە
چەندی کە ورەم بەرزە، بە چوونت هەستم،
تا قامی قیامەت دەکەوێ و بێهۆشە



بانە. غەفوور ساڵحی

وەرە گوڵم
گوێ بدەرە قسەی دڵم
ئەوەی کە دێتەدەر
لە زاری من
کڵی دڵی کولیومە

دەردەدڵ و وتاری من درۆ نییە

دڵی ئەمن
وەک لێرەواری زوڵفی تۆ چڕ و پڕە

بێستانی دڵ بژارکراوەیەو
وەک بێگەردی گۆنای گەشت
لە درک و زی سڕیومە

ژوانگەکەمان باچۆڵ نەبێ
ئەڤینی تۆ، بۆ من گوڵم
هێوی دەرە، سەرۆبەخشە
توێشەبەرەی بژیومە

❋❋

ئاها لێرە
کۆتری ئەڤین گیرۆدەیە
لەم وڵاتە، زۆر لەمێژە
خۆشەویستی
دیلی داوی ڕێوڕەوشتی چەواشەیە

❋❋

ژیان گەلێ کرۆکپە
لە ئاخ و داخی باوی دڕ
نەریتی نابەکار و شڕ

گلۆلە گەندەموی زەرد
دایگرتوە هەموو لەشم

بەڵام گوڵم، وەک دەمبینی
گەرچی دەروونی من سڕەو
لە کارەساتی دڵتەزێن ژیان پڕەو
بە شاڵاوی تانەو تەشەر
گەرووم کرە

واز ناهێنم، هەر دەمێنم
هەربۆیەشە، زۆر لەمێژە
بوونم بووەو، ماوم و هەشم



# مەهارەتی ( کارامەیی) ژیان

سنه.نەسرین کەریمی

مەهارەتی ژیان، بە کۆمەڵێک توانایی تاکەکان دەوترێت کە ئەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ سازگاربوون و ئاکار و ڕەفتاری چاک و بەکەڵک. هەروەها یارمەتیی هەر تاکێک ئەدات تاکوو بتوانێ ئەرک و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی بگرێتە ئەستۆ و بە شێوازێکی چاک دەرکەوێت.

شارەزایی و پسپۆڕیی لە ژیان، بۆ ئەوە پێویستە و ئەبێ لە بەرچاوی بگرین؛ چونکە هەرکەس دەتوانێت زانیاری و ڕوانگە و بایەخە وجوودییەکانی خۆی بە توانایی ڕاستەقینە و چاوەکی بگۆڕێت. هەروەها دەتوانێت سوود و قازانج وەربگرێت لە هێزەکانی وجوودی خۆی بۆ شەوق و خۆشحاڵی و داهێنانی ژیانێکی چاک بۆ خۆی و ئەوانیتر.

کەسێکی وا لە ژیان پسپۆڕ و شارەزایە و دەتوانێت شارەزایی زۆری هەبێ لە بەرانبەر ئازارەکانی تاکی و کۆمەڵایەتیدا؛ یانی شارەزایە بۆ ژیان، ئەمە یارمەتیی ئەدات بۆ ئەوە بتوانێ لەگەڵ کێشەکانی ژیان بە شێوازێکی باش ڕووبەڕوو بێت.

بە وتەی نیچە:« ئینسان بەڵگەیەکە، ئەتوانێت لەگەڵ هەر چۆنیەتییەکدا هاودەنگ بێ، ئەگەر بیەوێت.»

زۆرێ لە تواناییەکانی ژیان، شوێنی فێربوونیان بنەماڵەیە. ئەوەی وا ئینسان بتوانێت لێیان بەهرەمەند بێ، یان نا، لە قۆناخی سەرەتادا لە ئەستۆی دایکان و باوکانە .

*** کاریگەری و کارایی مەهارەتگەلی ژیان:**

١ـ خۆڕاگریی ئینسان لە بەرانبەر بیرورای جۆراوجۆر دەچێتە سەرەوە. هەروەها، لەبەرانبەر هەر قسەی خەڵکی دەتوانێت هەست بە ئاسوودەیی و هێمناییەتیی دەروونی بکات.

٢ـ دەتوانێت لە هەر بارودۆخێکدا ـ چ کاتی، چ مەکانی ـ بەباشی دەرکەوێت و کاری خۆی جێبەجێ بکات..

٣ـ کەسێکی دەمقورسە و دەتوانێت لەسەر وتار و قسەی خۆی، خاوەن دەسەڵات بێت.

٤ـ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە جیهان و پەند وەرگرتن بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو.

٥ـ کەسێکی پشت بەخۆبەستووە.

**مەهارەتەکانی ژیان بریتین لە: توانایی (هێزوتاقەت)، سازگاری (پێکەوە هەڵکردن)، بەرپرسایەتی.**

١ـ توانایی: ئەگەر بتوانین کێشە ئاساییەکان لە ژیان چارەسەر بکەین، زۆر کات هۆکارێک بۆ شەڕ و تێکهەڵچوون، و تەڵاق و خەیانەت و...هتد نییە. بۆ کێشەکانی ئینسان، هەر بەو ئەندازە چارە هەیە، ئەو بە توانایی خۆی ئەتوانێ بە ڕێگەچارەکان بگات، بەڵام پێشتر پێویستە لە پەروەردە و ڕاهێنانی ئەو شتانە فێر بووبێت. چارەسەری کێشەوگرفت لە ڕوانگەی بیرمەنداندا، لە سەرترین ڕادەی چالاکییەکانی تێگەیینی (شناختی) ئینساندا هەیە.

ڕێگەچارەسەرەکان نیشاندەری ئەزموونەکان و زانیارییەکانی پێشووی هەر ئینسانێکە. ئەو دەستە لە کێشەکان وا بەئاسانی چارەسەر نابن، نیشاندەری ئەوەن کە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان لە چوارچێوەی زانست و ئەزموونەکانی ئینساندا نییە؛ بۆیە پێویستە ئینسان، ئاگاداری و زانیاریی نوێ و تازە لە خۆیدا پێکبێنێت و کێشەکانی چارەسەر بکات.

چارەسەری سەرکەوتووانەی کێشەکان، هێوریی ژیان و بڕوابەخۆیی و بەخۆدا پەرمووویی لە تاکدا زیاد دەکات. لە بیر نەکەین، دایک و باوک دەتوانن بەهێزترین مامۆستای ئینسان بن. بنەماڵە دەتوانێت خوێندنگایەک بێ بۆ هەر مرۆڤێک. زانیارییەکان بە هەر شێوازێک بێ ـ چ هەڵە و چ دروست دەتوانن کاریگەرییەکی قووڵی هەبێ لە سەر ژیان و ئەگەر دایک و باوک بتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، جۆرێک ڕاستە و خۆ بنەماڵەی خۆیان فێری توانایی و بەهێزبوون لە بەرانبەر کێشەکانی ژیان دەکەن.

٢ـ سازگاری (پێکەوە هەڵکردن)

ئینسانی سازگار چۆن ئینسانێکە؟ ئەم ئینسانە، ئاشتیخوازە؛ بە دوای شەڕ و تێکهەڵچووندا نییە؛ تێدەکۆشێ لە توورەیی و دڵڕەقی بە دوور بێ؛ کەمتر حەزی لە چوون بۆ زیندان و دادگا و پاسگایە؛ دەستی دۆستیی ئەو بۆ گوشینی دەستی کەسانیتر ئامادەیە و ئەم سازگاربوونە، بەرهەمی بنەماڵەیەکی پڕ لە ئاشتی و ئارامشە.

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

کاتێ لە خانەوادەیەک کێشەی ساکار و سادە باوک دەوری پڕتاو دەکات، یان دایک دەتۆرێ، منداڵ چۆن ئەتوانێ لە ڕەپۆشە و فەزای پێکەوەبوون تێبگات؟

«هەر کات لە خانەوادە، گەورەکان بێ نرخ و بچووک بن، بچووکەکان هەرگیز گەورە نابن.»

٣ـ بەرپرسایەتی

لە ڕوانگەی دەروونناسیی پێشکەوتوو، ئینسانبوون یانی بەرپرسبوون. بەرپرسبوون لە بەرانبەر بە خۆی، کەسانیتر، داهاتوو، کەلتوور، هونەر، مێژوو، سروشت و مرۆڤایەتی و ...

و ئەوەی وا حەزرەتی مەولانا دەڵێ: «از دیو و دد ملولم و انسانم آرزوست»

یان سەعدی شیرازی بەجوانی ئاماژە دەکات:

تو کز محنت دیگران بیغمی          نشاید که نامت نهند آدمی

بەرپرسایەتی، یەکێک لەو شتانەیە وا لە سەر ژیانی هاوبەشی هەر تاکێکدا کاریگەری هەرە زۆری هەیە؛ چونکوو ئەبێتە دڵنیایی و ئاسایشی دەروون و ڕادەیەک لە ئازارەکانی ژیانی هاوبەش کەم دەکاتەوە، ئەبێتە هۆی ڕووناکی و ئەلفوبێ و بنەڕەتی بەرنامە و دەستوورەکانی ژیان.


توخمە پێکهێنەرەکانی بنەماڵەی تەندروست و نموونە ئەمانەن: «پێداویستییەکان، زانیارییەکان، توانایی دایکی وباوکی، ڕەپۆشەی شیاو و خۆشی بنەماڵە»

پێداویستییەکانی بنەماڵە ئەبێ لە ڕادەیەکدا بێ، کە بەرگری نەکات لە گەشەکردنی منداڵ لە بواری خوێندن و هونەر و وەرزشدا؛ چونکێ ئەگەر نەبوونی پێداویستییەکان ببێتە لەمپەر لەحاڵێکدا ئەندامانی بنەماڵە بەهێز و کارامە بن، ئەمە خۆی هۆکاری نائومێدی و ناڕازیبوونە و سەرەتای زۆربەی ئازارەکان لە بنەماڵەدایە.

زانیارییەکانی بنەماڵە: ئەم بابەتە، تەنیا لە بواری نیازەکانی بایۆلۆژیکیی منداڵدا نییە، بەڵکوو ئەبێ بنەماڵە لە بواری دەروونی، مەعنەوی و کۆمەڵایەتیدا زانیارییان هەبێ. هەڵبەت، زیاتر پێداویستیی بایۆلۆژێکی لە بەرچاو دەگرن و ئەوانیتر لە بیر ئەکەن.

توانایی دایکی و باوکی: دایک و باوک ئەگەر هەوڵیان پێکهێنانی بنەماڵەیەک پڕ لە ئەشق و ئیحترام، بەرپرسیی، متمانە، هاوکاری وچاوپۆشی و پاڵپشتیی بێت، تاکێک وا لەم شوێنە پەروەدە دەبێ، پڕ لە مرۆڤدۆستییە، زیاتر سوود و قازانجی درێژخایەنی گرووپی ڕەچاو دەکات، نەک سوودی تاکەکەسی و کورتخایەن. هەروەها لەم شوێنە، سێ هێمای هیواداری، شادی وپاراستن بۆ منداڵان و بنەماڵە هەیە. دایک و باوک، توانایی ڕۆڵی خۆیان (دایکی و باوکی) هەیە.

«هیوای ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ هەر تاکێک»



# پەری نێو ئاوێنەکە

جەماڵ میرسادقی

وەرگێر: ئەمین گەردیگلانی



کاتێک بە بەر دەرگای ژووری پێنجەدەریدا تێپەریم، چاوم بە عەزیزە کەوت. سەری بە خوزدا گرتبوو و قژە ڕەشە درێژەکەی، لە سەر شان و ملی پەرێشان بووبوو. لە بەیانییەوە کە دایە گەورە و پوورەکانم هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە، ئەویان بردبوو بۆ ژووری پێنجەدەری. دەنگیان ژوورەکەی داگرتبوو. عەزیزە لەگەڵ پەرییە چکۆل، نزیکەی مانگێک دەبوو هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە.

پەری لە بەر ئاوێنە باڵا نوێنەکەی ژووری بەرامبەر، ڕاوەستا بوو و بووکەڵە جوان و گەورەکەی لە باوەش گرتبوو و بە تووڕەیی قسەی دەکرد. گوتم:

«لەگەڵ کێ شەڕدەکەی پەری گیان؟»

وەرسووڕایەوە و دەستی ڕاوەشاند:

«لەگەڵ ئەو پەرییەی نێو ئاوێنەکە، هەر چییەک دەڵێم لاساییم دەکاتەوە. هێندە لاسارە.»

بەیانی لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم بە قرشیکوهۆڕ هات لە سەر کۆشم دانیشت، خەیارێکم بۆ قاش کرد. زۆری قسەی خۆش بۆ کردم.

«خاڵە گیان! خرپنم خەواند و بە دزییەوە هاتمە دەرێ، خۆ ئەو هاروهاجە بە هیچ جۆرێ ناخەوێ.»

گوتم: «پەری گیان بۆ بە تەنیا بەجێت هێشتووە، ئەگەر هەستێ و هەرا لە دایکی بکا، لەوێ نەبی دەترسێ.»

لە سەر کۆشم بازی دا خوارێ و گوتی:

«با بچم سەری لێ بدەم، نەکا هەستا بێ و دەستی کردبی بە گریان.»

چەند هەنگاو هەڵات و ڕاوەستا. گەڕایەوە و ئەو چاوە جوان و گەشانەی تێبڕیم کە خەمیان تێزابوو، لێی پرسیم:

«خاڵە گیان! بۆ دایکم هەر دەگری؟»

لەگەڵ قسەکانی دڵی پڕ بووبوو و لێوە ناسکەکەی دەلەرزی.

«نەگریاوە پەری گیان، حەتمەن باوێشکی داوە و چاوی پڕ بووە لە ئاو، دایکت بۆچی دەبێ بگری؟»

دەستە چکۆڵەکانی ڕاوەشاند، وەک ئەوەی بیهەوێ لە کەسێک بدا:

«دوێشەو خۆم دیتم دەگریا، خۆم دیم، لە پەنا تەختەکەی من دانیشتبوو دەگریا. پێی وابوو من خەوم لێ کەوتووە و ئاگام لێ نییە.»

دەستی کرد بە گریان و خۆی خستە باوەشم:

«من ناچم بۆ لای باوکم. من دەمەوێ لە لای دایکم بم.»

فرمێسکی سەر ڕوومەتە جوانەکەیم سڕی، زووڕەزووڕ دەگریا و هەنیسکی دەدا:

«دایکم دوێشەو دەیگوت ناهێڵم تۆم لێ بستێنن، من ناتوانم بەبێ تۆ بژیم. من... من... دەمەوێ... لە لای... دایکم... لەلای دایکم.»

دەنگی گڕ و منگنی دایەگەورەم لە ژوورە پێنجەدەرییەکەوە هات.

«چەند کچێکی ناحاڵی و بێ چاوڕووە. خودایە لە دەست کچی ئەم زەمانە.»

پوورە چکۆڵەکەم گوتی:

«ئێمە لە بەر تۆ دەڵێن گەوجە گیان، ئەگەر منداڵەکەیان بە سەردا بدەیەوە، بیانووی تۆ دەگرێ و بۆیان ناحەوێتەوە، ئەو کاتە لە سەر گرێو حەوتوویەکی پێناچێ دیت بە دواتا و ئەو ژنەتیوە سووکوچرووکە لە ماڵەکەی وەدەردەنێ و تەڵاقی دەدا.»

پوورە گەورەکەم گوتی:

«دەی گریمان منداڵەکەش نەنێریتەوە و نەچێتەوە لای مێردەکەی، خۆ قاتی مێرد نییە ڕۆڵە. ئەمە نەبوو، یەکێکی تر. بۆ جوانیی خوت لە ڕێی منداڵی خەڵکدا بە فیرۆ دەدەی؟»

عەزیزە سەری هەڵبڕی و بە چاوە سوور و فرمێسک تێزاوەکانی لە منی ڕوانی، یان ڕووی لەو لایە کرد کە منی لێ ڕاوەستا بووم، چاوی لە نێو گۆمی پێڵوویدا بە مۆلەق وەستا بوو. وەک کەسێک دەچوو کە ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئەشکەنجەدا بووبێ و ئیتر بۆی تاماڵ نەکرێ.

«عەزیزە ئاخری قوڕیان بە سەردا کردی.»

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

لەوێ هاتمە دەرێ و خۆم گەیاندە حەوشە و لە سەر حەوزەکە دانیشتم. ئاوەکە ڕوون و بێ جووڵە، بووبووە ئاوێنەی هەورە تاڵەکانی ئاسمان. گێژ و بێ تاقەت بووم، هەستم بە وەڕەزی و لەش داگیران دەکرد، دەتگوت بە کوتک بە سەریاندا کێشاوم. ڕەقم لە خۆم هەستا بوو، بێزم لە خۆم و لە هەموو پیاوێک دەکرد. سەرم کرد بە نێو ئاوی حەوزەکەدا. فێنکایی ئاوەکە پێستی دەموچاومی لاواندەوە.

ترپەی پێیەک بە پەنامدا تێپەڕی. سەرم لە ئاوەکە هێنایە دەرێ. دڵۆپی درشت و فێنکی ئاو بە شان و ملمدا چوونە خوارێ. باوە حاجیم لەو بەری حەوزەکەوە بەرەڕووی من دانیشتبوو دەستنوێژی دەگرت. نەیدەویست چاوم لێ بکات و سەرنجی لێ دەدزیەوە. چاوی لە ئاوەکە بڕی و بەو دەنگە گڕ و پڕ تووڕەیییەوە پرسی:

«لە، ماڵەوە نابی، لەگەڵ ژنەکان بچی؟»

«نا، ئیتر پێویست ناکا ئێمە و مانان لەگەڵیان بین.»

«ئاخر ئەوانە هەرچییەک بێ ژنن.»

«مەگین ئێمە چ تەڕەماشێکین؟ لەشمان داوەشێ.

لە بەیانییەوە خۆی دزیبۆوە. خزیبووە ژووری گۆشەکە و خۆی بە خوێندنەوەی کتێبی دۆعا و نزاوە سەرقاڵ کردبوو. نیوەڕۆ نەهات لەگەڵ ئێمە نان بخوات و سفرەیان بۆ بردە ژوورەکەی خۆی. لە ناکاو دەرهەڵبوو و گوڕاندی:

«چییە؟ بۆ ئاوا چاوم لێدەکەی؟»

گوتم: «عەزیزەی بێچارە، پێی وابوو باوک و برای هەیە.»

دەنگی زیاتر هەڵبڕی:

«دەمت لیک نێ؛ تۆش زمانت گرتووە؛ ئەوە پێوەندیی بە ئێمەوە نییە. وا باشە ئێمە خۆمانی تێوەرنەدەین. خۆیان چۆن دەکەن با بیکەن.»

گوتم: «ئاخر باوە حاجی چیت پێ بڵێم؟ منداڵی کچەکەتە دەیانهەوێ تووری هەڵدەنە دەرێ، بەلای ناخێرتەوە ئەوە دەزانی؟»

دەمەلاسکەی کردمەوە و شانی هەڵتەکاند و لێم مۆڕ بۆوە:

«دەهێڵی ئەم پارووە قوزەلقورتە بە گەروومدا بچێتە خوارێ یان هەستم بڕۆم؟»

گوتم: «تۆ هەر لێرە بە و نانەکەت بخۆ، من دەڕۆم.»

هەستام و لە ژوورەکە چوومەدەرێ. دایکم لە چێشتخانەکە هاتە دەرێ:

«مەگین نانی نێوەڕۆ ناخۆی؟»

گوتم:«برسیم نییە.»

«چیبووە ڕۆڵە گیان.»

«هیچ، دەتەوێ چی ببێ دایەگیان؟»

چاوم دەسوورا بۆ لای ژووری پێنجدەری.

«ڕۆڵە گیان بە خودا من قەت بەوە ڕازی نیم، دایەگەورە و پوورەکانت دەستبەردار نین و دەڵێن ئاوا باشترە...»

«دەی چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە؟ مەگین من چکارەم؟ مەگین خۆتان نەتانگوت من خۆم لەوکارانە وەرنەدەم باشترە و پێوەندیی بە منەوە نییە؟»

لە سەر حەوزەکە هەستام.

«ئێمە هەقمان چییە بە سەریانەوە، مەگین نەتانگوت واباشە ئێمە خۆ لە کارەکانیان هەڵنەقوتێنین؟»

باوەحاجیم گوتی:«لە بەر دڵی خوشکیشت بێ لەگەڵیان بچۆ. ئاخر ئەوانە پۆلێک زەعیفەن، دەبێ پیاوێکیان لەگەڵ بێ، خۆ لەم نزیکانە نییە بە سەر پێیەکەوە بچن و بگەڕێنەوە.»

پێکەنیم: «لە بەر دڵی خوشکم؟ قوربە سەری...»

دوورکەوتمەوە:

«ئەگەر بمویستبایە بشچم نەمدەتوانی. چونکە سبەینێ بەیانی دەبێ بچمەوە سەر کارەکەم. خۆتان دەزانن ئەگەر...»

لە دالانەکە خاولییەکەم داگرت دەموچاوم وشک کردەوە و سەرم داهێنا. پەری لە ژوورەکە هاتە دەرێ. بووکەڵەکەی توند لە باوەشی گرتبوو و دڵی پڕ بووبوو.

«پەری گیان ئەوە چی بووە؟»

«خاڵەگیان! من لەگەڵ پەریی نێو ئاوێنەکە خاکم.»

« بۆچی پەری گیان؟ بۆ لەگەڵی خاکی؟»

«چونکە خرپنی لە باوەش کردبوو و نەیدەویست پێم بداتەوە.»

لە باوەشم کرد و لە ماڵێ هاتمە دەرێ. چلوورەم بۆ کڕی و گیرفانیم بۆ پڕکرد لە چۆلکێت. دەستی منی گرتبوو بە زمانە منداڵانەکەی قسەی بۆ دەکردم.

کاتێک گەڕاینەوە، هەوا تاریک بووبوو. پوورە چکۆڵەکەم و دایەگەورەم چارشێویان بە سەردادابوو و لەگەڵ باوە حاجیم لە دالانەکە چاوەڕوان بوون. پوورە چکۆڵەکەم هات دەستی پەریی گرت:

«پەری گیان دەمانەوێ بچین بۆ سەیران، سواری سەیارە دەبین و تێر دەگەڕێن.»

شەوێ کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵێ، ماڵەکە بێدەنگ و کڕوکپ بوو. جلەکانم داکەند، کاتژمێرەکەم قورمیش کرد و لە سەر پێخەفەکەم ڕاکشام. مانگە شەو بوو. شەو ڕاشکابوو. سێبەری عەزیزە کەوتە سەر دیواری ژوورەکەم، لە سەر پێخەفەکەم هەستام و چاوم لە حەوشە کرد، دیتم لە دەوری حەوزەکە پیاسە دەکا.

کاتێک لە خەو ڕاپەڕیم، کاتژمێرەکە لە پەستا زەنگی لێدەدا. بەری بەیانی بوو. مانگە شەو وڵاتی ڕووناک کردبۆوە. جلەکانم لە بەر کرد و هاتمە دەرێ. هەواکەی تازە و فێنک بوو.

لە ژووری ڕووبەڕوو دایکم چۆکی دادابوو دەستی هەڵبڕیبوو. تریفەی مانگ لە پەنجەرەکەوە لێی دابوو و جەستەی چکۆڵەتر و پیرتر دیار بوو. دەرگای ژوورەکەی عەزیزە کرابۆوە. عەزیزە لە پاڵ تەختەکەی پەریدا خۆی کوشمەڵە کردبوو. بووکەڵەکەی توند لە باوەشی گرتبوو و سەری کرد بووە سەر لێواری تەختەکە و خەوی لێکەوتبوو.

## بۆ هاوڕێی شاعیرم ک.د.ئازاد

ئەمین گەردیگلانی

تا بە کەی هەر وا لە دەوری مانگی خەم خەرمانە بم
وێڵی دووی بارگە و هەواری شەم بم و دێوانە بم

تەیری گیانم خۆشە توولەی لەش بەجێبێڵێ و بڵێ:
دەمهەوێ هاوڕێی مەلی ئازادی ئەو شاخانە بم

لێم گەڕێ با دەردی بەرد و هەرد و خاکم دەربڕم
هەر گەرووی هاواری ئەو شاخە بریندارانە بم

«ئاربەبا»! هاتووم لە جێگەی تۆ سەرم دانێم و تۆش
بێیە نێو سینگم کە خۆم خەمخۆری داخی بانە بم

یادی ئازادی بە ئازادی لە ڕۆحم هەڵقوڵێ
هەروەکوو «ئازاد»ەکەی تۆ بۆ شێعر بارانە بم

سینەکەم هەردی «سلێمان بەگ» گوڵاڵەی زەرد و سوور
تەرمی دڵمە جا بە لەش گۆڕی ئەوین بم یا نەبم

بانە! تۆ ڕووگەی دڵی، ناخت مەکۆی ئەشقی بەتین
هەقتە بێژی من دەبێ بۆ ڕۆژی نۆ نوخشانە بم

چاوگی گڕکانی ویست و ڕاپەڕینی خۆت بڵێ:
تاکوو هەم با ئاوری ئەو هەست و سەرهەڵدانە بم

## شێعرێک له دیوانی سۆزی دڵ



**موحیب مەهابادی**

هەتا عیشق و ئەویـنداری بمێنێ
گوڵ و جێژوان و دڵداری بمێنێ

هەناسەی سۆز و جوانی و خۆشەویستی
وەفا و پاک بوون و ساکاری بمێنێ

هەتا هەستێکی مەست و مەحرەمی راز
له ژینی عاشقی شاری بمێنێ

ئومێدی پێ گەیشتن سازی ڕووح و
شکۆفەی ڕاپەڕین داری بمێنێ

هەتا سەوزی بەهار مەعنای تێدابێ
هەتاوی مێهرەبان کاری بمێنێ

هەواری ئاشنایی گەرم و گوڕ وا
موحەبەت بێت و بازاری بمێنێ

هەتا یادێ سەفای ڕوانگەی ببەخشێ
کرێڤ بێ و چاوەڕێی یاری بمێنێ

موحیب خۆزگەم بەخۆت ون نابێ شێعرت
بە ڕێی دڵ خۆشە یادگاری بمێنێ!

## سەمفوونیای دڵ



**هیدایەت ئازەری (خەمبار)**

هەر کە یادت دێ بە دڵدا,گوڵ دەکا ڕوخسارەکەم
ماڵی دڵ بۆت ئاوەدانە, پڕ لە عەشقە شارەکەم

شەو لەگەڵ یادو خەیاڵت,خول دەخۆم لەو شارەدا
شوێن نەماوە پێ نەزانێ, هەرئەتۆی دڵدارەکەم

گەر دەزانی چەند پەشێوە , حاڵەکەم بۆ دیتنت؟
پاسەوانی ماڵی دڵ بە, پڕ بەدەم هاوارەکەم

خۆری ڕوخسارت گڕێکە, ئاگری بەردایە دڵ
تۆبڵێی کەس بێ وەکوو تۆ,دەڵڕفێن بێ یارەکەم؟

یادەکەت چیرۆکی عەشقە, وەک گوڵێک دەڕوێتەوە
ئەکتەرێکی زۆر لێزانی , هەست دەکەی ئازارەکەم

نەرگسی چاوی شەهێنت , لابەری دەردو بەڵان
دوورلەچاوت هەست بەژان و, دڵپڕی وئازارەکەم

من بەتەنیانیم وڵاتێک,ئەشقی تۆم تێکەڵ بوووە
خۆم وەکوو پاشا دەبینم , دڵبەرو نازدارەکەم

مانگی ڕوخسارت وەدەرخەی,دڵ سەماگێڕیت دەکا
یادو چاوو ناوی تۆیە ,جوان دەکا ئەشعارەکەم

سەمفوونیای دڵ بژێنم ,نۆت بەنۆت بۆم بێتەوە
دڵڕفێنی عالەمێکە , مۆسیقای سێ تارەکەم

ساڵەهایە دڵ بەڕۆژوو , هۆگری ئەو مانگەیە
ڕووو لەمێحیرابی بڕۆت بێ, دەردی دڵ تیمارەکەم

تۆی گوڵاڵەی باخی جوانی ,دەڵبەری دەشنێیتەوە
تۆی پەرەسێلکەی جوانی و,دڵنەوای خەمبارەکەم

قالب : غەزەل
بەحر : ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف



# خەونەکانی ڕابردوو

سنە. پ.ڕ.سایدا

چاوی لە دەلاقە داناخست. ئەوپەڕی شاری تەماشا دەکرد. زەریا و کەشتییەکان کە پاڵ بە لەنگەرگا، شەکەتییان دەرئەکرد.ڕۆحی لەوێ نەبووئەو بە باڵی خەیاڵ سینگی نیشتمانی ئەپێوا، جاددەی ڕوو بە باخی ترێ و چەمی دلزار، دۆڵی ئەرخەوانەکان و چیای خۆرنشین. کەس لە لای نەبوو. ژن و منداڵی دەمێک بوو؛ ڕۆیشتبوونەوە. ئێوارەیەک خەمین وخولیایی بوو. لەشی بێ هێزو لاوازی لە سەر تەختەکەی،وەکوو سازێکشکاو بوو.

لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد: بۆ ئاوام بەسەر هات؟ ئەو هەموو ڕەنج و دەربەدەریمە بوو بە چی؟!من لەم شارە غەریبە چی دەکەم؟ نیوەی خۆم بە جێ هێشت تا لێرە تەنیا و غەریب، باوەش بەمەرگابکەم؟چەند پڕ ئازارە ئەم خەونستانە کەسە و هەرای بێ دەنگە ...

دەرگای ژوورەکی کرایەو، بۆنی گوڵە باخ و دەنگی هەنگاوێک ئاشنا لە خەیاڵ هێنایە دەرەوە.بۆ ساتێک زمانی لاڵ بوو، نەیدەزانە خەیاڵە یان ڕاستییە؟ کەژاڵ!کەژاڵ! ئەو لێرە چی دەکا؟

- سڵاوهیوا، منم کەژاڵ، ئەمناسی؟

چۆن ئەبێ ئەو لەیرە بێت؟! لەگەڵ کێ هاتووە بۆ ئاڵمان؟ کێ ئادرسی ئێرەی پێ داوە؟

- سڵامم...کەژاڵڵڵ تۆ.. لێرە... ؟!منت چلۆن پەیدا کرد؟ تۆ....

- هیوا،دوایی وڵامی هەموو پرسیارەکانت ئەدەمەوە. تۆ بۆ نەخۆش کەوتی؟ مەگەر بەڵێنت نەداوە بە من، ئاگات لە خۆت بێت. هاتووم چاوم پێت کەوێت و دڵنیا بم کە باشی.

کەژاڵ چووە پێشەو. وەکوو هەمیشە سەر گۆنای سوور بوو و بزەی لێوی جوان. دەستی نایە سەر دڵی هیواو گوتی : دەزانم دەردی لەشت چییە. بۆ چەند سات هیچ مەڵێ و پرسیارم لێ مەکە. ئەم جارچاوەکانی بەست و کەوتە دۆعا خوێندن.

گەرمای دەستی کەژاڵ هێزی خستە لەشی.چەشنی ئەوکاتانەی کە ئەچوو بۆ جێژوان. ژێر سێبەری ئەرخەوانەکان، دەمەو ئێوارانی ئاوایی. کاتێ کە دەنگی منداڵان و گۆرانی شوان و هاژەی چەم تێکەڵاو ئەبوون وبانگی مەنارەی مزگەوت دەست و هەستی هەموو گیان لە بەرانی بەرەو ئاسمان ئەبرد.

تێکڕا هەناسەی توند بوو.هەستی کرد دڵی ڕچاوە. تەنانەت یەک شتی بە زمانی ئاڵمانی بیست"شوک،شوکی پێ بدەن " دنیای لە ون بوو ئیدی نە دەستی کەژاڵی هەست ئەکرد ونە بانگی ئەبیست!

چاوی کردەوە. کەژاڵ لە تەنیشتی نەبوو. هات لە سەر تەختە کەی هەستێ و بە دوایا ڕێکەوێت. بەڵام هەر قامکی تۆزێ تەکان دا. بۆدەلاقەی ژوورەکەی ڕوانی. نە شاری بینی، نە زەریا! تەنانەت یەک دیوار بوو کە بەفر لە سەر ئاجۆرەکانی نووستبوون.

- کەی ژوورەکەیان گۆڕاندم!ئەم هەموو دەستگا چییە لە دەور وبەرم ؟هاوین و بەفر!کەژاڵ لە کوێیە؟

وڵامی پرسیارەکانمی نەداوە. قسەی زۆرم بوو پێ بڵێم. ڕەنگە لە دەرو بێت. ئەرێ! هالە دەرەو.

چەند پەرەستار و پزیشک هاتنە نێو ژوورەکەی، یەکێکیان دەستی گرت و ئەم جار چاوی مۆعاینە کرد.یەکێ دیکەیان بە زمانی ئاڵمانی چەند پرسیاری لێ کرد و ئەو بە چاو،وڵامی دایەوە. دوای یەک کاتژمێر ژن و منداڵی هاتن. هەم پێ دەکەنین و هەم دەگریان.

ئەو کاتە بوو کە زانی؛ دواییەک ساڵ و نیو لە کۆما هاتووەتەوە. ئێوارەیەک گورتمەی دڵ پێ دەست ئەدات و حاڵی خراپ ئەبێ. بە شوک ئەیهێننەوە بەڵام ئەچێتەنێوکۆما. دوایی پزیشکەکان سەر سوور دەمێنن چۆنلەجەستەی هیچ هێمایەک لە شێر پەنجە پەیدا ناکەن.

بێ دەنگ بوو . توانای ئەوەی نەبوو، هیچ بڵێت.فرمێسکەکانی وەکوو بارانێک یاخی دەڕژانە سەر گۆنای.
چلۆن ئەمیەک ساڵ ونیوە لە جیهانە نەبووە؟ بۆ هیچی لە بیر نایەت!
پزیشکەکەی گوتی: لێرە کەس نەبێت با ئیستراحەت بکات. تەماشای منداڵەکانی کرد کە گەورە بوون بەڵام هاوسەرەکەی چەند تێک چوو بوو.

هەمدیسان کەژاڵی هاتەوە بیر.پرسیارەکانی دووپات بوونەوە.ڕۆیشتەوە بۆ ڕابڕدوو.بیست و سێ ساڵ لەمەو پێش. کاتی خۆشەویستی کەژاڵ، کاتی ڕۆژانی ڕوون و باوەشی گەرمی نیشتمان.

ـ خۆزگە مرۆڤ، چارەنووسی خۆی دەنووسی تا ڕەنجی دنیا کەمتر ئەبوو.ئەگەر ئەو ڕووداوە پێش نەدەهات من لێرە چیم دەکرد؟ لەم دوورە وڵاتە! کە لەشم دیلەو ڕۆحم ئاوارە وناتوانم بە هیچ چەشنێک لە قاپی خۆم جێگا بدەم.

زستانی سەخت و جاددەی بەسراو و مەرگی خۆشکە دوو گیانەکی کەژاڵی هاتەوە بیرکەبوون بە چوار چێوەی یاسای کۆنتا لە بەهاردا؛کەژاڵ ببێت بە دایکی خۆشکە زاکەکانی و ئەمیش عەوداڵی جیهانی ئەوین.

دوای چەند ڕۆژ کە هیچ هەواڵێک لە کەژاڵ نەبوو. زانی هەموویی خەون وخەیاڵ بووە.
کاتێ توانی بە باشی قسە بکات زەنگی دا بۆ ڕێبواڕی، خاڵۆ زای. ئەحواڵی کەژاڵی لێ پرسی؟

ڕێبوار: کاتێ هەواڵی نەخۆشینت بە گوند گەیشت. کەژاڵ هەر ئێواران دەڕۆیشت بۆ دۆڵی ئەرخەوانەکان و درە نگان دەهاتەوە. تاکوو ئێوارە یەک بۆ هەمیشە لە وێ نووست.
دوایی پزیشکەکان گوتیان: بە بۆنی " جەڵدەی دڵ" گیانی لە دەست داوە باڵام قەت نەیانزانی بۆسەر دڵی ڕەش و کەو بووەتەوە؟!

مۆبایلی قەت کرد.لە بەر شەپۆلی فرمیسک هیچی نابینی. وەکوو کۆلبەرێک ماندوو چیای بیرەوەری گرتە بەرتا دواهەمین دیداری لە گەڵ کەژاڵ ڕۆیشت ئەوکاتەی کە کتێبی تاریک و ڕوونی بۆی هێنا بووبە یادگاری.لە سەری نووسیبووی:

" من،تۆم خۆشدەوێت وتۆیش من. ئەوەی ڕقی لێمان بوو،چارەنووس بوو،چارەنووس."

## گەلاوێژییەکانی تەنیایی



گلاوێژ بیگ نیا
"خاتوونی خۆر"

تەنیاییەکان سنووری دڵتەنگین و
تۆ تا من هەڵدەلووشی بێ بەزەیی
تەنیایی...
سەفر بۆ من .......
هوروژمی ئالۆزیت بیرەوەرییەکان و من
پەرێشانتر...
تا پەرژینی خەیاڵاتت ڕێ،
بەسەر هەناوی کۆچم دا
کەماتەمینی چاوێک دادەبارێ
ئەسرین تا تۆ پێکەنین سووچ....
چێژی چۆپی کێشانی تریفە لەناو لەشی
خۆشەویستیم دا دەتپێکم
نیوە شەو لەباڵات دا لە دایک دەبێ منێک کە تۆم
نییە و
لە دیاری باوەڵی کانی غەریب وشەی درۆ،
تا ئەوینێک من کەدوزەخیترین م منت...
ساڵانێکە
قیامەتێک دەتنێژم
تا تراژدی پەنجەکانت خۆم وتۆ تا
ئەفسونگەریت..
پەرژین و خەیاڵ...
نێوم کە هاشور دەکرێ، مەخمەری ڕەش کفنت و
گۆڕم ئاسمان تا گەلاوێژ.......

❋❋

## سەفەر

چەن دڵتەنگم سەفەرێک هاتۆتە ڕێم
ڕێگا دوور وسەخڵەت
تەرمی خۆمە ...... وبەسەر شانمەوە
ـــــ قورسایی تا وێستگەی خوا
دەقاموسی کام ئەستێرەدا بێ گۆڕم
مەرگی پەپوولەکان چەن مەودا .... حەسانەوە
چارشێوی سپی دایکم تراژدی چیرۆکی مۆمێکی
خامۆشە....تاااااتابلۆی بیرچوونەوەیێکی
خامۆش

منێک تەرم بەکۆڵ ..... تاتۆ هەلبژاردەی بەهارێک

## چەند کورتە شێعر



مریەم یەتیمی

١ ـ هەوری نەزۆک و
مەزرای سەوزی فەلک
سەرابێک

٢ـ بە کاتی بەهار و گوڵ
هەوری بێ باران
چاوی ئاسمان

٣ـ پڕ پڕ لە شکۆفەی
ئەشق و خەندە
کچە گێلاسی

٤ـ دەشکێنی بێدەنگی
هاژەی چیای سەرم

٥ـ هەڵوەرین گوڵی سوور
شەقامێک خەماوی

٦ـ بە دەم وەنەوزی
خەمێکەوە داچڵەکیا
پێنووسی شاعیرێک

٧ـ لە گوێسوانەیەکی
لارووخاوا بەجێ ماوە
دەنگی مەلێک

٨ ـ سەوز بوو لە
سەر چواڕ ڕێیانی خەیاڵێک دا
تەوقی تەنگز

٩ـ لە ژێر باڵی شەودا
لێوی شەقامێک
پڕ لە شیلەی تووە ڕەشە

١٠ـ لە گوێی شەقامێکی بریندار
خۆی دەلۆراندەوە
ڕۆژنامەیەکی لادراو

١١ـ لە چاوی مەنگی زەریادا
ڕازی خاک
پەیکەری زارۆکێ

١٢ـ دڵۆپ، دڵۆپ
باران ئەنۆشێ
گەڵای دار گێلاس

١٣ـ ئاوێنە بۆ شکۆفەکانی
ئەگرێت
کچەهەنار

١٤ـ لچی شەقام سوور سوور
لە ماچی دەنکە گێلاسی

١٥ـ تێک قرمانی پەنجەی
کاژێر لە کۆچی
کچەماسییەکی عاشق دا

١٦ـ پرچی بەهاروو
ئەکا بە شانە
نەرمە بای بەیانی

١٧ـ دڵی خاڵی لە عەشق
سێوێک کرمی
هزرێکی ڕەشی قەترانی

١٨ـ شەو دەنگی گۆرانی
قورباقەی خەوزڕاو و
ڕۆخانەیەی پڕئاو

١٩ـ لە ناوگرمەی هەورا
لە دەف دەدا
پەنجەی باران

٢٠ـ قژەکانی کردوەتە
پەلکەی هۆنراوە رووبار

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



لەیلاخ . فەردین حوسێن پەناهی زوێر

ـ ١ـ

بیرت دەکەم
وەک دەورانی لاویەتی خۆم
پیرم دەکەی
چۆن ئێستاکەیش لە بیری تۆم

ـ٢ـ

چ بێڕەحمانە
وەک نیشتمانی بە ئالآتەوە
خوێنی سووری ئاشق
دەتکێ لە قەندیلی بالآتەوە

ـ٣ـ

سنوورت چوارە
باوەشت حەرام , حەلال هەر ماچە
لە مەحکەمەی تۆ
سەرئەنجامی ئەوینداری خاچە

ـ٤ـ

دەرکراوم
لە بەهەشت بە بوونەی سێوێک
ئاسانە گەر
دونیا بدەم بۆ ماچ لێوێک

ـ٥ـ

حورو شەراب
لای من وەک خەون و خەیاڵە
بەهەشتی من
ماچی لێو و بادەی تاڵە...

ـ٦ـ

ناترسم قەت
بۆ باسی مەرگ دژی شێخم
بە مەرگیش بێت
لە جادەی هاتنەوەت , مێخم

ـ٧ـ

سەرئەنجامی
شێعری تەڕم هەر خنکانە
لە زەریای تۆ
ماسی ڕۆحم لە گیاندانە



مەریوان.سۆهراب مورادنیا "سیاوکام"

کناچەهەورامی ، نۆهامساو یانەیم
وەسوەسەو دڵیم ، ورکەو شەوانەیم
ئەرخەوان ئاسا کێشانت چووزە
گڕەت وەر دان لیم، بیەنا خەڵووزە
بەینوو یانەیما لێژیگایۆەن
چەمم چەمەڕاو نیم نیگایۆەن
هەناسەو تاسەیم وەختێ گرسانۆ
سەبرو ئارامم چەنە مسانۆ
خیاڵ مرفانۆم گۆشەو پەنجەرەی
یا سەرەکێشتەی پەی درزو بەرەی
هەرگا مزیەیرە شەماڵ هۆرکەرۆ
گەردەلوولێ مەی ئەرواحم بەرۆ
پیلاوپەولارە سەد گێجێ وەروو
تاوا شۆنەماو بیەیت هۆرکەروو
چەماوچەم کەردەی پەی پەنجەرەیتا
خیاڵێ بەرام وەروو بەرەیتا
مەیاروو واچوو چن وەشم مسیەی
نەخت گیانم مدەو، حەرام بۆ نسیەی
ئەر بدیەی لامۆ بە سورتەچەمێ
شادی هۆر کەرۆ ، ڕەمانێ خەمێ
خەزانوو تاسەی هۆشم مشۆوە
نەوەهارم مەی دیسان جە نۆوە
ئەر بە لاچەمێو کەری ئیشارە
گێڵۆوە جوانی و عومرێ دووبارە
زەردەخوێ گنۆ ڕوخساری پیریم
فەرامۆش کەروو دەورەی زویریم
شەبەق مسانۆ ڕۆجیار نە جوانیت
وەختارێ وینۆ سیمای نوورانیت
ئاد جە من بەدتەر حاڵش دێویۆ
"سیاوکام" ئاسا وەنەش شێویۆ

❋❋

ئاویرێ بنیەو بە شێعرەکامەو
با سۆچا و نەبا وەروو چەمامەو
ئاخر پەرێنێ خەم و خەفەتێ
با نەجاتم بۆ دەسوو خەمامەو

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## نامەی گورگی برسی بۆ بەرانی قەڵەو

بۆکان.عەنبار. نامۆعەنبار

زۆرم برسییە. ئەوەندەش تینووم، زمانم ناگەڕێت. تینی خۆرەتاو ئازارم دەدات. تا ئیمڕۆ دەبێتە دە دانە ڕۆژ، هیچم نەخواردوە. هەی،بەزیاد نەبێت. تەنانەت مشکێک نادۆزمەوە. چەورایی جەستەم تکاوە.

ئەگەر بێت و بەم زووانە، شتێک نە خۆم، لەوانەیە سلار بمەوە.

چۆن بە فێڵێک، وڵامێک بۆ بەرانە سوور بنێرم؟بەڵکوو بە هەڵە بچێت و بێت بەرەو شاخی؟ بە خوا ئەوم بێت! ئەو سێ مانگە زستانە، تێر و تەسەلم.

بڵێی بتوانم فریوی دەم؟ بڵێی بێت؟

ئا ئا، گورگە شەلە، ورە بەر نەدەی! تۆ دەتوانی؛ لە دەستت دێت؛ مەگەر ئەوە هەر خۆت نەبووی ساڵی پار، شەکەزەردیشت بەو دەردە برد؟ دەی دەس بۆ قەڵەم بەرە ئەمجاریش فێڵ نامەیەکی نوێ بنووسە ،؟ئەمجاریش لەسەر جارانی تر. دەست و پەنجەکەت ئەگەر هێزی ڕاویان نەمابێت؛ خۆ ئیستاش مێشک و بیرت، وەک دەوری لاوی خۆ لە ناو مێگەل دەخات و کەلاک جێ دەهێڵێت. ئەرێ، خۆت مامۆستای هەموو فێڵبازانی.

ئەوە سرت وخورتی گورگە شەلە بوو، لە ناو ڕەوەزە بەردیک دا.

پێنووسەکەی هەڵگرت، تووی فێڵ نامەیەکی نوێ لە مێشکیدا لەداییک بوو. ئاوای دەس پێکرد:

کاکە گیان! برای خۆشەویست و هاونەوعم بەرانە سوور، سڵاوی گەرمی

ئەو دۆستە کۆنەی خۆت، کە نەیاران بە دوژمنیان پێ ناساندووی، وەرگرە. چاوەکانت ماچ دەکەم. من گورگە شەلەم. باشم دەناسی، بڕوا بکە بەڕادەیەک تەنیا و بێکەسم کە لەژیان بێزار بووم. بێکەسی وای لێکردوم کە برا چووکەکەی خۆم بیر بێتەوە. هەر بۆیە ویستم بە ناردنی ئەو نامەیە هەواڵت بپرسم و ئەگەر یارمەتێکت پێویست بێ، بەدڵ و گیانەوە بیکەم و ئەرکی سەرشانی خۆم سەبارەت بەکەسایەتی و برایەتی بەجێ بێنم.

هەر وەکوو خۆشت باش دەزانی باب و باپیرانی ئیمە هەر لە زووە، دۆست بوون و دەگەڵ یەکتر لە چیا و شاخەکان، بە ڕزگاری ژیاون.

هەی بۆت کۆێر بم برا گیان، لەوەتا لە داوی بنیادەمەکان کەوتووی، ڕۆژێکت خۆشی نەبینیوە، ئیستا من بە ئەرکی سەر شانی خۆم زانی هەنگاوێک بۆ ڕزگار کردنت هەڵێنمەوە.

باش دەزانم بۆ ئەوەی لە نەزانیدا بمێنێوە و نەتوانی پەیوەندی دەگەڵ من بگری و لە ڕاستێکانی ژیان ئاگادار نەبیت،لە منیان ترساندوویی و بە بێ ڕەحم و خوێن ڕێژ و دژی تۆم ناو دەبەن.

بەڵام من چۆن ویژدانم هەڵدەگرێت، ئەو برا خۆشەویستەی خۆم بە تەنیا جێ بێڵم؟

سوورە گیان: وەرە باش بیر بکەوە، ئەوانەی من بە دوژمنی تۆ دەزانن، پێم ناڵێی هۆی دۆستایەتی خۆیان دەگەڵ تۆ چیە؟

ئەی مەگەر ئەوە هەر ئەوان نین! لەگۆشت و خوری و شیر و ماستی تۆ کەڵک وەردەگرن؟ تەنانەت پشکەڵەکەشت دەسووتێنن! ئەوە تۆ دووکانی قەسابەکان نابینی هەموو کات سەد کەس لە نۆبەدا ڕاوەستاون و سیلەیان لە گۆشتی تۆ گرتوە؟

یەکێ دەڵێ نەرمەی ڕانەکانی دەبەمەوە ئەوی تریان دەڵێ جەرگ و دڵەکەی، یەکی تریان دەڵێ سەر و پێیەکەی، تەنانەت ڕیخۆڵەکەشت زایە ناکەن کەوڵەکەشت کەس نازانێت چی بەسەر دێت.

جار و باریش ئەگەر مەڕە مندارەوەبوویەک لە قوژبنێک فڕێدرا و پیرە گورگێکی وەکوو من، هاتە سەر جەستەکەی تەڵقینێکی بخوێنێ و بەڕێ و ڕەسمی خۆی تەسلیم بە خاکی کات سەگەلمان تێبەر دەدەن و دەیکەنە هەرا دەڵێن گورگ مەڕی برد.

گۆڤاری ئێلێكترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ئێستا پێم نالێی خوێن ڕێژ ئێمەین یا ئەوان؟ سوورە گیان بەڵگە و پێناسەی برایەتی دەگەڵ تۆم گەلێک زۆرن هەر بۆیە پێم خۆشە بۆخۆت بێی و لە نزیکەوە چاوەکانت ماچ کەم و سوکنایی بێکەسیم بی و منیش هەموو ئەو بەڵگانەت کە لە باب و باپیرانمەوە بە میرات پێم گەیشتوون، پێشانت بدەم و برایەتی خۆمت پێ بسەلمێنم.

بە زەحمەتی مەزانە ماڵەکەم باش دەزانی ،سبەینێ بۆ نانی نیوەڕۆ لە ڕەوەزە بەردەکانداچاوەڕوانتم.

ئەگەر بە تەنیاش دەترسی و ناوێری بێی! دوو شاهێدی وەکوو شەکە کەوەسێر و بزنەشاخ شکاو دەگەڵ خۆت بێنە ئەوە من چاوەڕوانتم. برای دلسۆزت گورگە شەلە.

ئەوە دەقی فێڵنامەکەی گورگە شەلە بوو کە بە مام ڕێوی دا بەرەو ئاوایی ناردی.

کاتێک نامەکەی گەیشتە دەستی بەرانە سوور، زۆر زوو لە مەبەستەکەی تێگەیی، بۆیە بە پێویستی زانی ئاوای وڵام بۆ بنووسێتەوە:


کاکە گورگ گیان : منیش سڵاوت لێدەکەم. دوو شتم زۆر پێ سەیرە، یەکەم ئەوەی کە خۆت بە دۆستی من ناو دەبەی ئاواش باسی لێدەکەی وەشک دەکەوم کە دەبێ بەڕبەرەی پشتم بیی. دوهەم ئەوەی کە باس لە بەڵگە و پێناسەی نێوان باب و باپیرانمان دەکەی. کە بە پێچەوانەوە ،تەنیا بەڵگەی نێوان ئەوان، ڕاو ڕاوێن بوە.

من باش دەزانم، لە باب و باپیرانیشمەوە بیستوومە دەڵێن :گورگ قەت دۆستی مەڕ نەبۆت و ناشبیت، ئەگەر بڕیارێکشی دابێت، زوو دەیشکێنێت. مێژووش هەر دەڵێ تۆبەی گورگ مەرگە. بەڵام من ئەمجارە بڕوا بە تۆ دەکەم وڵامی دۆستایەتێکەشت دەدەمەوە. دیارە کە تۆ هەنگاوێکت بۆ دۆستایەتی هەڵێنابێتەوە، منیش بە دڵنیایەوە سازم بۆ قسەکردن دەگەڵت بەڵام دەبێ بمبووری بە هۆی نەخۆشی ناتوانم بێمە خزمەتت، هەر بۆیە وڵامەکەت بە سەگە بەڵەکدا بۆ دەنێرمەوە ئەویش لە نەتەوەی خۆتە، وەکوو تۆیش تۆبەی کردوە، دۆستی نزیکی منیشە، با ئەو شاهێدی دۆستایەتیمان بێت. ڕەنگە شاهێدیکی باش و بێ لایانیش بێت.

هیوادارم خۆتی لێ نەشارێوە و لە دانیشتن دەگەڵ ئەو، ئەوەی پێویستی دۆستایەتیە باسی لێ بکەی.

بە سپاسەوە دۆستی تازەت بەرانە سوور.

# پیرەهەڵۆ



بۆکان. هادی خودایی

بەهارە و ولات سەوزی پۆشیوە
شەهدی شەربەتی ژینی نۆشیوە
هەر گوڵێ سەری هێنایە دەرێ
مزگێنی دەدا خەفەت دادرێ
بای شەماڵ هەوری ئاسمانی گەڕاند
بە سەر کەژ و کێو بارانی باراند
خۆری نیشتمان ئاسۆی کرد رووناک
بزەی کەوتە سەر لاوانی بێباک
رۆژ زاڵ بوو بە سەر تاریکی ژیان
کاتی هاتەوە هەڵۆی سەر شاخان
لە سەر لوتکەی کێو، لە لێواری شاخ
بیری هەورازی هاتەوە ناو ناخ
دڵی خەمگین بوو بۆ وانەی مردن
لە ڕێگا خێڵیان قوربانی کردن
کاتی مردنە و هێزم نەماوە
لە سەردەمی ژین هەوڵی خۆم داوە
لاوانی هاورێم زۆر زوو لێ کەوتن
بە داوی فێڵ و حیلەی وان مردن
چەن خۆشە مردن دواییت نەهێنێ
هەموو ئاواتت لە دڵ نەستێنێ
دای لە شەقەی باڵ بە سەر ولاتی
خۆی نەدا دەستی هات و نەهاتی
گیاندار لە ترسان ژینیان لێ تاڵ بوو
تەنیا قەلی ڕەش هەر بێخەیاڵ بوو
بیری کردەوە سەرێکدا لە قەل
کەیخودای پیری بە بیری ناو مەل
بە لەنگەر،ئارام لە لای قەل هەڵنیشت
ڕازی ژیانی لە قەلی ڕەش بیست
قەل وتی: هەڵۆ ڕێڕەوت گۆڕی؟
لە ترسی مردن جێخەوت گۆڕی؟

هێزت نەماوە لە ئاسمانێ بی
بە پانتای باڵت بەری خۆر بگری
پێی وت قالاوی ڕەشی پیس، لاوە
سەبەب لە چیدا ژینت هەر ماوە؟
هەڵۆی بەرزەفڕ سەر دەنێتەوە
بەڵام لالەقەل جوان دەبێتەوە
قەل گوتی چاکە گوێم بۆ ڕادێرە
ژیننامەکەی من بە دڵ بسپێرە
من کە ئێستاکە لە ژیندا ماوم
هەر ماوە و ماوە هەر نۆرەباوم
لە بەر وەی دەڵێن قالاو بە زەینە
خەوی شەوانی لە گەرمیی پەینە
بۆم گرینگ نییە لێرەم دەر بکەن
کراسی شڕی کۆنم لە بەر کەن
ولات لە لای من بایەخی نییە
چینەی ناو پەین جیاوازی چییە؟
هەتا ڕێوی بێت هاورێ و کڕ دەبم
لە بەرماوەی وی تێر و پڕ دەبم
ئێستا کە ڕێوی کەلکی نەماوە
هاورێی تۆ دەبم ڕۆژی تۆ باوە
مێشکم بۆ خێڵم گرفتار ناکەم
هەمووی بە قوربان چینەی خۆم دەکەم
دوژمنایەتی ئاژەڵێک ناکەم
مل کەچ بە ئەمری ئەم و ئەو دەکەم
بیکە سەرمەشقت ئەو ژینەی ماوە
لە منەوە فێر بە هەر ئاوا باوە
بۆ ولاتەکەت ئاخ هەڵمەکێشە
لە سەر بستێ خاک مەیکە بە کێشە
تۆ بەرزەفڕی ، پاشای ئاسمانی
ڕۆیی بە تۆ چی گەر جوان بڕوانی
خۆت لە بەرزایی باڵی بۆ فش کە
ولات بە تۆ چی ، چی دەکەی بیکە
پیرەهەڵۆکە وەها خەمبار بوو
بە ڕاوێژی قەل زۆر دەردەدار بوو

ڕازی ژیانی پڕ لە پیسیی قەل
بەرماوەی گورگ و کەلاکی شەگەل
خاک و زێدەکەی بۆی گرینگ نییە
تۆ بڵێی کە هۆی ئەو کارە چییە؟
دای لە شەقەی باڵ بەرەو لای هەوران
نەراندی لەوسەر ، پاشای ئاسمان
خاک و ولاتم بۆ نان نافرۆشم
نانی ڕووڕەشی ناخەمە کۆشم
ئێستا بەهارە و گوڵپشکووتنە
جەنگەی ڕاوانی خێڵی دوشمنە
گەرچی پیرم و هێزم نەماوە
لە ڕاو ناوەستم تا توانام ماوە
لە سەر زێدی خۆم زگم تێر دەکەم
پەنا بۆ ژینی نامەردان نابەم
لە نێوان مەرگ و ژینی قەلی ڕەش
مەرگم عەزرەتە با نەبمە ڕووڕەش
تاکوو هێزم بێ بەرەو خۆر دەفڕم
تا لە ئاسمان و لە ئەوجا بمرم
خێڵی هەڵۆیان دەبێ وەک شێر بن
لە مەرگی ئەمن ئازادی فێر بن
ژینێ وەها بێ پڕ لە برک و ژان
مردن باشترە لە ژینی قەلان

* هەردوو مامۆستایان "هەژار" و " سوارە" بوونەتە هەوێنی ئەم شێعرەی من

هادی خودایی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانە. سەهەند حەسەن پوور (ئاڤان)

چاوەکانت ئاسمانم بوون
باڵندەیش وەک برژانگت بوون
تۆ وێنەی وڵات بووی بۆ من
خاوەن دەسەڵات بووی بۆ من
من کۆڵبەری ئەم وڵاتە
لایبەم هەرچی خەم لە لاتە
مەمپێکە بارگەم لە کۆڵە
ژیانی من بێ تۆ چۆڵە
تاقە کەسی کوێستانان بم
یان شەڕانێکی وڵات بم
ئاوات و ئارەزووم تۆی
ئەستێرەی شەو و ڕۆژم تۆی
هەوری لووتکەی کێوەکان بم
یان ڕووباری دەم گیاکان بم
من هەڤاڵی بەرد و دارم
هێشتا دەڵێم ئەوین دارم

**

من باس بکەم لە عەشقێک
پڕ ئەوین و شەیدایی
هێندە گەرم و بەتین بێ
بسووتێنێ جودایی
ئالآمان ئەستێرە بێ
بە وشەی پڕ مانایی
جێگاشمان کوێستانان بێ
بە درێژی و پانایی
ئەبێ هێندە بە چێژ بێ
بدات بە دڵ سووکنایی
ئەبێ هێندە سادە بین
هیچ نەبین لە خۆبایی
لە ناو ئەوهەموو ڕەنگە
هەڵ دەبژێرین سەوزایی
دبێ هێندە باڵ بگرین
وەک هەڵۆ لە بەرزایی
سەختی با تێپەڕ ببێ
وەک کارێکی ئاسایی
گەر باسی عەشقیان کرد
بڵێن خۆتان ئاسایی

## پەتا...!



بۆکان. پەروین نازری

پەتایێ بەین بەین،
سەرتاسەری لەشم دەگرێ و
لە ئامێزی ئێشم دەخا،
ئەویش ئەوکاتانەیە وا
نوقمی زریایی بیرت دەبم و
دەستم بە هیچ کوێ ڕاناگا...!!!

**

## شێعری سوور

ماشۆتی هەستم،
بەدەم کۆترێکی چڵێس،
هەڵگیراو و ...
ڕفاندی لێم
دەرفەتی پەپوولەبوون،
شێعرەکانم هێند ڕووشان
لەنێو دڕکەجاڕ،
ڕەنگ هەنارین
لاپەڕەکانی دەفتەرم!


**

پیرە یادی خەیاڵ؛
بڕوا بکە،
ئەوەتا پەپوولەی دڵ،
سووسەی چرۆی باخی کردوە،
نە قەفەس و بەند و داو
نە هەرەشەی تینی هەتاو،
دەرەقەت باڵەفڕەی نایەن...

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## کاریکاتۆر

بۆکان. برایانی قورەیشی" سەید محەممەد ئەمین و سەید یاسین "


























## خەیاڵ

وُوری یرد (بروجرد).
سەعید فەلاحی (زانا کوردستانی)

خەیاڵەکانت
ئەوندە باڵ کردونە کە
ڕۆژێ چەن جار دێنە سەر دانم،
باران هەتا شەو دەبارێ و بەدوایی
ـ با- دایکی پیرم هەموو بەیانی
کۆلانە خوولینەکەمان گزک ئەدا
بەڵکە کە بێت و سەرێکم لێ بدەی و
ئەم زامە کۆنە لەژێر چاومدا لابدەی و بیفرێنی.
دڵم، شیشەیکی ناسکە بەڵام
دڵگیریەکانم و دڵگیریەکانت
وەکۆ شاتاڵی مغولەکان
لەسەر گیانم هاژۆتکار دەبن،
هەتا بەیانێکی تر بیرم داگیر ئەکرێت
لە ژێر هەنگاوانێک وا تۆ هەڵ نەتگرت!
سیگارەکانم کاتێ گڕ دەگرن هەوار دەکەن:
(بۆ من ئەویندارت بووم؟!)



## ڕێبوار

مەریوان. جەماڵ مەریوانی(هەڵبەست)

وا چیرۆکی گەڕانەوەی
شەوێک بۆ نێو
خەیاڵی من،
ئاسمانی شیعرم دەتەنێ!
تریفە ڕەش دادەگیرسێ و
دێوەزمەی شەو
پێدەکەنێ!
دەکرۆژێ هەستم
قاقای شەو،
چەند وێرانەیە ئەم جێیە!
جارنەجار
دەنگی کوندی شووم
هەواڵی مردنی پێیە!
مەرگی باڵندە و چەم و دارا!
نا، نا،
نا، نا،
مەرگی بەهارا!
دیسانەوە هاتنەوەی شەوا!
ناخی من و
تەوژمی دڵڕەقی ئازار!
وا لەشکرێک لەم ڕێگەوە
هەنگاو بۆ تاڵان دەپێوێ!
هەوری چڵکن و مژ و تەم؛
دیسان دوندی شاخ دەنگێوێ!
منی ڕێواری ڕێی
ژینیش،
چاوم نوقمی هەتاوێکە؛
لە ئاسۆوە وەدەر کەوێ!
دیسانەوە
چاوەڕێم و
هەر دەڵێم و دەیڵێمەوە:
لە کوێ شنەی شەماڵی ژین؟!
کانی پڕ کەی
لە شەپۆل و
پێدەشت لە کەروێشکەی ئەوین!



## کـۆچ

بانە.ک.د.ئازاد

من پێم وتی:
غوربەت پڕە لە کێشە و جەنگ
تۆ ڕۆیشتی!

وتم: لەوێ،
زریان دڕە،
سەرما هارە
زستان سەخت و ژین دژوارە
تۆ ڕۆیشتی!

وتم: ئەوین،
وەک مەلی بێ هێلانەیە
وتم:
تۆران بەهانەیە!
تۆ ڕۆیشتی!

وتم: درندەی لاشخۆری ئەو گەرمێنە
دڵ تۆقێنە
تۆ ڕۆیشتی!

وتم: سنوور،
تاوانی گەورەی مێژووە
مەی بەزێنە
تۆ ڕۆیشتی!

وتم: داهاتوو خەونێکە
لێرە و لەوێ
هەر دێتە دی
تۆ ڕۆیشتی!

وتم: مەڕۆ
تا دێیەوە،
هەموو ئەم خاکە دەگۆڕێ
غەیری چیا
غەیری دەریا!
تۆ ڕۆیشتی!

وتت: ئەو ڕۆژە دێمەوە
خۆشەویستی تاوان نەبێ
کەس لەم خاکە
بۆ شادی چاوەڕوان نەبێ!



## شەڕابی خەیاڵ

بانە.ئاودێر

شەڕابی خەیاڵ
لە هەستم دا
ڕەزێک ئەنێم
پەرژینی لە نیگای تۆبێ
با خەیاڵم وەچۆڕێ ئاڵ
بۆ ناو پەیکی شێعرەکانم
لە زارت دا
هێلانەیەک چێدەکەم ماچ
باڵ بگرن با
دوو پەپوولەی لێوەکانم

## قەنارە

پێیان وتم:
لە گریلای شێعرەکانت
قەنارەیەک دەرچووە
نازانم خەیاڵی تۆیان
لە سەلیەی کلاشێک دا
چۆنە دۆزیوەتەوە؟
کە گڕدار دامرشتبوو

## شیعری منداڵان



ڕوانسەر. محێدین ئەمجەدی

چوکڵەفڕەی سەر کانیم
نیشانەی ئاوەدانیم
منیش وێنەی پەپوولە
تا بڵێی کوردستانیم
**

بەڵام لە نێو کوردانا
نێویان بە سووک دەبردم
منداڵ دەهات بۆ کانی
گاڵتەیان پێدەکردم
**

تا ڕۆژی کچێکی جوان
هات بۆ سەر ئەم کانییە
پرسی نێوم لە بابی
جوابی دا بەو جوانیە
**

وتی ئا ئەو نازدارە
چوکڵەفڕەی کانییە
هاوڕێی چڕۆ و شەماڵە
بەخ لەو هەموو جوانیە
**

ئێستە دڵم زۆر خۆشە
ڕەفیقی منداڵانم
ئێتر نەما لە بیرم
کزی و شەرمی ساڵانم
**

ئێستە شیعر و گۆرانیم
لە سەر زاری منداڵان
منیش وێنەی پەپولە
خۆشەویستم لە ماڵان.
**

چوکڵەفڕە: وشەیێکە کە یەکەمجار لەلایەن " محێدین ئەمجەدی" پێشنیار کرا تا لە جێگای وشەی (پووش بە قوونە، چوکڵە قوونە، چوکڵە قنگە و... )بە کار بهێنرێت. ئەم وشە تازەیە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی میرزا ئەحمەدی داواشی ڕوانسەرەوە پەسەند کرا و شاعیرانی ئەو ناوچەیە کەڵکی لێدەگرن.



ڕوانسەر. ئەسعەد زۆهرابی

خۆشەویستم
ئەی کرچ و کاڵ
من دەزانم
سەد شەو،
ساڵێک،
جار وا هەیە دووساڵ جارێک، منت ناکەوێتە خەیاڵ
بەڵام ڕۆژانی وا هەیە تادرەنگانی ئێوارە
تا نیوە شەو
لە گیرفانی خەیاڵتدا دەمپشکنی
تا ئەو کاتەی دەڕۆێتە خەو
قەد ناتوانی بۆ هەمیشە لە بیرم کەی
لە زیندانی بیرچوونەوەت ئەسیرم کەی
خۆم دەزانم لە کەنگێدا دێمە بیرت
لە بیرتدا دێم ودەڕۆم
من عەلقەیێکی پچراوی زەنجیری شادیەکانی تۆم
لە پەلەقاژەی تەنیایتدا گۆرانیێکی سەرزارتم
شەرابێکی نێو دەستی تۆم لە پانتای وەڕەز بووندا
فرمێسکێکی ئاسمانی چاوەکانی غەریبیتم
چرچەی تەزوویێکی ئەویندارێتم
لە کاتی شکیانی دەمارتدا
قرتەی هەناسەیێکی درێژی دەربەدەرێتم
خۆشەویستم!
باش ئەزانم
باش ئەزانی
ئەگەر جەستەم لە جەستەی تۆ دابڕاوە
لە هەر سووچێکی جیهان بیت
ڕۆحی خۆمم بە ڕۆحتەوە تەقەڵ داوە

❋❋

ژەنیارێک
تابووتێکی کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕاند
جار جارێک
تەرمی سەنتوورێکی لی دەر دەهانی و
قیامەتی بەرپا دەکرد
قیامەتێکی پڕ لە شوور
ڕێبوارەکانیش دەهاتن
حۆرییەکانی سەر شەقام
چەند دیناریان دەخستە سەر لاشەی سەنتوور

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



دێلێران (دهلران). زەینەبێ فەرزی

دلم پیکوول کوویکە ک خار دێرێ
چکێ دە سیکە چەو, ئازار دێرێ

پڕ ئەژ زیخاوە تەو دێرێ هەمیشە
مدێکە نیشێ زەم ئەژ مار دێرێ

چەوم کەفت ئەڵ چەوت ڕچیایە گیۆنم
خەزۆنم دارە هەسرەتبار دێرێ


مەسم کە ئمشەو ئەژ جۆمێ شراوت
چەوت دارێ ئەنگیرە بار دێرێ

ڤتم ڤارۆ نەڤار ئەڵ قاپێ سینەم
چەنێ چەن وەختە ک کێوڤار دێرێ

مە ژاریکم, فەقیرم دەورەگەردم
سەرم مەنسوورە مەیلە دار دێرێ

کوردی پاڵەیی (فهلەوی/فەیلی)

## کۆچ



بانە.شەیدا ئەحمەدی

"بە ڕۆیشتنت
پێنووس لە دەفتەری
شێعرما نووست"
"بگەڕێوە
بێدەنگە شەقامی شار
تاریکە شەوم بێ مانگ
چاوەڕێتە لەنتەری نیگام
گوڵم چاندووە لەسەر ڕێگات
بگەڕێوە
باڵەوانی پێنووسی
شێعر و نووسراوەکان"

❋❋

من و تۆ
دوو باڵندەی کۆچ کردۆین
گەرمێن و کوێستان
پەرژین پەرژین
هەڵمان چنێ ئەوین
بووینە یەک باڵ
بە عەشقەوە هەڵفرین
ئێمەیەک دڵین
بەڵێنمان وابێ
هەروەک چۆن تەڕی
لەئاو جیا نابێ



وەرگێڕ: پەری خدری، بانــە

سەرچاوە : کاناڵێکی تلێگرامی

بەئەسپایی مردنت دەست پێدەکات،
ئەگەر نەچی بۆ سەفەر،
ئەگەر کتێبێک نەخوێنی،
ئەگەر گوێ نەگری بۆ دەنگی ژیان،
ئەگەر نرخی خۆت نەزانی.
بەئەسپایی مردنت دەست پێدەکات،
ئەگەر بڕوات بە خۆت نەبێ،
ئەگەر نەهێڵی، خەڵک یارمەتیت بدەن.
بەئەسپایی مردنت دەست پێدەکات،
ئەگەر کۆیلەی خوو و عادەتەکانت بیت،
ئەگەر هەمیشە ڕێگای ڕۆیشتنت دووپات بێتەوە...
ئەگەر ژیانی ڕۆژانەت نەگۆڕی،
ئەگەر ڕەنگی جۆراوجۆر لەبەر نەکەی،
یان ئەگەر لە گەڵ کەسانی نەناس ئاشنا نەبی.
بەئەسپایی مردنت دەست پێدەکات،
ئەگەر لە سۆز و گەرمی،
لە هەستە سەرکەشەکان،



پابلو نرودا


لە شتێک وا بریقە دەخاتە
چاوەکانتەوە،
و کوتانی دڵت توندتر دەکات،
خۆت دوور بگری.
بەئەسپایی مردنت دەست پێدەکات،
ئەگەر کاتێ کە کارەکەت یان ئەوینەکەت، بەدڵ نەبوو،
نەیگۆڕی،
ئەگەر بۆ متمانەپێکراو، خۆت نەخەیتە مەترسی
متمانەپێنەکراوەوە،
ئەگەر نەچیتە ئەوپەڕی خەونەکانتەوە،
ئەگەر بە خۆت ڕێگا نەدەی
لانیکەم یەک جار لەژیانتدا بچیتە ئەوبەری
خۆپارێزییەوە...
ئەمڕۆ ژیانت دەست پێبکەوە!
ئەمڕۆ خۆت بخە مەترسییەوە!
ئەمڕۆ کارێ بکە!
مەهێڵە بەئەسپایی بمری!
شادیش لە بیر مەکە...!!!

## خۆشەویستی



بانە. کەوسەر خوداپەرەست

لە سووچی شەقامە چۆڵەکانی شارەوە
لە پەناو پاساری کۆڵانە تینووەکانی مان و نەمان
لە ژێر پردی ئاوریشمی بە تەم گیراوی ماندووی ڕۆژە تاڵەکانەوە
لە پشت دارە هەڵوەریوکانی پاییز
دوو، سە ماچ ئەولای جێژوانی ژێر شەوە باراناویەکان
پێ بە پێی هەنگاوە شێتاویەکانی دڵتەنگی
بە ئەسپایی دێمەوە بەرەو باوەشی ماندووی ئازارە شیرینەکانی گێژاوەی خۆشەویستی..
ئەو ئازارانەی لە بێکەسی، کوشەندەتر
لە هەتیوە برسییەکانی ژێر وێرانەی دیوارە سووتاوەکانی شارە رووخاوەکان، برسی تر
لە زریکەی ژنی پرچ لوولی دەم با، لە ژێر کۆڵەکەی ژیانێکی ماندوو تیژتر
لە چاویلکە کاڵ بووەکەی دایەپیرە لە چاوەڕوانی هات و نەهاتی ڕۆڵەکەی لە ژێر ساعەقەی گرانی فرۆش و کرینی ژیانێکی تینو، شکاوتر
دێمەوە، دێمەوە، بەرەو باوەشی ئەو ئازارەی بۆنی یەکەم خەیاڵی دەست گرتنی لێ دێ
ئەو ئازارەی ڕەنگی ئاڵترین ماچەکانی ژوان ئەگرێ لە خۆی
بەرەو رووت دێم وەک دارە دارەی منداڵە ساواکان بۆ باوەشی دایکیان
وەک هەوڵ و خۆ کوشتنی پاییز بۆ گرتنی دامێنی بووکی جستان بەرەو رووت دێمەوە



# پەڤکاتۆر، کۆڕی پەیڤکاتۆر و ...

مەریوان. خالۆ ڕەووف

لە ژمارەی پێشووی "تا ئاربەبای خۆشویستی"دا، چەند "پەیڤکاتۆر"ێکی خۆمم بڵاوکرایەوە و هەر لەێدا ئاواتم خواست کە بڵاوکراوەکان پتر لە جاران ئاوڕ لە "پەیڤکاتۆر" بدەنەوە. وێڕای سپاس لە بەڕێزک.د.ئازاد،سەرنووسەری تا ئاربەبای خۆشەویستی، لێرەدا بەرهەمی چەند پەیڤکاتۆرنووسی مەریوانی ئەخوێنینەوە کە لە ماوەیەکی کەمدا توانیویانە لە بواری پەیڤکاتۆرنووسیندا بچنە پێش و هەنگاوی باش لەم بوارەدا هەڵبگرن . ئەم پەیڤکاتۆرانە، بەرهەمی هەوڵدانی "کۆڕی پەیڤکاتۆر"ە کە لە مەریواندا، لە خاکەلێوەی ئەمساڵەوە دامەزراوە و بە چڕی لە بواری پەیڤکاتۆردا کار ئەکات . چالاکی کۆڕی پەیڤکاتۆر، تا ئێستا لە تێلێگرامدا بووە و لەگەڵ کەمبوونەوەی کۆڕۆنا و کرانەوەی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریواندا، بە شێوەیەکی بەرینتر چالاکیمان ئەبێ و بە پێی گەڵاڵەیەک، هەنگاوی زۆر جیددی ئەنێین لەم بوارەدا.

من ـ وەکوو دامەزرێنەری ژووری پەیڤکاتۆر، چەندین ساڵە، وەکو تەنزنووسێک چالاکم و تەنزەکانم لە بڵاوکراوەکاندا بڵاو ئەبنەوە و کۆمەڵە تەنزی "تەنزیلە"یشم بڵاوکردۆتەوە و چەندین بەرهەمی تەنزیتریشم هەیە و خەمی نان ناهێڵێ ڕوو بکەنە مەجلیسی خوێنەران.

پێشتر –بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٩٤دا لە هەفتەنامەی سیرواندا ـ لە جیاتی وشەی کاریکەلیماتۆر –کە شاملوو لە ساڵی ١٣٤٧دا دروستیکرد ـ وشەیترم دروستکردووە، بەڵام دواتر وشەی "پەیڤکاتۆر"م بە شیاو و گونجاو زانی و لە ساڵی ١٣٩٦ەوە وشەی پەیڤکاتۆرم لە نووسینەکاندا هێناوەتەوە و وازم لە وشەکانیتر هێناوە.

کە باسی وشەی "پەیڤکاتۆر" ئەکەم، ئەوە لە بیر ناکەم کە کەسانێک پێش من لەم بوارەدا چالاک بوون، تەنها مەبەستی من ئالێرەدا، وشەی پەیڤکارۆرە کە خۆم دروستمکردووە و لە جیاتیی کاریکەلیماتۆر دامناوە.

سەرەڕای ئەوەی کۆڕی پەیڤکاتۆر تازە دامەزراوە، بەڵام لەم ماوە کەمەدا بەرهەمی باشی هەبووە و لە چەند هەفتەنامەیەکدا بەرهەمی ئەندامانی کۆڕی پەیڤکاتۆر چاپ و بڵاو کراوەتەوە و لە هەفتەنامەیەکدا، گۆشەی هەفتانەمان هەیە و بەرهەمی ئەندامانی کۆڕی پەیڤکاتۆری تێدا بڵاو ئەکرێتەوە . پەیڤکاتۆرنووسەکانی کۆڕی پەیڤکاتۆر، لە یەک بابەت و سووژەدا قەتیس نەبوون و سەریان لە زۆر لایەنی ژیان و ژیار داوە و پەیڤکاتۆرەکانیان، تام و بۆنی جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە لوقمان پووررۆستەمی ئەڵێ "شیعری هەندێ هاوڕێی شاعیرم بە vpnیش ناکرێتەوە"، بەیان دانیکەشی –کە ئەندامێکیتری کۆڕەکەمانە ـ ژینگەپارێزی و کەمیی ئاو، ئەکاتە هەوێنی پەیڤکاتۆتێکی و ئەڵێ: "زەوی هێندە چەپەڵ بووە، ئاسمان تفیشی تێ ناکا ". ئازاد بادرووزە، باسی مافی کرێکار ئەکات بە هەوێنی یەکێک لە پەیڤکاتۆرەکانی و ئەڵێ "خاوەنکار بجریوێنێ، کرێکار گوڵ دەر ئەکا" و مادێح کۆنەپۆشی، باسی نەبوونی عەدالەت ئەکات و بە گژ ئەوەدا ئەچێ کە ڕەنگە گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە، بەڵام ئەمیش کەمبوونەوەی ئاوی لە بیرە و ئەڵێ: "زەمانێک ئەبێ، گورگ و مەڕ ئاو نابێ بیخۆنەوە".

یەکێکیتر لە ئەندامەکانی کۆڕی پەیڤکاتۆر، "سەرکەوت کۆنەپۆشی"یە. سەرکەوت خۆی تۆمەتبار /تاوانبار ئەکا بە نەفامی و ئەڵێ " هێلکە و ڕۆنە و گوێی تێئەخەم". سەرکەوت سڵ ناکاتەوە و لە چەندین پەیڤکاتۆرێتریشیدا ئەمەی پاتە کردۆتەوە. "پەرۆش مەریوان" کە بیر لە هێشتنەوە و نەهێشتنەوەی ڕیش لە لای موسوڵمانان ئەکاتەوە، ئەڵێ "ڕیش لە نیوان خەوف و ڕەجادا گیری کردووە"، لە پەیڤکاتۆرێکیتریدا ئەڵێ "بیرم بێ ڕەمەزانم بە تەواوی نەخواردووە. "ژنێک پەردەکەی لادا، شارێک بوو بە قازی "، ئەمە بەرهەمی "هەوار هووشیارە"ە کە پێش ئەوەی بێتە ناو "کۆڕی پەیڤکاتۆر"ەوە، یەک بەرهەمی ئەدەبیی نەبووە، بەڵام هێندە جوان ئەنووسێ، چژی پەیڤکاتۆرەکانی قەت لە بیر ناچنەوە. با وەکوو دوا نموونە لە بەرهەمی ئەندامانی "کۆڕی پەیڤکاتۆر"، بەرهەمێکی "محەمەد خەیاڵ" لێرەدا بهێنمەوە کە ئەڵێ" چەندە چاویلکەکەم بسڕم، دنیا چڵکنتر ئەبینم".

ئێستا کەسانێکی وەکوو لوقمان ئەسکەندەری و ڕێناس جەهانی، مریەم ڕاستی، موسلێح حیسامی، مێهری ڕاستی و ... خەریکی پەیڤکاتۆرنووسین و هیوادارم بتوانم بەرهەمەکانیان لە ژمارەی داهاتووی تا ئەربەبای خۆشەویستی، یا لە بڵاڤۆکێکیتردا بڵاو بکەمەوە.

وەکوو دوا وتە بە کورتی ئەڵێم: کۆڕی پەیڤکاتۆر، کۆڕی هەموو کوردێکە.

## پەیڤکاتۆر . بەرهەمی قەڵەمەکانی مەریوان

### دەمم بێ فیلترشکێن گۆ ناکا



مەیوان. سەرکەوت کۆنەپۆشی

- گوێم لە شەپۆلی قسەکانیا خنکا
- رۆژگارم ژینۆساید کرد، شەڕ خاسە لە بێکاری
- کەپووم دێشێ مشتێک نییە پیایا بماڵم.
- شەواڵپیسی، شۆردنی نییە.
- ژیان بارە و بە گوریسی تەمەن ئەیکێشم.
- بێدەنگیم سەمفۆنیایێکی پڕ سازە
- ئەو گوڵەی لە ژێر پێیە، گوڵی قالییە
- هەر مەرگەو بە ئازیزێکەوە دێ.
- هیلەکەورۆنە و گوێ تێدەدەم!
- گوێم پڕە لە روانین
- خاک ئەفرێ بۆیە بێ وڵاتم
- کە سەر دێنمە دەر، خۆرەتاو کوێر دەبێت.
- چاوم پڕە لە قسەی خەڵک
- لە حسین میسری و حیکمەت هیندی، کوردترمان نییە.
- عادڵ باخەوان مامۆستای زانکۆیە!
- ناخۆدا پاپۆر دەدا بە خۆ دا.
- ترەقە تاقی بکرێتەوە، ترەقە نییە!
- بۆ دەرکەوتن، نهێنیەکانم سەلا دەکەم.
- وەک مریشک بە سەر پەیڤکاتۆرەوە کڕ کەوتووم.
- بۆڵەبۆڵی خێزانم، مێشکم ئەلاوێنێتەوە.
- دەنگی کەوشی تەقتەقە، هەوساری چاو و گوێمە
- خەڵک قسە ئەنێن بەدەممۆ و، خۆم جگەرە.
- تەمەن ئەوەندە درێژە، بەشی خوێندنەوەی پەیڤکاتۆرێکە.
- جگەرەی بەرگ، ئەوەندە دوژمنە کە بەرگی دۆستی لە بەرە
- خەڵک بە دان ئەبن بە پەن، من بە دەنگ.
- بۆ ترس، خەڵک پەنا بۆ پۆلیس ئەبا و من بە چاوت.
- من بزن ئەدۆشم وئەمریکاش عەربستان.
- هەلەق مەلەق چ سوورانێکی سەروخوارە
- سەد سالێش بە قەرنێ نازانم
- ئەوەندە بەهێزم بە فوویێک دەشکێم.
- تووشی مار بووم سەر خۆم پانۆ کردۆ
- دیوار کولەی لە درگا گرتووە دەم نەکاتۆ
- دووشکە، لە مەرگیش بەگومانە.
- تا چاویلکەکەم خاوێن بێت چاوم پێسە،
- خەڵک بە موزیک هەڵدەپەڕن، من بە دان ئێشە.

### کاڵێ بارمەکە, ئەگەر بار ئەکەی پیاوەتی کە مەیەرۆ!




مەیوان. پەرۆش مەریوان

- مەزراح سەری سورماوە، بۆ ئێمە ئەروانێ!
- داریان نەهێشت سەگ و دز بوونە هاوڕێ!
- بیرم بێ ڕەمەزانم بە تەواوی نەخواردووە!
- تالبی، تالبی شیرینی نییە جا وازی لێ ناهێنن!
- پشیلە ئەڵێ دزگیر پەیا بووە مشکم لێ بووە بە شێر!
- جگەرە بوومایە بۆ پیاو خۆمم نەئەسووتان!
- پۆپچی گۆڵچی خستە پاڵ کەنوو!
- نازانم جگەرە خۆشەویستی مرۆڤە یان مرۆڤ خۆشەویستی جگەرەیە!
- هارپیەکان نایەڵن دارەکان گەڵا بکەن، بۆ ئەوەی نەیانبڕنۆ.
- دراوسێکەمان ئەڵێ بوومەلەرزە پارەکە
- نەیهێشت هەواڵێکی بەرووردراوسێ بزانم، ئەمساڵ شووەکەم!!!
- ئامینە گیان گوارەکانت مەلەرزێنە چادرمان دەس ناکەوێ حاڵی ببە!
- ریش لە بەینی خۆف و رجادا گیری کردووە!!
- بووکەکەم تەنیا لە بەر قرچەکەی تۆم ئەخوا!
- لە بەر کتێب ڕێ نییە لە پیادەڕەوەکانۆ بڕۆین!
- مانکن شانازی ئەکا بە جلی کوردییۆ!
- هەر باران مابوو ئەویش لە خۆی دەرچوو!
- پێکەنین دووَ دڵە لە مرۆڤەکان!
- لە بێویژدانی خۆراکی گیانین!
- ئەگەر لەو دنیایش زیندوو بینەوە، ملۆزمی هەر پەیا ئەبێ!
- ژن و ماڵیان وتبوو!
- هەورە ڕەشەکان نایەڵن باران بباری
- پەیڤکاتۆر بزانێ، ڕیسەکە ئەکاتۆ بە خوری!
- ڕێگەرۆیشتنم لە پەیڤکاتۆر ئەچێ، بۆیە ڕقیانە لێم!
- کاسە تەواو بوو، ئەو هەر کەوچکە.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## پەیڤکاتۆر. بەرهەمی قەڵەمەکانی مەریوان



### ژنێک پەردەکەی لا دا، شارێک بوو بە قازی

مەریوان. هەوار هووشار

- هەندێ کەس بە خوێن لە هێڵی سوور تێدەپەڕن
- برا لە پشت برا بێت ، براکوژی دەکرێ!
- تێروانینی چڵکن بوو، چاویلکەی دەسڕی.
- نهێنیەکانم لە لای تەنیاییەکانم هەڵدەڕێژم.
- لە تاریکیدا هەموومان یەکڕەنگین
- دڵی بەرد بوو ، بۆم نەشکا.
- ئازادین بە مەرجێک بێدەنگ بین
- کوڕۆنا قوتابیانی ،شاد، کرد
- زەنگی قوتابخانە، ئازادیم بیر دەخاتەوە.
- مووچەخۆران ، ڕۆژی هەینی مان دەگرن
- ژن نەبێت، شێعرەکان بێکەس دەکەون
- هەناسەی پەیڤکاتۆرەکانم دووکەڵی لێ هەڵدەستێ.
- دەنگی کاندیدا بەرزە و کردوەی لاڵە.
- قەڵەم، سزای قەڵەمی واژۆ کرد
- وشە ساردەکانم لە ئامێزی شێعرێکدا گەرم کردەوە.
- گەشبین چاڵ بە چاڕ دەبینێ.
- هەناسەی داری سووتاو، خەڵوزی ڕەش کرد
- کراسەکان ڕووتن، بە دووای مرۆڤدا ئەگەڕێن
- دوکەڵی زرێبار هەوری کردە گریان
- زبڵ زرێباری لێڵ کرد بۆ ماچی ماسیەکان.
- زرێبار نەبوایە ماسیەکان لە وشکیدا ئەخنکان.
- بەختەوەرترین کاغەز، پووڵە.
- کار لە بێکاریدا ڕووی کردە مناڵانی کار.
- بیستەک بە دوای گوێگردا ئەگەڕێ.
- شۆڕەبی سەری بۆ ڕیشەی دانەواند
- ئاگری عێشقی مەجازی، موبایلەکانی سووتاند.
- ساردیی نیگات، دڵمی ئاگردا
- خەو خەوی پیا نەدەکەوت ، ویژدانی خەواند.
- لەم بێ ئاوییەدا، هەورەکانیش نەزۆک کەوتوون.
- گوڵی بێ درک ، گوڵی قاڵییە
- بکوژ چەقۆی کول بوو، زوانی تیژ کرد.
- پێس کۆرۆنایش، دۆخی تەتە سوور بوو.
- قەڵەمی ڕەش شێعری سپی نووسی
- ئازادی لە بەندیخانەدا سەما ئەکا.



### چەندە چاویلکەکەم بسڕم دنیا چڵکنتر ئەبینم

مەریوان. محەمەد محەمەد خەیاڵ

- بە هۆی مانگی ڕەمەزانەوە بانگی ئێوارەم خۆشتر ئەویست
- هەندێ ڕۆژوەوان لە سەر حەسابی تێری تامی برسێتی ئەکەن.
- خەڵکی باشوور، بە یارمەتی کەناڵی ڕووداو، زانیان قەیرانی ئابووریە.
- دابڕانی مووچە بە سپۆنسەری گەشەی چەتەیی بەردەوامە.
- چەن چرتر دەڕوانمە ژیان، تەنکتر بۆی دادەچم.
- جادەی سنە_مەریوان بوو بە نوێنەری عیزرائیل.
- هەژار پڕ بە سکی دراوسێکەیشی خەفەت ئەخوات
- دڵی تەڕی لە کوورەی پەژارەدا وشک کردەوە
- بە هۆی "ڕژێم"ەوە سفرەکەمان خاڵیە
- موبایلەکەم، فریشتەکانی سەر شانمی جواب کردووە.
- گوێزی کوێر خوێندکاری مرۆڤی ئێنکارە.
- نوێنەر لە شۆڕدنەوەی گەڕەکی بەڵێنەکانیدا، چالاکە.
- وزیری تەندرووستی، لە گەیاندی کۆرۆنا بە هەموو هاونیشتمانیەک، بێ خەمی کردین.
- ژینگە چاوی بەجومعە هەڵنایە
- خۆزگە، کاڵەکێکە هەر پێ ناگات.
- بە هۆی تەقەی خۆشیەوە، خەفەتێکم بریندارە.
- لە نووکە نووکی بێوژنێکدا ڕەشبەڵەکی تەنیاییم بینی
- مزگەوتەکەمان هەر مامۆستا ئەناسێ.
- پیاوی کورد هەر برسی نابێ، ڕۆژێ دە ژەم تەڵاق ئەخوا.
- ئاشتی تا بەرژەوندی چاو نەکات، خۆی دەرناخا.
- هەل، خزترین ماسییە.
- بە ڕێویان وت کێ شاهیدتە، وتی: نوێنەری پەرلەمان
- ژینگە لە ڕۆژی جمعەدا وتی من مزگەوت نیم.
- زوانچەور دەمامکی وشە ئەدووڕێت،
- گەورەترین باخچەی ئاژەڵان خەیاڵی سەیاسەتمەدارێکە
- ئازادی، لە گوێی گادا خەوتوە.
- قسەی حەق ڕەق نەبێ ڕەقۆ ئەبێ
- سێوی دەرفەت لە وەرزی ئیهمالکردندا ئەرزێ.
- ئەوندە چاوی لەسەر دەرفت بوو ، هەر بە حەواوە گرتی.

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## پەیڤکاتۆر. بەرهەمی قەڵەمەکانی مەریوان



### زەمانێک ئەبێ گورگ و مەڕ ئاو نابێ بیخۆنەوە

مەریوان. مادیح کۆنەپۆشی

- ❖ خۆر کە ئاوا بوو ، رۆژ حەسایەوە.
- ❖ دار هەڵگری سەگی دز قەمە دەردێنێ.
- ❖ کەچەڵ ئەونەی مەتڵەبە قژ بچێنێتەوە.
- ❖ وتیان بە گورگ نۆرە رانتە، وتی: پیاو بۆ گرتووە.
- ❖ پشیلە دەمی بە دووگ نەئەگەیی ، پلەکانەی بۆ ئەهێنا.
- ❖ دوو گا لە دۆڵێکا بن ، خۆیان حەسابن.
- ❖ پیاوێک تەڵاقی کەوت، نەیتوانی هەڵسێتەوە.
- ❖ پیاوی دووژنە ، سێ تەڵاقەیە زاپاسی هەیە!
- ❖ قەوم گەر گۆشتت بخوا ، ئێسقانیشت ئەخاتە بەر سەگەکەی.
- ❖ گۆڤارەکان زۆرتر سەوزی فرۆش و قەساب ئەناسن تا خوێنەر!
- ❖ بەردێ نەزان بیهاوێژێتە گۆم، تا بن ناوێسێ!
- ❖ کەر چووە بەغا بە عەرەبی سەراندی .
- ❖ یاخوا پەیڤکاتۆر دەمی لە کەس نەپژێ



### خاوەنکار بجریوێنێ، کرێکار گوڵ دەر ئەکا

مەریوان. ئازاد بادڕووزە

- ❖ بە بەشداریی چەکوش و داس، پێشانگای قلێشەکانی دەس، بەرێوەچوو.
- ❖ کرێکار و برسێتی، نانیکیان پێکەوە خواردووە.
- ❖ پیرۆزبایی رۆژی کرێکار لە شەوی خاوەنکار دەکەین.
- ❖ کار کرا و کار براوۆ، کرێکار بۆ نان ئە خولاوۆ!
- ❖ حیزبی کومونیست دە لێ ها، لایە نگری حیزب دەڵێ کوا!
- ❖ کرێکارێک دەناسم، بە مۆرەی حەوتی پشتی، سێمفونیای نۆی بتهوڤێن دەژەنێ.
- ❖ نازانم بۆچی نانیان بەستووە بە پشتی کارەوە؟
- ❖ پشکی هەژار لە سەر پشتی شێرە.
- ❖ برۆی کەچ کرد، نوێژم بە هەدەر چوو
- ❖ هەشبەسەری لێم گەڕێ ، بەختەوری دەدەم بە پوشێک
- ❖ خۆشترین شوێنی ژیانم , شوێنێک بوو کە نەبو بە قەسمەتم.
- ❖ سەری دارتووی حەوشەکەمان نادۆزین، چۆلەکە تێی داوە!

### هەرزەکار، پرتەقاڵ بە ساپۆرتەوە ئەبینێ



مەریوان. لوقمان پووررۆستەمی

- ❖ ئەمەوێ کتێبێک لە ژێر ناویی( پارلمان بەقەی وەروەرە بێکارە) بنووسم.
- ❖ رێگەی سەرکەوتن لەم وڵاتەدا هێندەی هەورامان تەختە!
- ❖ شیعری هەندێ هاورێی شاعیرم بە vpnیش ناکرێتەوە
- ❖ شارستانییەت لەم شارەدا ئەڵێی یەخچاڵی فەقیرە
- ❖ ناپیاوەکان رۆژی تایبەتیان بوایە، ئەبوا لە وڵاتانی دیکەوە دیارییم قەرز بکردایە.
- ❖ کچێ وتی سێ کەس هاتوونەتە داوام لە شارەداری لاتتر بوون.
- ❖ موعتادێکم ئەوێ، دەردەکانی بێ وڵاتیم بکێشێ.
- ❖ وتی ئەو چاوانتە منی کوشتووە غەزەب،
- ❖ بە میمکی ئەڵێی خالە، وامەزانی دوگمەی "ق"ێکەی داکەوتووە و بانگ لە قالە ئەکا.
- ❖ هەنار لە دوو شوێن دەس ئەکەوێ: هەورامان و شێعرەکانی سوهەیب عەلی.
- ❖ ئەنکم وتی رۆڵە بەرایی ئەو "دەوڵەت"ـە بگرە، با تەرەکاڵەکەیش نەخۆن.
- ❖ سەددامیش بە قەی شاعیر مرۆڤی ئەنفال نەکرد.
- ❖ کاڵێ بار مەکە، باریش کەی، پیاو نییە بتگێرێتەوە
- ❖ بوومەلەرزە، تەقەکانی زرێبارە، ئەیدا لە دەرگای دەرووێش بۆ دۆعا.
- ❖ دەوڵەت بۆ ( هاو+ماڵی) زۆر ئازایە.
- ❖ خۆت هاوڕێی مەجازی و دەردەکانت هاوڕێی راستەقینەمن.
- ❖ شێعر لە ناو کوردا لە ژن ئەچێ، گشتی پێی ئەوێرێ.
- ❖ شێرکۆ ، هێندەی کتێب لەم وڵاتەدا بێکەس نەبوو.
- ❖ ورەمان هێندە ناسکە، لەم قەیرانەدا بە بایەک و سەبرێ ئەڕووخێ
- ❖ ئێمە ناتوانین جەزای تەماتە بەینۆ مەر خوا جەزای باتۆ!

## زەوی هێندە چەپەڵ بووە، ئاسمان تفیشی تێ ناکا



مەریوان. بەیان دانیکەشی

- کاندیداکان لە بن درکا دەنگ کۆ دەکەنەوە!
- هیوا ئەمساڵیش لێت بێ هیوا مام.
- هیوا خۆی کردووە بە دۆلار لێمان!
- چاوی ئەوینی لێ ئەتکێ.
- هیوا بووکە شووشەیێکە، لە منداڵیم بە جێ ماوە.
- مێرووله هیلاکی کۆڵبەریە و سولەیمانێکیش شک نابا.
- لە سەر مۆڵکی سولەیمانا، مێرووله کۆڵبەری ئەکا.
- چاوەکانت ئیسرائیلن، قۆدسی دڵیان داگیر کردووم.
- چەترێک ئەوینی حەشار دا، تاکوو باران نەخووسێنێ.
- چەتری جێژوان چاوەڕێی ماچێکی تەڕە.
- شێعرێکی تەڕ بارانی خووساند.
- خەیاڵی تۆ، جلی شەوم لەبەر ئەکا.
- گەڵایش عاشقی پائیزە، خۆی ئەکا بە فەرشی بەر پێی.
- کاتێ هاتی بۆ سەردانم،پڕ بەدڵی ئەوین وەرە.
- هەستە لە خەوێ، بزانە چیم ئەوێ، لەو دەست و پەنجەت دەنگێکم ئەوێ.
- بارانی گریان سەرتاپای تاقەتی خووساندووم.
- تاقەتم لە حەوزی چاوانتا خنکا.
- ماڵی کورد لە گۆشتی شەک حەڵاڵترە!
- حەسێبی تەڵاقی خاڵیە.
- قەڵەمەکەی پشکووت،دەفتەرەکەی پڕ بوو لە بۆنی شێعر.
- دڵتەنگی لە چاوی ژنێکەوە تکا.
- کم گوێ و گزیدە گوێ، وەکوو پەیڤکاتۆر!
- کە دڵم دۆڕاند، گرەوم لە عەشق بردەوە.
- خەمی تازەی هەژاران "شاد"ـە.
- دڵی لە گەڵ ئوتووبان ململانێ ئەکا!

## یادەکانت




روانسر. ئیبراهیم فەرەجی

یادەکانت وردە وردە ، وا خەریکە دێنەوە
دەنکە دەنکەی تاقەتم ،کەمکەم ، لە چاو ئەگلێنەوە
وێنەکانت ناگرێن لێم هان لە سینەی دیدەما
هەرچی ئەڕوانم بە سینەی شووشەکەی ئاوێنەوە
نەک بە تەنیا ناخی زاماری منە بۆت چڵ ئەدا
زامی ئێواران و بارانیشە بۆت ئەکولێنەوە
چلچراکەی ئاسمان ئەستێرەکانی یادی تۆن
بیری مانگی ڕووت لەگەڵ چواردەی شەوا ئەکرێنەوە
های لە بێ دەنگی هەموو شەوگاری ژووری بێدەنگیم
بۆچ ئەبێ من چاوەڕێی دەر بم کە لێک بدرێنەوە
گەرچی ڕۆیشتی بەڵام هەر دێنەوە بیرەوەریت
جێگە پێکانت لە دڵ بەم نم نمە ناسرێنەوە
وەک کرێوەی بێکەسی قەندیلە ئەمرۆ ئەم دڵەم
کوا شەبەنگی گەرمی ڕۆژی ڕووت کە بدرەوشێنەوە
یادەکانت وردە وردە وا خەریکە دینەوە
دەنکە دەنکەی تاقەتم کەم کەم لە چاو ئەگلێنەوە

## گرێکی بێ تاقەت

با بزانی کۆڵی کۆمی کۆڵبەرم بۆ خەم بووە
باری وا هەڵناگرێ خوا، کەی لە کۆڵ ئادەم بووە
تاقەتم تاقی مەکە تۆ بەو گرە بێ تاقەتە
کەی پەپوولە چرکەیێک سەبری لە باوەش شەم بووە
پشتی ئێواران و باران و ئەوینداریت شکاند
وا نەزانی دڵ شکانی من شکانی کەم بووە
گەر لە سای پرچت کەسێ وەک من حەساوە لێی گەڕێ
کوردی بێ ماڵ و وڵاتە و عاشقی پەرچەم بووە
گەر سنووری سینە تێپەڕ کا و پەنابەر بێ ، دەڵێم
با بچێ، کەی ئەم دڵەم ساتێک موقیم سینەم بووە
من کرێکارێکی ماندووی بەرهەتاوی نیوەڕۆم
بۆچ بەجاری سێبەرت تۆراوە سایەت کەم بووە
هەر لە سەر پێوە شکاند شووشەکەی پەیمانەکەت
کەی دەمێ سۆزت لەسەر لێوانی پەیمانەم بووە
ماڵی دڵ وێران بووە و دیوارو داری داوەری
کۆچی خورەر تەنیا خەمێکی کۆستی ئێوارەم بووە


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە




## کاریکاتۆریست و کارتونیستی مەریوانی

**مەریوان. عەباس ئەحمەدی**

تەمەن: ٣٩ ساڵ.    ئەندامی چەندین ئەنجومەن لە مەیوان، پارێزگای کوردستان و ئێراندا.
هاوکاری لەگەڵ هەفتەنامەی ئاوات، دیارکهن، سیروان، ڕۆژاان، چاکار و ڕوژنامەی شەرق و قانوون.
بەشداریکردن لە چەندین فستیڤالی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران.






















## بەن(بلاک)



دێهلۆڕان. نامدار جابری

تو کافری ک
گیسەلت ک دچنی
ڤرەژ هیچ سەمسێیێ
منه بەن کردی

تو کافری ک
ناونی ئاشقی ڤ بەن ,بەن کەری

گیسەلت ئەوکر وو
دوواره ئەژ نوو بچن
ئەشق ناونی نەیرێ
بەنه تو ده ڕیڤڕی سڕیین ئکانت مه
فره زەریفه

بەن یەنی ک تو
فرەتر عاشق بینه
بەن یەنی ک مه
ڕێ تازه ڤەر ڕەسیین ڤ تو
دچەکنم

گیسەلت دوواره بچن
ک بەن ئشکەنیه...

فەرهەنگۆک:

۱ ـ دچنی: می بافی
۲ ـ سەمسێیێ: تهدید لفظی
۳ ـ ناونی: مرز
۴ ـ ڤ: به(حرف اضافه)
۵ ـ بەن کەری: مسدود میکنی
۶ ـ ئەوکر: باز کن(فعل امر)
۷ ـ ئەژ: از (حرف اضافه)
۸ ـ بچن: بباف(فعل امر)
۹ ـ ڕیڤڕی: روبرو
۱۰ ـ مه: من
۱۱ ـ دچەکنم: باز میکنم
۱۲ ـ ئشکەنیه: شکستنی است

## شیرینی یێ زۆنێ تو

نه زۆنێ سورێ مه,
شیرینی یێ زۆنێ تو
سەرێ بڕییێ من دکێشێ
ڤ سەر بۆمت

ڤ جایێ پله
بلەتک بیار و بالۆش
تا دماتر 4شاعێر بڤەشێ
لەیلی تا بالۆش ڤاز کرد
مەرگێ مەجنون ساز کرد

فەرهەنگۆک:

۱ ـ زۆن: زبان
۲ ـ بۆمت: پشت بام تو
۳ ـ بلەتک: طناب
۴ ـ دماتر: بعدا
۵ ـ بڤەشێ: بگوید

❖ زاراوەی کورمانجی پەهلەیی

# شێعر بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان



بانە. باوکی نیشتمان

## گوڵ

خونچەم گەشو ڕووناکە
لە بۆنخۆشیدا تاکە

تا دڵ حەزکا ڕازاوەم
تامەزرۆی ئەو هەتاوەم

گڕو تینم پێ دەدات
نەخۆشینم لادەبات

خەڵکان زۆر خۆشیان دەوێم
لەکوێ بن منیش لەوێم

کاریان هەر دەکەوێ پێم
هەڵدەستنو دێن بۆ جێم

بەبوونی من دڵخۆشن
لە بۆنی من بێهۆشن!

## باخ

باخم خاوەنی بێستانم
دڵخۆشی خۆشەویستانم

کانیو ئاوێکم لەلایە
خۆشترین شوێنی دنیایە

لەبەر سەدان داری بەرم
لەبەر فێنکی سێبەرم

خەڵک سەردانم لێ دەکەن
هاوین کە بەرم پێ دەگەن

باخەوان خزمەتم دەکات
منیش بۆی ئەبم بەداهات

بەرهەمم دەچنێ لەڕێوە
دەمنێرێ بەرەو لای ئێوە!

## سەیران

خۆشە بۆ تێپەڕینی کات
ڕووبکەی لەدەشتو دێهات

هەتاو بەپرشنگی بەتین
گڕو تین ئەدا بەزەمین

ئەپشکوێ شکۆفەی سەرچڵ
بولبول ئەچریکێنێ بەدڵ

ئەقاسپێنێ کەو لەشاخان
مەل ئەجریوێنێ لەباخان

بەهارەو دەشتو نزاران
پرە لەگوڵو گوڵزاران

سەیرانی ئەو شاخو کێوە
خۆشی دێنێ هەر لەڕێوە!

## بەهار

بەهار هاتەوە، بەهار هاتەوە
دڵخۆشی دێنێ بەداهاتەوە

لە دێهاتو شار خەڵکی بەیەکجار
ڕزگارن لەدەس سەخڵەتو ئازار

سەوز پۆش ئەبێ سروشت بەگشتی
خەڵکانیش ئەچنە سەیرانو گەشتی

ئەڕۆن بۆ دەشتو نزارو شاخان
ئەڕۆن بۆ مەزرا بێستانو باخان

هەڵدەمژن شنەی شەماڵی خۆشی
چارەسەری چی خەمو پەرۆشی

شاگەشکەو شادن بەزێدو وڵات
تێدەکۆشن تا دەگەن بەئاوات!

## هاوین

هاوین وەرزی داهاتە
وەختی کاری دێهاتە

کاتی گەرمای هەتاوە
ئاوی ساردی کانیاوە

ئەچنرێن بەری داران
بەرێ ئەکرێن بۆ شاران

خەڵک لەمەزراو باخن
مەرو مالآت لەشاخن

گەورەو بچووک خەریکن
لە تەمبەڵی تەریکن

بۆ دەسکەنەو دروێنە
ئەچن بۆ هەرچی شوێنە!

## ژینگە

چەن سەیری ژینگە خۆشە
چارەسەری نەخۆشە
دەنگی مەلی سەرچڵە
ئۆخژنی هەرچی دڵە
سەوزایی خەمڕەوێنە
دیارە لەهەرچی شوێنە
دیمەنی دەشتو نزار
چیمانی چارەگوڵزار
نزمو بڵندو بەرزی
جۆربەجۆرو سەدتەرزی
کەوانی کێوەکانی
کانیاوو ئاوەدانی
کوێستانو شاخەکانی
بێستانو باخەکانی
بەو گژو گیای سروشتی
شێوەی وەکوو بەهەشتی
جروجانەوەرانی
هەرچی گیانلەبەرانی
هەمووسەرنج ڕاکێشن
سەرنجم ڕادەکێشن!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## پێشنیار



بۆکان.مەولوود خوانچەزەرد
(ڕاپەڕین کوردستانی)

ئەی کیژانی بەرەی ئێستا
نەکا ئەمڕۆ لە پێناو زێڕەکانتاندا
کتێبەکان بسووتێنن!!!
ئەگەر وا بێت باش بزانن ئەوا ڕۆژێک بەسەر دادێت
لە خۆڵەمێش کتێبەکان، بەسەرهاتتان دەنووسنەوە و دەبنە
کتێب
ئەمجارەیان لە پێناو ئەم کتێبانە
زێڕەکانتان دەفرۆشنەوە... .

## ئاوات

ئەوا ڕۆژێک قەراخ ڕۆبار
وردە گیایەک وتی بە دار:
خۆزگەم بە خۆت سەرت بەرزە
بەڵام دار ئاخی هەڵکێشا و
لق و پۆپی خەمینی خۆی لە ئامێز نا و وتی گیانە وا مەزانە
لەو کاتەوە سەرم بەرزە
هەموو ئاوات و ئامانجمیان کردە کڕنۆشی ئەم ئەرزە...

## ڕووداو

شەو و ڕۆژ نییە شەپۆل ئەوا
بە هاشەی نارەزایی خۆی دڵی زەریا نەلەرزێنێ و
خەو لە چاوی گەشی زەریا نەتارێنێ
لەو کاتەوە زانیویتی کەوا زەریا
بە دزیەوە ئیزنی داوە بە ڕاوکەران
ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بهێننە دی بۆ ماسییەکان

## بۆ کۆبانێ

ئەی کۆبانێ!
ئەی وردەی بەرزی مرۆڤایەتی!
ئەی ڕەمزی بەرخۆدانی جیهانی ئازاد!
زۆر لە مێژبوو دەیانهەویست مێژووی بەرزت لە ناو بەرن
ناسنامەکەت بسڕنەوە
زمانەکەت بتوێننەوە
بەڵام ئیتر نەیانتوانی،
نەیانزانی زۆر لەمێژە
بە شانازی،
ڕاوستاوی لە سەر لووتکەی بەرزی مێژووت
نەیانزانی سەرانسەری وڵاتەکەت
داچاندووە بە ناسنامەت
تا لە بەهاری ڕزگاری
ئاوەدانی و ئاشتی بڕوێت
تێنەگەیشتن زمانەکەت
بۆتە هاواری ئازادی
بۆ ڕزگاری هەموو خەڵکان لە ناو جیهان

## دوو شێعر بۆ منداڵان



هەولێر. ڕۆستەم خامۆش

## خەندەی جەژن

سپێدەیە و نەما شەو
منداڵان هەستان لە خەو
چاویان گەش و دەروون پاک
جلیان تازە و دڵ ڕووناک
هەموو شاد و بە جۆشن
ناخ سپی، کە ڕووخۆشن
پێکرا گۆرانی دەچڕن
شادی دەروون دەردەبڕن
دەڵێن: ئەمڕۆ جەژنیە
کاتی خۆشی و خەندەیە
نوقڵانەی جەژن دەخۆین
بۆ شاری یاری دەڕۆین

## جەژن و ئاهەنگ

ئەمڕۆ جەژن و ئاهـەنگە
ژیان جوان و قەشەنگە
من دڵخۆش و ئاسوودەم
هەمیشە لێو بە خەندەم
دەچمە یاری و دیلانێ
لە باخچەی پڕ جۆلانێ
لەوێ دەڵێم خۆشحاڵم
لەگەڵ هـاوڕێ و هەڤاڵم
یاری دەکەین بە شادی
دەڵێین بژی ئازادی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# شنـــه

بانە ـ ک.د.ئازاد

ئاخر ڕۆژی قوتابخانە بوو! هەڵبەت بۆ پشووی نەورۆز!لە پۆلی سێهەمی ناوەندی کچان وانەی دەروون ناسیم دەگوت. دەرسەکە شیرین بوو و ٢٥ کچی پۆلەکە متەقیان لێوە نەدەهات و گوێیان دابوو بە دەرسەکە!

لە دەرگایان دا!

ـ فەرموو!

دەرگا بە عاستەم کرایەوە و خانمی ڕەسووڵی بەرپرسی قوتابخانە ئیشارەی کرد تا بچمە دەرەوە!

ـ فەرموو؟ ئیشێکت هەیە؟

ـ ببوورە ئاغای سالاری کچێک لە بەر دەرگای دەرەوەیە و کاری بە ئێوەیە!

ـ باشە نەدەکرا کاتی پشوو بانگم کەی؟ ئێستا خەریکی دەرسم!

ـ منیش وام گوت بەڵام ئەو کچە زۆر پێداگری کرد! دەرەوەش زۆر ساردە! زۆر هەوڵم دا نەهاتە ژوور!

چووم بۆ بەر دەرگا. کچەکە پشتی لە من بوو! جانتایەکی بە شانەوە بوو! کە گەیشتمە لای کۆکەیەکم کرد!

کچەکە وەرگەڕاوە لای من!

بۆ ماوەی چەند چرکە وەک کەسێک کە کارەبا بی گرێ، وشک بووم!

«ئازیز»!

« نا ناتوانێ خۆی بێ! ئازیز ٢٢ ساڵ لەمەو بەر لەم تەمەنە دابوو »!

ئازیز ٢٢ ساڵ لەمەوبەر بۆ ماوەی دوو ساڵ هاوسەرم بوو! یەکەم یەکترمان خۆش دەویست! بەڵام پاشان کەمنداڵمان نەبوو، لەبەرگوشاری خزم وکەس، ناچارتەڵاقم دا!

ئەویش گەڕاوە بۆ شارەکەیخۆی ورمێ! ئیتر لێی بێ خەبەر بووم! بە شوێن ئەو دا دوو ژنی ترم هێنا و لە هیچیان منداڵم نەبوو!دوکتۆرەکان دەیانگوت شتێکی نائاسایی یە! لە عیلمی پزیشکی ئەمڕۆ دا، تۆ توانایی منداڵبوونت هەیە! دەبێ چاوەڕوانی پەرجۆیەک بی!دوای سێ ژنان، وازم هێنا! ئێستا ڕەبەن و تەنیا دەژیام، بیری ژن هێنانم وەلانابوو!

ئێستا پاش نزیکەی ٢٠ ساڵان کچێک کە دەم و چاوی وەک ئازیز بوو بەرانبەرم وێستابوو!

ـ ئاغای سالاری؟

ـ بەڵێ...بەڵێ خۆمم! فەرموو!

ـ من ....

ـ تۆ کارت بە من بوو؟

ـ من کارم بە باوکم بوو!

ـ باوکت؟

ـ بەڵێ! ئاغای سالاری! ئەمینی سالاری!

ـ ئەمینی سالاری منم! بەڵام من کچم نیە!

ـ من کچی ئازیزم! کچی تۆ و ئازیز!

ـ کچی باش! پێم خۆش نیە گاڵتەم پێ بکەی! ڕوخسارت وەک ئازیز دەچێ! ڕاستە! بەڵام کچی من نی!

ـ دایکم دەیگوت باوەڕناکەی! تا ئەمساڵیش هەر بە منی دەگوت باوکت نەماوە!

ـ ئاخر ...

ـ ئاخر دەیانگوت تۆ منداڵت نابێ! دایکم پێی گوتم! بەڵام دوو مانگ دوای جیابوونەوەتان، دایکم هەستی بە بوونی من کرد! دوکتۆرەکان پێیان گوت کە منداڵی دەبێ بەڵام ئاسایی نیە و پاش ١١ مانگان جا من هاتمە دونیا! ئەویش چون تەڵاقی وەرگرتبوو، ئەو ڕازەی بە تۆ نەگوت و ئەو چەند ساڵە لەسەر من دانیشت و ...

ـ ئاغای سالاری؟

بەر پرسی قوتابخانەکە بوو!
ـ ئەوە هاتم! کچی باش نازانم بڵێم چی! تۆ وەرە دەفتەری قوتابخانە خۆت گەرم وەکە تا دوایی!
ئیتر بە جێم هێشت و لە کاتێکا وڕ وکاس بووم چوومەوە بۆ پۆل!
کچەکان تێکڕا لەبەرم هەستان! هێندە پەشۆکاو بووم کە زۆربەی کچەکان هاواریان کرد :
ـ ئاغای سالاری چ قەوماوە؟ چ ڕووی داوە؟
کچەکان کە بە دزیەوە دیبوویان من لەبەر دەرگا دەگەڵ ئەو کچە قسە دەکەم، پرسیاریان کرد :
ـ ئەو کچە کێ بوو؟
ـ کەس! با دەرسەکەمان درێژە پێ بدەین! بەڵام هەموو دەیان زانی هێز و تینێکم بۆ درێژە پێدانی دەرس نەماوە!
باش بوو زەنگی پشووی قوتابخانە فریام کەوت!
**
لە نووسینگەی ( دەفتەر) قوتابخانە هەموو پرسیاری ناو چاوانی مودیر و هاوکارانم بێ وەڵام هێشتەوە و بە پەلە هاتمە دەرێ، تا خۆم دەرباز کەم!
ماشێنەکەم هەڵکرد و بە تەمابووم بڕۆم، کە کچەکە لەو بەر شەقامەوە پەڕیەوە و هاتە لای ماشێنەکە!
ناچار ئیشارەم کرد سوار بێ! کچەکە زۆری سەرمابوو! هەر هاتە ناو ماشێنەکە و پاڵتۆکەی توند لەخۆی وەرگرت و منیش کوورەی ماشێنەکەم هەڵکرد تا تۆزێک وەبووژێ! هەر وا کە بەرو ماڵ دەڕۆیشتم، لە مێشکم دا هەزار پرسیار بوو کە نەم دەوێرا لەو کچە چاو ڕەش و ڕەزا شیرنەی پرسم!
ئەویش بە گەرمای ناو ماشێنەکە بووژابۆوە و هیچ قسەی نەدەکرد! وەک کەسێک دەچوو کە پاش ماوەیەکی زۆر گەیشتبێتە شوێنێکی ئارام و جێی متمانە!
گەیشتمە بەر دەرگای ماڵ و نەم دەزانی چ بکەم! شارەکەمان چکۆلە بوو و چەند کەس لە دەرو دراوسێ لە ئێمەیان دەڕوانی!
هاتمە خوار و دەرگای ماشێن ڕەوەکەم کردەوە و ماشێنەکەم بردە ژوور!
هەر دووک چووینە ژوور! بێ دەنگ وەشوێنم دەکەوت! لە ژوورەوە من چوومە مەتبەخ تا خەریکی ساز کردنی شتێک بم! بە شوێنم داهات و وتی:
ـ ئیجازەم پێ بدە با من کارەکان بکەم! ئێوە دانیشن ئیستراحەت بکەن!
ناچار من لە هاڵەکە سەرگەرمی تەلەویزیۆن بووم و ئەویش لە چیشتخانەکە سەرگەرمی کار و بار بووا وەک کەسێک کە ساڵەهایە ئاشنا بەم ماڵ و مەکانەیە!
پاش نیو ساعەت سفرەی ڕازاندەوە و هەر بەو شتانەی لە یەخچاڵ و چیشتخانەکە دابوو، خواردنێکی خۆشی ساز کردبووا!
هەر دوو لە بێدەنگی دا نانمان خوارد! ویستم کەل و پەلەکان کۆکەمەوە، کە دیسان وتی:
ـ نا تکایە تۆ ماندووی! بڕو ئیستراحەت بکە!
لە کاتی چا خواردنەوە هات و ڕوو بەڕووم لە سەر مۆبلێک دانیشت و زەق زەق ڕوانیە ناو چاوانم!
ـ چیە بۆ وا لێم دەڕوانی؟
ـ دەمێکە بە ئاوات بووم باوکی خۆم ببینم! ئێستاش باوەڕناکەم!
نەم دەزانی چ بڵێم! خۆی هاتە هانام!
ـ دەزانم بۆ تۆش سەختە باوەڕ بکەی! بەڵام...
ـ دایکت لە کوێ یە؟
چاوە پڕ نەشەکانی پڕ بوون لە خەم! لە پرسیارەکەم پەشیمان بوومەوە!
ـ دایکم پارەکە مردا
فرمێسکێک ڕێی لە چاوەکانی دا ون کردبوو! سەری داخست تا من نەیبینم!
ـ ئەی بۆ تا ئێستا دەنگی نەکردووە؟

ـ کاتێک ئەوت تەڵاق دا بڕیاری دا شوو بکاتەوە! بەڵام کە دوکتۆرەکان پێیان وت سکی هەیە، ویستی پێت بڵێ! بەڵام کاتێ بیستی تۆ ژنت هێناوەتەوە، نەی ویست ژیانت لێ تێک دا! ئەمانە دایکم پارەکە کاتێک ئیتر تەمای بە ژیان نەمابوو، لە جێگا دا پێی وتم!
ـ تۆ ناوت چیە؟!
ـ شنە!
ـ نازانم بڵێم چی؟ تۆ دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ هاتووی و من ...چۆن ...
ـ پێم خۆش نیە ژیانت لێ تێک دەم! بەڵام من سێ ڕۆژە لەم شارە دام و کە پرسیارم کرد بە تەنیا دەژی و لە کوێ وانە دەڵێی و چ دەکەی خۆم ئاشکرا کرد! بم زانیبا ژنت هەیە، نەدەهاتم!
ـ باشە کەس و کاری دایکت، خاڵ و خزمەکان دەزانن؟ دەزانن تۆ کچی منی؟
ـ هەموویان دەزانن! هەر من تا پێش مردنی دایکم وام دەزانی باوکم نەماوە! ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە تۆم هەی!
ـ وەڵڵا چ بڵێم؟
ـ من میوانی تۆم! تا هەرچەند ڕۆژ خۆت پێت خۆش بێ! ئێستا لە پشووی نەورۆز دام! ئەگینا دەبێ بڕۆمەوە زانکۆ!
ـ چ دەخوێنی!
ـ دەروون ناسی!
ـ سەیرە!
ـ چی سەیرە؟
ـ ئاخر منیش کاتی خۆی هەر ئەو ڕشتەم هەڵبژاردوە!
بزەیەکی شیرینی هاتێ!
ـ هەر ئەوە نیشان دەدا کە من بە ڕاستی کچی تۆم!
بە دڵ پێم خۆش بوو وەک کچی خۆم لە باوەشی گرم! ماچی کەم! دەستی بگرم! بەڵام تەنانەت من ئەوەندە پەشۆکاو بووم بە خێرهاتنیشم نەکردبوو! ئەویش ئەوەندە تامەزرۆی دیتنی منی بوو کە هیچ ئەوانەی وەبەر دڵ نەدەکەوت و بە سەر خۆی نەدە هێنا!
دوای نیوە ڕو تۆزێک خەوتم! شنەش خەریکی پاک کردنەوەی ماڵ بوو! کاتێ هەستام، چایی سازبوو! دوای چا خواردنەوە بە شنەم وت : من دەم هەوێ بچمە دەرێ کەمێک کارم هەیە! ئەویش کاغەزێکی نووسراوی بۆ ڕاداشتم و وتی: باشە کە هاتیە وە ئەم شتانەی بۆم نووسیوی، بیان هێنە!
**
ئێوارە کە هاتمەوە، ماڵ دەت وت خوێنی ژیانی تێدا گەڕاوە! پاک و خاوێن! شتەکانم دا بە شنە و ئەویش کەوتە لێنانی خواردنی شێو!
سفرەی ئەو شەوە بە ڕاستی ڕازاوە بوو! شنە کابانێکی شایانی تاریف و ڕێز بوو!
تا کاتی خەوتن بێدەنگ بووین و هەردووک تەماشای تەلەویزیۆنمان دەکرد! کە زانی من خەوم دێ، پرسی :
ـ لە کوێ دەخەوی؟
ـ من لەو دیوە دەخەوم و تۆش لەو دیوە بخەوە! نوێن و بانیش چت پێویستە لەو دیوەن! ئاگات لە خۆ بێ سەرمات نەبێ!
**
لە لایەکەوە زۆر خۆشحاڵ بووم کە منیش کچێکم هەیە! عاقڵ و تێگەیشتوو! لە لایەکی تریشەوە چی جوابی خزم و کەس و کار و دەر و دراوسێ وەدەم کە کوت و پڕ دوای ٢٠ ساڵان بوومە خاوەنی کچێکی گەورە و ...!
نەم دەزانی چ بکەم؟
ئەوشەوە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت! هەزار فکرم بە مێشک داهات و دڵم هەزار جۆر غایلەی کرد!
**
بەیانی درەنگ خەبەرم بۆوە! « ئای لەو خەونە »!
کە هەستام، هەستم بە ژیان و هەست و جووڵە دەماڵ دا کرد! زانیم ئەوەی دوێنێ و دوێشەو دیومە، خەون نەبوە!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

شنە چاوەڕوانی هەستانی من بوو! چایی و ناشتای ئامادە کردبوو! دەم و چاوم شت و لەسەر سفرە دانیشتم! شنە بە دەستە جوانەکانی چایی لە بەر دەمم دانا و شتەکانی لێ نزیک کردمەوە!
هەستم بە بەختیاریەکی زۆر دەکردا « قیر و سیا! خەڵک و کەس و کار چ دەڵێن با بڵێن!خوا ئەم کچەی پێداوم!»
هێشتا لە خواردن تەواو نەببووم کە لە زەنگی دەرگایان دا!
ـ دەبێ کێ بێ بەم بەیانیە؟
شنە ویستی دەرگا وەکا، نەم هێشت! بۆ خۆم چووم دەرگام کردەوە! خوشکم بوو! دەگەڵ کچێکی کە لە پۆلی پێنج دا دەی خوێند!
ـ سلاو دادە! چۆنی؟
ـ من باشم تۆ چۆنی؟ چیە دەڵێی خۆت ساز نەکردوە؟
ـ بۆ کوێ؟
ـ پەح! قەرار نەبوو بچین بۆ سەردانی کاک عەلی! مەگەر پێرێ شەو قەرار مان دانەنا، چوون کاوەی کوڕی لە سەربازی هاتۆتەوە بە یەکەوە بچین بۆ بۆکان!
ـ پەکوو! هەر لە بیریشم نەمابوو!
ـ دەی لاچۆ تا تۆ خۆت ئامادە دەکەی، بێینە ژووری!
ناچار لاچووم تا هاتنە ژوورا « خوایە ئێستا بڵێم چی؟»
خوشکم هەر وا یەک ڕیز قسەی دەکرد تا وەژوور کەوت! هەر کە چاوی بە شنە کەوت! تف لە دەمیا وشک بوو! قسە ی بۆ نەکرا! وەرگەڕاوە و بە چاو لێی پرسیم ئەوە کێیە؟
منیش پێکەنیم و وتم : دادە گیان غەیرە نیە! ئەوە کچمە!
ـ کچ؟!
ـ ناوی شنەیە و کچی منە!
ـ ئەوە مابوو؟! تۆ کچت لە کوێ بوو؟
ـ داستانەکەی دوور و درێژە! جارێ بە خێرهاتنی بکە!
خوشکم بە سەر سووڕمانەوە،ناچار بۆ لای شنە چوو! شنە دەستی خوشکمی ماچ کرد و دادیشم ناوچاوانی ماچ کرد!
دانیشتین! تا من لە نووکەوە هەموو شتێکم بۆ دادم گێڕاوە، شنەش چایی بۆ هێنابن و دەگەڵ سنوور، کچی خوشکم، پێدەکەنین و دەهاتن و دەچوون!
**
ـ باوەگەورە! باوە گەورە گیان! دایکم ئەوبووکەڵە جوانەی بۆ کڕیوم!
ـ ئازیز گیان زۆر جوانە! دەستی دایکت خۆش بێ!
شنە و مێردەکەی دەگەنە جێ! من لە سەر سەکۆی حەوشەکەم، لە بن سێبەری دار گێلاسەکە دانیشتووم! هەر دووک دێن و دەستم ماچ دەکەن و منیش لاچاویان ماچ دەکەم!
ـ بە خێر بێن! زۆرتان بۆ بێ تاقت بووم!
ـ ئێمەش زۆر وەڕەزیمان کردبووی بابە گیان! ئازیز هەر مەپرسە چی دەکرد؟!
بڕۆنە ژوور ئەوا منیش دێم!
تا ئەوان بەرەو دیوی دانیشتن وەڕێ کەوتن! من و نەوە خۆشەویستەکەم،ئازیز، کەوتینە کایە کردن!
لەوکاتە وە شنە هاتۆتە ناو ژیانم، خۆشی بۆ ماوەی ڕۆژێکیش ڕێگای ماڵی ون نەکردووم!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## کامژین: ژیانی شاعیری و کۆچی ناوەختی

بانه. ئاودێر

زۆر جار بەرەو ڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە و داوای ڕوونکاریمان لێ دەکات ئەرێ ژیانی شاعیر هەمان ژیانی ئاسایی مرۆڤەکان ؟ یان ئەوەتا خەیاڵ و خولیا و هەست و نەستی دنیای بەرینی ژیانی جیاواز دەکات؟ زۆر بابەت و پرسیاری دیکە کە ڕوونکردنەوەیان بابەتەکە پاراوتر و خۆشتامتر دەکات، بە بڕوای من ژیانی شاعیر خاوەنی دوو دنیای جیاوازە کە بەشێکی هەمان ژیانی ئاساییە وەک هەموو مرۆڤەکان حەز بە سامان، خاوەن داریەت، هەڵبژاردن ودەستەبەر کردنی مافی چارەنووس،سەیران و ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆیی و بنەماڵەکەیەتی...کە ئەم بەشە وەک ئەرکێکی ژیان بۆ ژین و مانی کاتی چاوی لێدەکرێت. لە لایەکی دیکەوە جیاواز بوونی ئەندێشە، هەست و نەست، بیر و بۆچوونی لە ئاست درووست کردنی دنیایەکی تازە و فانتزیا ئاستی ژیانی جیادەکاتەوە لە ژیانێکی ئاسایی کە دوور لە دەستی زۆریەک لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگایە. ئەم چەمکە لە ژیانی شاعیر جیاواز لە دەربڕینی کڵوکۆی دەروون و هونەری خووڵقاندن کە چێژێکی تایبەت بە شاعیر دەبەخشێ دەکرێ وەک بەڕێوە بردن و بەئامانج گەیاندنی ئەرکی نەتەوایەتی چاوی لێبکەین و دەست بخەینە سەر ئەو تازە کاریانە و داهێنانە کە تا ئێستا لە ئەدبی نە تەوەکەماندا یان هەبوونی نەبوە یان لە پەتانسێلا کرماوەتەوە.

ئیسماعیل کەریمی ناسراو بە کامژین (لە دایک بووی ١٣٥٠/٧/١وەفات ١٤٠٠/٢/١١)ی کۆچی هەتاوی کە بۆ هەمیشە بە جێی هێشتین و ماڵ ئاوایی لە شێعر و دنیای شاعیری کرد یەکێک بوو لەو هۆنەرانەی کە دنیایەکی تایبەت بەخۆی پێک هێنا بوو، ژیانی چەوساوەیی و ساکاری کاریگەر بوو لە سەر هەست و نووسراوەکانی تەنانەت شێعر خوێندنەوەکەشی جیاواز بوو کاتێک شێعری دەخوێندەوە هیتلێری دەنگەکان بوو هاواری چینێکی چەوساوە و دنگی هەموو ئەو کەسانە بوو کە زوڵم و بێدادی تەنگی پێ هەڵچنی بوون و تەنانەت لە مافی سەرەکی ژیانێکی ئاسایی بێ بەهرە بوون لە دنیایەکی پڕ لە مرۆڤ و دەنگ و ڕەنگ دا هەمیشە خۆی بە تەنیا دەبینی و ئەو بیرکردنەوەش لە شێعرەکانی دا ڕەنگ و دەنگی تایبەتی هەبوو

**ئەوەی لەم کۆڵانە**
**ئەمێنێتەوە**
**تەنیایی منە ناتوێتەوە**

دیارە تەنیایی تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەر بووە لە سەری و هیوای دەرباز بوونی نەماوە بۆیە لە ئیستعارەی وێچوون کەڵکی وەرگرتووە و پێیوایە مۆتەکەی تەنیایی دەستی لە سەر هەڵناگرێت، ژیانی تەنیایی و دابڕان لە هاوژین و لە وەفا و بەڵێنەکان ڕۆحی شێعر و هەستی نووسینی پێ خستۆتە سەرشان و بە کۆڵانە کانی غەریبی دا ئازاد ئازاد دەخولایەوە وهەستی بەوەش کردبوو ڕۆژێک قووربانی ئەو سەر لێشێواویە دەبێ و بۆ هەمیشە باوەڕکەی ئەگاتە ئامانج و پێی وایە بووسرووشتی خاک بەشێکە لەو تاوانە

**سرووشتی ئەم خاکە وایە**
**سێدارەی غەریبی و**
**مەرگم سەوز ئەکات**

لە گەڵ هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە بەرۆکی پێگرتبوو بەو حاڵەش خۆشەویستی گەل و خاکی ڕۆژ لە دووای ڕۆژ لە دڵدا سەوزتر و تازەتر دەبۆوە و ئامادە بوو خۆی فیدای خاک وگەلەکەی بکات، بێزاری خۆی لە خاک فرۆشان دەردەبڕی و بەر تانە و توانجی ئەدان ئەتوانین بڵێن کامژین شاعیرێکی پێداگرە لە سەر خاک و گەلەکەی

**نای فرۆشم**
**چاو چنۆک نیم**

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

**خاک پاراوگەی منە...**

لەم شێعردا [کە درێژەی هەیە] ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێ کە کامژێن شاعیرێکی گەل خۆشەویست و نیشتمان پەروەرە بە ئاگایەوە چۆتە ناو دنیای نووسینەوە.

ژیانی شاعیری ئەمر ژیانێکی مقاوم و بەرنگارانە بوو ئەو لە دوو بەرەی جەنگا سەنگەری گرتبوو یەکم لە گەڵ ژیانێکی غەریبانە و تەنیایی دووهەم لە گەڵ زووڵم و بێدادی کە خۆی و گەلەکەی لەو بەستێنەدا دەبینی کۆی شێعرەکانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێن کە هەژاری هیچکات نەی توانیوە هەستی نەتەوایەتی بە چۆکدا بێنێت و ڕۆژ لە دووای ڕۆژ هەستی بە بەرپرسیاریەتکردوە

**ئەی نیشتمان**

**چەند ساڵە چلەی جستانی**

**ئەم کۆڵانەت**

**لە سەرما ئەکێشمەوە...**

زۆر جاریش ئاوڕی لە ترپەکانی دڵی داوەتەوە وعاشقانە شێعری هۆنیوەتەوەخەیاڵی ئاوێتەی هەورەکان دەکا و بۆ ئەوینەکی بێ وەچان دەبارێ جاری واشە هەڵوێست لەو عەشقەی تێیکەوتەوەدەگرێ و ڕاشکاوانە ئەنووسێ:

**نە بارانم**

**لە هەورەکان برژێمەخوار**

**نە بەفرم بە سۆزی شەماڵ بتوێمەوە...**

دیارە کە ئازاری عەشق و ئەوینیشی چێشتووە بۆیە ئەم شێعرەی بۆنی گەیی لێدێ.

زۆر کاتیش بۆ گەیشتن بە عەشق و خۆشەویستەکەی زەمان و کاتی بۆ گرینگ نەبوە و چاوەڕوان دەمێنێتەوە تەنانەت گەر دوو ڕەنگی سپیشی بە سەردا تێ پەڕێ

**لە سپیدەی بەیانەوە**

**تا سپی بوون**

**سپی بوونی ڕیشم دەڵێم**

**تا کفنی سپی**

**ئینتزارت ئەنۆشم...**

ئەو جۆرە چاوەڕوانیە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئەو شێوە ئەوینە ڕاستەقینە و ئەبەدییە

ئەو دوو دنیایەی کە کامژین تێدا دەژیا جیاواز بوون هیچ کات تەواوکەری یەک نەبوون یەکیان شەڕی پێ دەفرۆشت ئەوی تر ژیانی پێدەبەخشی شێعر بەشێک بوو لەو جیهانەی خۆی دروستی کردە بوو ئەشیزانی چۆن لە گەڵیاڕابێت چۆن بۆی بژی، حەقیقەت و مەنتق دوو تەوەری سەرەکی شێعرەکانیەتی بۆیە زۆر یەک لە شێعرەکانی بە دەرەجەی ئیدەئال گەشتوون

زات و جەوهەر و ئیستعارە لە شێعرکانی دا بە جوانی بەر چاو دەکەون هەرکات بە پێویستی زانیبێت فلاشبکەی لێداوە وجوانیەکانی ڕابردووی دنیای شێعری بۆ حاڵ گواستۆتەوە، لە زۆریەک لە شێعرە کۆمەڵایەتیەکانیدا جەهشی زەمانی لێئەدا و دنیای حاڵ بە جێ دێڵێ و ئاوات و مافەکانی لە داهاتووی نزیک دا بە ئامانج دەگەیێنێ.

**لە قەندیلی ئەم کۆڵانەوە**

**باڵ لێ ئەدەم**

**بۆ باواشی گەرمی پڕ لە**

**سەمای خێڵی هەنار...**

**"ڕووحی شاد و یادی هەرمان"**



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە